شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە

بانگی ئازادی و گرووی یەکسانی یە

«هێمن»

# شیوەنی ئینسانی

بۆ شەهیدانی هەڵەبجە

کۆکردنەوەی: «تەنیا»



هەواڵنامەی کتێب

# ناوەڕۆک


پێشەکی ........................ ١
پێشەکی و شێعر ........ شێرکۆبێکەس ....... ٦
بەهاری کوردی ......... ماموٚستا حەقیقی ...... ١٢
نەتەوەی پیرەمەگروون ........ پەنگر ........ ١٧
بۆهەڵەبجە ........ قازی ئەحمەد ........ ١٩
شیوەنێ بۆهەڵەبجە ........ ی . وەرزێر ........ ٢٠
گوڵی ئاخ ........ مەلاعومەرسالیحی (ساحیب ٢٩
........ ح . رەشیدی زەرزا ..... ٣٣
سەروساوا ........ رێبوار ........ ٣٤
هەڵەبجە ........ شەریف ........ ٣٦
هەڵەبجەیەکەم هات ودووەم هاتن ... جەوهەرکرمانج ....... ٤١
نیشتمان ........ سەلاح عەرەبی ....... ٥١
هەڤاڵەکان ........ ح مەلەکشاهی ........ ٥٣
........ رێژەن کرماشانی ..... ٥٥
........ تۆفیق ئیبراهیمی ..... ٥٧
مەرزەوان ........ رەسووڵ رەش ئەحمەدی ... ٥٨
ئەی دێواتە ........ رەفیق سابیر ........ ٦٣
چەکی کیمیاوی نامان ترسێنی .... توانا ........ ٦٤
هەڵەبجە ........ د . عیزەدین ..... ٦٩
شاری چاوکالان ........ شێخ محەمەدبالەك ..... ٧٠

سروودی هەڵەبجە .......... ی . وەرزێر ..... ٧٣
پەیام .......... ك . د ئازاد .......... ٧٧
شاری شەهیدان .......... . نەجیبە ئەحمەد ....... ٧٩
بۆهەڵەبجەی شەهید .......... جەنگۆ .......... ٩٠
پرۆسیسی ئەوینێکی کۆن ... تامۆی، حاجی کەریم.... ٩٣
هەڵەبجە .......... جەوهەرکرمانج...... ١٠٢
من هەڵەبجەم .......... عەزیز کەیخوسرەوی.. ١٠٣
سکالا .......... رەحیم لوقمانی ..... ١٠٩
هەڵەبجەش بەرتەوری تاوان ئەدەن ..ح . بەفرین ....... ١١٧
دوانزی مۆری ملوانکەیەك ....... ب . بلاد ......... ١٣٥
پرسەوساڵ گەردی هەڵەبجە.......مامەی ریش سپی .... ١٥٨
شیوەنێك بۆشەهیدانی شاری هەڵەبجە.....توانا .... ١٦٥
دەنگ وباس ..........جەوهەرهاریکی .... ١٧٠
هەڵەبجەی شەهید..........ئەحمەد دەشتی ...... ١٧٣
ژیلەمۆی هەڵچووی مەرگ.........مینە .......... ١٨١
دەرفەتی نووسین نەماوە.......... ١٩٠
بۆهەڵەبجە .......... جەمیل ئاسۆ........ ١٩٤
هێرۆشیما " من خوشکی تۆم .......... ١٥٥
بۆهەڵەبجە ..........سولەیمان کاوە...... ١٩٥
شیوەنێك بسۆچەمەخوێنی شارا ...سەربەست.......... ٢٠٠
لەخۆدانێك ..........مووساگەرمیانی ...... ٢٠٤
سۆگای هەڵەبجە ..........عەبدولخالق نەقیب... ٢١١
بۆهەڵەبجەی رەشپۆش ..........باوکی تارا ....... ٢١٥
کورتەی هەواڵەکان .......... رەزاحەمە فەرەج ..... ٢٢١
شارە زوورهەربەرزە..........حەمەشەریف ......... ٢٢٤

شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە
بانگی ئازادی و گڕووی یەکسانی یە

«هێمن»

# شیوەنی ئینسانی

بۆ شەهیدانی هەڵەبجە

کۆکردنەوەی: «تەنیا»

مۆری تاوان ............ ق . م ........... ٢٢٦
باوانەکەم ........... عومەرفاررووقی ...... ٢٣٧
هەڵەبجە ............ ئەبووبەکر.خۆشناو ........ ٢٤٢
سترانەك بۆ هەڵەبجە ......... م . مایی ....... ٢٥١
بۆهەڵەبجەی شەهید ......... عەبدوللا تاهیر ..... ٢٥٩
بۆکابرای شیت ............ باوکی ش ....... ٢٦٧
مانگی ئازار ............ مارف ئاغایی ...... ٢٧١
تابلۆیەك دەڕژیدا .......... پەرویزجیهانی ..... ٢٧٤
...................... مامۆستامشەختی ..... ٢٧٨
...................... سەیدچەلال نزامی .... ٢٨٤
شیناحەڵەبجە ............ عیسمەتدلڕەش ..... ٢٨٦
بۆهەڵەبجە ............ پەرویزجیهانی ..... ٢٨٧

---

تێبینی : شێعرەکانی ئەو کتێبە لە رووی نێوەرۆکەوە پـــاش و پێشیان پێ نە کراوە .

---

# پێشەکی

هەڵەبجە کارەساتێکی دڵتەزێن و ڕووداوێکی خەم هێنەری مێژووە. چ کوردێك هەیێ بە بیستنی هەواڵی هەڵەبجە خۆی وێك نەهێنابێ، ئێسو چاوانی تێك نەچرژاسێ دڵی هەڵنەقرچا بێ و بە تاو فرمێسکی هەڵنەوەراندبێ. هەر چەند دەنکوت ئەو مردووە لە ماڵە هەتیوان مردووە و لە چوار چێوەی کولیت و کۆختەی خۆی بە دەر کەم کەس گنجی بۆوە نێوچاوان هێنا و ئاخێکی پڕ لە تاسەی بۆ هەڵکێشا. بەلام دڵنیام ئەگەر کەل و هۆزێکی پاڵپشت زێڕین و چاو و برۆ ڕەش ئەو کارە ساتەی بە سەر هاتبا بە دەیان زمان لاوك و حەیران و بەند و باویان بۆ هەڵدەبەست و بە سەدان ڕۆژ شین و گابۆڕیان بۆ دەگێڕا و بە هەزاران نێو کۆڕ و کۆمەڵیان بۆ دەبەست. سەد مخابن کەم کەس گەلی کورد بە هێند دەگرێ و هەر کەس دەستی بە کلاوی خۆی گرتووە با نەیبا و کەس خۆی لە جێی خوڕێن نادا. دوژمنیش پشتی قایمە و بۆ پاراستنی تەخت و بەختی خۆی دەستی ئاوەلایە و دەکوژێ و دەبڕێ و کەسیش نالێ پشتی چاوت برۆیە.

ڕۆژ نیە زایەڵەی ناڵە و زاڵەی گەلی کورد ، دۆڵ و دەرەی کێوەکان پڕ نەکا و تاقمێك کوردی لە ماڵ و حاڵ ڕەتێنراو سەر بە شکلێر و ئەشکەوتی جیاکان هەڵنەهێنن و لە شار را بۆ غار نەچن . بەڵام کێ هەیە کوێمان بۆ راکرێ و لێمان حاڵی بێ و چاری دەردمان بکا .

گەر چی مێژوو پێمان دەڵێ ئەوە بۆ گەلی کورد شتێکی سەیر و سەمەرە و نامۆ نیە و هەموو دەم هەروا بووە و لە هەڵس و کەوتی ژیانی چەند هەزار ساڵەی ئەو گەلەدا کەمتر بووە جارێکی دەستی بگیرێ و لە هەورازێك وەسەر بخرێ . کورد هەر لە سەرەتاوە لە سەر پێی خۆی راوەستاوە و فرچکی بە راوەستاوی و سەر بەرزی گرتووە . بەڵام دیارە کە زامی ئەو جارەمان دەردی زۆر کاری بە و ئێشی جەرگ بڕ و هەتوانی چەتوون ، ئەگەر چی دیسان دەبێ کورد راوەستێ و راوەستاو بێ هەتا .....

زۆر بە ئاواتەوە بووم . هەلێك بڕەخسێ و دەرفەتێك هەڵکەوێ هەتا هەنگاوێك بۆ خزمەت بە شەهیدانی ئەو شارە هەڵێنمەوە . کە لە نەکاو کەوتمە بیری بارگەی تێکەوە پێچراوی هەستی شاعیران و هەگبەم پڕ کرد و بەرەو ئامانج کەوتمە رێ . چ دیاری یەك لە شیوەنی ئینسانی دەبان شاعیری دڵسۆز بە نرختر . ئەو دیاری یە بەرهەمی شەو نخوونی و هەڵقرچانی دڵی گەورە و پاك و ناسکی ئەو کەسانەیە کە ژەنینی دڵیان بەستراوەتەوە بە سەر بەرزی و کامەرانی خاکیان . بەڵام بۆ نێوم نا شیوەنی ئینسانی ؟

بێ شك ئەگەر گەردوون شاعیری گەورە و هێژا مامۆستا هێمنی

لێ نەستاندبایین ئێستا شینێکی دەگێڕا بابی هەموو شینان و سووره کوڵێکی لە سەر کلکۆی شاری شەهیدان دادەنا کە هەتا دتیا دنیایە و بەرای ببڕ لە بیر کەس نەچووباوە ٠ بەڵام روون و ئاشکرا یە کە هەتا کورد هەیە رووحی پاک و قەڵەمی بەرزی ماموستاش قەدەم بە قەدەم دەگەڵیەتی و " لە سەر بەزەو زەردەی لێوی کوردێکی دڵخۆش یا لە نێو فرمێسکی پەنگ خواردووی چاوێکی خەمبار رەنگ دەداتەوە و نەخش دەبەستێ ٠ " بۆیە لە بوومەلێڵ و تاریکە روونی بەیانیدا هانایەکی موریدانەم بردە بەر ئەو ناڵە بە سۆزانەی ماموستا کە لە کاتی جودایییدا هاوراز و هاودەم و هاواری بوون ٠ بە تاسەوە پێی داچوومەوە و بە گەرمی لێی ورد بوومەوە و هێشتا چەند لاپەرەم هەڵنەدابۆوە کە چاوم بە مەسرەعێك کەوت و موچورکێکم بە تەواوی لەش داهات و هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا ٠ ئینجا پێلووەکانم پێکەوەنا و کتێبەکەم وەلا نا و لە بەر خۆمەوە دەستم پێکرد :

شیوەنی من شیوەنی ئینسانی یە بانگی ئازادی و گرووی یەکسانی یە

شیوەنی من،شینی کوردی بێ بەشە ئەوگەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە

ئەو جار بە یادی ئەو بەرێزە کە لە سۆنگەی ئەودا زۆر کەس بە پایەو مایە گەیشتوون ، ناوی کتێبەکەم نا " **شیوەنی ئینسانی** " ٠

" شیوەنی ئینسانی " کوڵبژێرێکە لەو شێعرانەی کە لە مەڕ هەڵەبجەوە نووسرابوون و بە دەست ئێمە گەیشتبوون ٠ رەنگە ئێستاش کە ئێستایە زۆرکەس لە پێشکەوتی قافڵە و کاروانی شێعر و شاعیری گەلی کورد دڕدۆنگ و دوو دڵ بێ

و ئاگای لەو شەپۆلە بە تەوژم و تاو و تینە نەبێ کە لە نێو دەریای هەستی خرۆشانی شاعیرانی گەلی کوردەوەبەرەوپێش خۆ دەکوتێ و رچەی شکاندووە و شوێنی گرتووە و بێ پشوودان و هەدادان پێشکەوتووە هەتا بگاتە دەر و دراوسێ یان و تەنانەت هەمبەرانی یان دەگەڵ بکا و هەدانەدا هەتا لێیان لادا ٠

ئەگەر گەلی کورد لە رابردوودا ناچار بووە بە تێکڕایی کپ وبێدەنگ راوەستێ و گوێ هەڵخا هەتا بە هەڵکەوت پیتۆل و زانایەك سەرهەڵدا و دەنگ هەڵێنێ و تینوایەتی ئەدەب دۆستان بشکێنێ و پاش کۆچی دوایی ئەو سالیانی سال لە چۆکی خۆیدا و بلێ هەیاران گەلی کورد چ تاقە سوارێکی لێ هەڵکەوتبوو، ئێستا شۆرە سوارانی مەیدانی زانست و فەرهەنگی کورد بە ئەنگوستان ناژمێردرێن کە هیچ هەر ژمارەیان بە بیروخەیالیش داتایە ٠ جا ئەگەر جاران چاو و برۆ و خال وکەزی و قەد وبالا هەوێنی هەستی هونەرمەندانی ئێمە بوو، ئێستا برك و ژان و خەم و ئێش و تاسە و هیوا بوونەتە هەوێنی ئەوینی پاکی هونەرمەندانی ئێمە ٠ رەنگە شیوەنی ئینسانی، شایەدێکی زیندوو و بەلگەیەکی بەرێ و جێ بێ بۆ ئەو وتەیە و نێوەرۆکی قووڵ و نوێی دەیان و بگرە سەدان شێعری پڕ سۆز و هەست لە بابەت دەردێکەوە ئەو راستی یە دەربخا کە بە پێچەوانەی بڕوای ئەوانەی چاوی دیتنی پێشکەوتی فەرهەنگی ئێمەیان نیە ، ئەدەبیاتی گەلی کورد زۆر قسەی بۆ کردنی هەیە و مەودایەکی زۆر بۆ گەش بوونێ. -بریا بە بریای خودای کوردێکی زانا و دلسۆز هەڵکەوتبا و قۆلی

هیمەتی لێ هەڵماڵیبا ووەری کیرابا سەرزمانێکی زیندووی وەك ئینگلیزی ، هەتا کەلانی دنیاش بۆیان دەرکەوتبا کە ئەو کەلەی بۆتە راوو نێچیری راوچیانی مرۆڤایەتی خاوەن زانا و پیتۆڵی وایە کە بۆ کۆچێکی ئەوها شینێکی ئاوا رەنگین بگێڕێ و دەگەڵ هەر فرمێسکەی دڵۆپێکی تازە و نوێ بە دەریای خرۆشانی فەرهەنگ و ئەدەبی دنیا زێدە بکا •

- رەنگە ئەگەر سەرجەمی ئەو شێعر و هەڵبەستانەی کە بە دەستمان گەیشتبوون لە چاپ درابان ، بارستای کتێبەکە سێ هێندیش ببوایە • بەلام وێڕای رێز و سوپاس لەو شاعیر و هونەرمەندانەی لە وەلامی نامەکەماندا هۆنراوەکانیان بۆ بەڕێ کردین دەبێ رابگەیەنین کە بە داخەوە لە جزمی یەکەمدا نەگونجا هەمووی ئەو شێعرانە لە چاپ دەین و هیواداریین ئەو دۆستانەی چاویان بەو کتێبە دەکەوێ و شێعر و هۆنراوەیان لە مەڕ هەڵەبجە هەیە ، بە ناو و نیشانی " ارومیە : صندوق پستی ٧١٢ " بۆمان بنێرن هەتا ئەگەر ژمارەی شێعرە هەڵبژێردراوەکان زۆر بوو لە داهاتوویەکی نیزیکدا جزمی دووهەمی لە چاپ دەین • دیارە کە ئەگەر بۆ سەر کێلی گلکۆی شەهیدێك تاقە شێعرێك بەس بێ ، دەبێ لە سەر کێلی شارێکی شەهید چەند دیوان شێعر هەڵقەندرێ • "تەنیا"

( ٦٨/٥/٨ )

## شێرکۆ بێکەس

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گریین
نامرن ئەوانە والە دڵی میللەتا ئەژین،
(پیرە مێرد)

خوشك و برا ئازیزەکانی دوور وڵات :

هاوڕێیانی خۆشەویست :

لەو کاتەوە کە راپەڕینی نەتەوەیی و نیشتمانی کورد،ئاگری کیانی شۆرشگێرانەیان لەکوردستاندا خۆش کردووە ، داگیر کەران ، بەردەوام برین لە دوای برینیان کردۆتە جەستەی ئەم گەلە ستەم دیدەیەوە ، بەڵام لە مێژووی خوێناویماندا هیچ برینێکیان بە ئەندازەی برینی" هەڵەبجە" قووڵ و بەسۆێ* وکاریگەر نەبووە ٠

پار لە سەعات یانزەی پێش نیوەڕۆی ئەمڕۆدا ١٩٨٨/٣/١٦ لە شارەکەی " مەولەوی " دا هەزاران ساوا و دایك و باوك و خوشك و برامان لە چاو تروکانێکدا شەهید کران ! کارەساتی هەرگیز لە بیر نەچووی " هەڵەبجە " مێژووی تازە قوتابی یەکانی رێگەی ئازادی و سەرفرازیمانە !

هەڵەبجە بوو بە هەموو کوردستان ٠

هەڵەبجە - خۆشەویستی مان بەرامبەر خاك گەورەتر و رقیشمان بەرامبەر خاك گەورەتر و رقیشمان بەرامبەر داگیر کەران ئەستوورتر ئەکات !

هەڵەبجە ـ بەڵگە پەلەی شایەد نەویستە بە نێو چاوانی دڕندەترین ڕژێمی ئەم دنیایەوە • هەر ئەو کاتەیش لەلایەن ڕژێمی وەحشی عێراقەوە بڕیاری خنکاندنی هەڵەبجە درا ، کە زانی یان ئیتر لێشاو و شەپۆلی هێزی لە بن نەهاتووی پێشمەرگەی کوردستان بەوان بەربەست ناکرێ و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کوردستان بە دەر رایان ئەماڵن • بۆیە پەنایان بردە بەر دوا چەکی کوشندەیان ، پەنایان بردە بەر چەکی کیمیایی و گازی ژەهراوی !

بەڵام تا "شنروێ" و "زەلم" و "سیروان" و "شارە زوور"ی "نالی" بمێنن ، ئەم گەلەیش ئەمێنێ !

لێرەوە ! دوور لە کوردستانی ئازیز ـ سڵاو لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ، لە هێزی بەرەی یەککرتووی کوردستانی ، لە هەمو وئەو قارەمان و شۆڕشگێڕانەی کە سەنگەری تۆڵەی هەڵەبجەیان بەر نەداوە و ئەوەتا ئێستەیش دوای گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی ، دوای هەڵەبجەیش مەشخەڵی دەستیان ئەسووتێ و لە تاریکیدا ڕێگەی بەرەو بەیان ئەکەنەوە •

سڵاو ئەی گیانی پاکی هەزاران شەهیدی هەڵەبجەمان سڵاو !

ئێستەیش لەم دەرفەتە کەمەدا بۆ ئێوە و هەڵەبجە ئەم تاقە شێعرەم ئەدەم لە بەرۆکی ئەم یادە غەمگینە !

## شێرکو بێکەس

یەکەم دەنگ و دوا دەنگ !

دەقیقەیەک ، نیو دەقیقە ، چەند چرکەیەک

بەر لە یانزە

ئاسمان وەک گیانی مەولەوی "

ساف و روون بوو

وەک ئەسپەکەی " ئەحمەد موختار "

لە بزوێنی " شارە زووردا "

جوانووی بەهار بە کۆرژن* بوو

کوردی " گۆلان "

کوڵ ئەستێرەی " شەم "ی شێعری

ئەدا لە قژ وەکوو " گۆران "

دەقیقەیەک ، نیو دەقیقە ، چرکەیەک

بەر لە یانزە

لە ژێر بنمیچی ژوورێکی بێ هەتاوی

هەڵەبجەدا

خێزانێ بوون : دایکە وباوکە و زەرنە قووتە* !

چەند چرکەیەک بەر لە یانزە

دایک بێشکەی رائەژەن و

ساوا بزەیەك ئەیگرت و
باوك گوێ ی لە "كاسێت " ی ئەگرت و
پاڵكەوتبوو !
بوو بە پانزە
گرمەیەك دووان و سیان و
دووكەڵێك و وەكوو دڵی كوڕی " عۆجە"
هەوا مردوو
بەهار مردوو
دایكە و باوكە و زەرنەقووتە
لە پانزەدا
لە ژێر بتمیچی ژوورێكی بێ هەتاوی
هەڵەبجەدا
بوون بە سێ بەردە پەیكەری
باوەش كردوو بە یەكتردا !
لە دوای پانزە
شار كۆتریكی خنكاو بوو ، ملی لە ژێر
باڵەكانیا
نەكەی شەو ، نەحریوەیەك نە جووكەیەك
نەچرپەیەك

نەزیقەیەك

نەمشەیەك

نەهەناسە !

لە دوای یانزە

تەنها دەنگی ، چریکەیەك ، لەو شارەدا

کە ئەگەیشتە گوێچکەی چیا و

بە ناو زەهرا

سەولی * ژیانی لێ ئەدا

تەنها دەنگێ

لە دوای یانزە

دەنگی "کاسێت"ی ریکۆردی زوورەکە بوو

کە سروودی چەك و پێشمەرگەی لێ ئەدا

مارتی ١٩٨٨ - شێرکۆ بێکەس

هەمان کات ، ئەم شێعرە لە لایەن پۆستا

ئێکمانەوە بە سوێدی خوێندرایەوە .

گۆواری بەر بانگ ژمارە ٥٦ لاپەڕەی ٦٠

شێرکۆ بێکەس

ڕەتکاڵەشێعر

چواردەی مانگ بوو
لە سەر کوێژە " با " قەڵەمەکەی فڕاندم
کە دۆزیمەوە و پێم نووسی
پۆل پۆل فڕین و شەکانم
پانزەی مانگ بوو
" سیروان " قەڵەمەکەی بردم
وەختێ گرتمەوە وپێم نووسی
یەکە یەکە بوون بە ماسی شێعرەکانم
شانزەی مانگ بوو
ئاخ ! شانزەی مانگ !
کە " شارەزوور " قەڵەمەکەی لێ وەرگرتم
کاتێ دایمەوە ... بنووسم !
وەك " هەڵەبجە "
وشك بوو بوون پەنجەکانم !

گۆڤاری ڕێگای ئاشتی سووشیالیزم
-ژمارە ١٨ ئایاری - ١٩٨٩

مامۆستا حەقیقی

## بەهاری کوردی

بەجورعە ومورعە کارێك نایە ساقی پڕکە مینایە
بە قەد کێوی دەماوەند و سەهەندم خەم لە دڵ دایە

بەهارە و لێی تەولـلایە گەشەی باغ و نەشەی بولبول
بەهارە و کەس لە گوێی نایە نەوا و نالەی دەف و نایە

بەهارە وبولبولی باغی تەبیعەت مات و بێدەنگە
بەهارە و نایە قاسپەی کەو ، بەهارە و دەنگی تەی تایە

بەهارە و کاتی زیندوو بوونەوە ورازانەوەی عەرزە
بەلام چەل لە رووی حیکمەت قەزا بەرعەکسی مانایە

بە بۆمی شیمیایی و مووشەك و ئەبزاری ویرانگەر
ولاتی نیشتمانی ئێمە وێنەی هێرۆشیمایە

دێهات و شاری خاپوورە و لە سەر عەرزی سەماویشی
بە غەیری بوۆنی بۆم و دەنگی بوومی شوومی لێ نایە

لە خوێن گەوزیوەکانی شارەکانی نیشتمان زۆرن
بەلام شاری حەلەبچەی پێش قەرەولّ و دەس بە ئالایە

بەهارە وەك كەلاریزانە تەرمی نێو نەمامانیی
نەمامانی هەتا رەسمی نەمامانی بكێشایە
لە بانگی دان و قورپێوان و قژ هەڵكەندنە لێ ئەولا
گرین و خۆرنین و شین و واوەیلایە لەم لایە
سەدان خونچەی نەپشكووتوو هەزاران نەرگیسی خەوتوو
بە كێژی كێژە لووكەی بای دژی ژین تەرت و توونایە
شەلالی خوێنی خۆیانن بە لاقەت شین نەبێ لالە
رەفیقی شین و گریانن ج موحتاجن بە شینایە
سەدان دایك دەبینی گۆرپە ساواكەی لە باوەشدا
مەمی دایەی لە دەم دایە و لە هیچانیش پشوو نایە
وڵاتێكی كە كۆری كەیف و خۆشی بوو وەها گۆڕا
بووە كۆڕی هەزاران كیژ و لاوی دڵ بە دنیایە
گڕی تێ بەربوو پارچەی رووی سپی و سووری بەرەش گۆڕی
لە جێی بەزم و تەرەب شینگایە حوجرەی بووك و زاوایە
كوڵی باغی ژیان پەرپەر بوو جەرگی لالەكان سووتا
وشك بوو سونبول و نەسرین، هەلالە و سوێسنە بۆی نایە
لە كێ بیستووتە فەسڵی گوڵ نەمامان شەختە لێی دابێ
لە باغی كێ بەهاران دیوتە سەرووی نازی پێی رایە

ئەگەر پێت خۆشە حاڵی بی لە مانای زەلزەلەی ساعەت
بڕۆ شاری حەڵەبچەی زەلزەلەی خستوتە دنیایە
چیا بۆ رۆڵەکانی شین دەکا و رووی خۆی رنی بۆیە
شیاری روومەتی پەیدایە کاتی رۆشن و سایە
لە ئادارا هەور ئەسرین دەبارێنێ لە گوڵزاری
گوڵ و نەسرینی نیسان و ئەیاریش خۆی و ئە خوایە
براکان من عەزاداری عەزیزانم بەڵام چیکەم
لە قەرنی بیستەما ئێستاش بەهاری کوردی هەر وایە
بە رەنگی سوور و شین خەملیوە باغی لێ زیان یانی
دەمێ سوور و دەمێکی شینە ئەو قانوون و یاسایە
سپی قاتی شین بۆ قوژبن و سووچی دە واری رەش
وەتەن ئاوارە و بێ سووچ و تاوانن لە سەحرایە
بە یاسای کۆمەڵی بەینەلمیلەل یا ساغە شەڕ ئەمما
لە خاکی نیشتمانی خۆی قڕانی کوردی فتوایە
هەبێ گەر لاگری مافی بەشەر سابیت دەبێ غولقا
مەڵێ شوورا هەوایە و کۆمەڵی بەینەلمیلەل بایە
ئەگەر قاچاغە بۆمی شیمیایی بۆ پڕن ئێستا
لە زامارانی سەممی خەستە خانانی ئوورووپایە

هەرا لەو هۆدەیەی بێهوودەیە کەس سوودی لێ نابا
عەدالەت لای ئەوان بێ قەدر و ئیسمی بێ موسەممایە

وەرن ئەی بەچکە شێرانی سەلاحەدینی ئەییووبی
وەرن ئەی میللەتی خاوەن شکۆ و ئازا و بەرز پایە

وەرن ئەی تۆرەمەی کاوەی نەبەز ئەی بڕڕەکی لانێ
بە گشتی ڕاپەڕن گشتوو ئەوەی جوامێر و ئازایە

وەرن هێرش بەرن مەردانە و کوردانە دەربێنن
بە مەڵغەی ئاسنین بەردی بناغەی بەعسی بەغدایە

مەگەر لای ئەو جنایەتکارە پووشە میللەتی کوردی
بە وێنەی خەنجەری دەی ئەنجنێ و دەیخاتە بەر بایە

وەبیروو دێ لە کۆڕی ئەلجەزیرەی چی بە سەر هێنان
وەکوو هەرزن بڵاو و سووکی کردن وەك پەڕی کایە

دێهاتی لێ ڕماندن باغی سووتاند ئاوی خنکاندن
بە سووتان و ڕمان بەرجە بە خنکان و دەکا کایە

دەبێ کێ بێ ڕەز و کۆخی نەسووتابێ و نە ڕووخابێ
چ کوردێ بوو ئەوەی زیندان و تەبعیدی نەدیبایە

جنایەتکاری قەڕن و خوێن مژە سەددامی تەکریتی
بە فتوای شەرع و دین مەحکوومی قەهری حەق تەعالایە

کند با مردمان با کاز خردل بازی آن خردل
بود نابخردی امید مردی زین فرومایه
وەرن ئێوە و خوداتان یەك کەون بۆ تۆڵە ئەستاندن
"حەقیقی" غەیری هاوار و دوعا چی دی لە دەس نایە

بۆکان - بەهاری ٦٧ ی هەتاوی

گۆواری سروە - ژمارە ٢٤

## پەنگر

نەتەوەی پیرە مەگروون

یەکە یەکە
لووتکە و قەد پالانی چیا
کەندو دۆڵ و دەشت و کێلگە
جۆگە و کانی ،رووبار ، دەریا
هاتنە پرسەی کۆرپەی چیا
پیرە مەگروون
هیمالایا
سەری نەوازش و رێزی
خستبووە سەر هێندستان و
بە فرمێسک ئاوی ئوقیانووسی دەدا
چیای ئەدیز
لە پرسەی کۆرپەی زاگرۆس دا
بۆ کۆرپەکانی دەگریا
بە فرمێسکی شاگرینی
جوانەمەرگەی دەلاوانۆ
بە گریان و بوو مەلەرزەی
تەخت و تاجی بینۆ شێتی دەلەرانۆ

۱۸

ئەڵپیش بۆ بەرازاکانی
خۆی دەلەرزاند
جنێف و رۆمی دەهەژاند
لە سویسرا
خانوو بینای مافی مرۆی
بە سەر سەری
کۆمەڵی جرجا دەرووخاند .

گۆواری بەربانگ ژمارەی ۵۴ و ۵۵
لاپەرەی ۴۲

تێبینی : ئەم هۆنراوەیە پێش کارەساتی هەڵەبجە نووسراوە و ئێستا پێشکەشی ئەکەم بە هەڵەبجەی بریندار .

قازی ئەحمەد

لە کاتێکدا لەهەڵەبجە
پاش بۆمبارانی شیمیایی
دایکێک بە ئاخرین نیگا
پەلە قاوەی کۆرپەی بینی
لە کاخی کۆماری بەغدا
سەددام حوسێن پرسیاری کرد
چەند کورد بە بۆمباران کووژران
وەڵامیان داوە :
دە هەزار !
کوراندی کەفی هەڵخراند
چۆن دە هەزار ؟
چۆن سەت هەزار ؟
هُنا عراق*
نَحنُ عَرَب"
نابێ لێرە کورد بمێنێ
نابێ لە هیچ شوێنێ شیمال
ژنێکی کورد
بێشکەی کۆرپەی رابژێنێ !

ی ٠ وەرزیـــــــر

## شیـوەنی بـۆ هەڵـەبجـە

وا بـەهـــارە
شاخ قردیلـــەی پەلکە زێڕینـــەی بەستووە ٠٠٠
سروشت بە بەرگـی تازەوە
بە چیمەنی تەڕ و سەوز خۆی پۆشیـوە ٠٠٠
درەخت گۆرانـی بۆ چەم و لوتکە دەڵـێ
مژدە بێ ئیتر بەهـارە ـ چرۆ دەڵێ
بۆنـی زەوی پاش وەشتـــی* جوان ، بەهەشتی یە
بەهارە وەرزی دڵدارانی سەربەستی یە
ئـــەی کیژۆڵەی هـەوری سپـی
پەری ئاسمـــان ، کچـی زەوی
دەپێـم بڵـێ بەهـاری کورد
پەیامی کام عەشقی پـێ یە ؟
ئەی بەفری جوان ، کچی لوتکە
ئـــەی دایکی گشت پێشمەرگەکان
دەپێـم بڵـێ نەورۆز ئەمسـاڵ
مژدەی کام هیوایەی پـێ یە ؟
لە چلە نێرگزم پرسـی :

تۆ " شەمیران " چاك دەناسی
ئاخۆ ئێستا چەند بازدار بێ...
" شنروێ " ئاخۆ چەند گوڵێ
ئاڵ و والای لە سەر سەر بێ...
" سیروان " دایکی درەختەکان
" زەلم " ئەی دیدەی شاعیران
هاژە و خورەی شەپۆلەکان...
ئاخۆ ئەمساڵیش هەر وابێ
وەك گۆرانی بەهارەکان...
نازانم بۆ سروشت زیز ، بەهار رەش پۆشە
گوڵ بە خونچەیی ژاکاوە ، شار خامۆشە
نەکزەی با ... نە دەنگی دڵ
نە جووڵەی چاو ... نە سەمای گوڵ
نە هەناسەی ئینسانەکان
نە جریوەی باڵدارەکان
لە هەڵەبجە هیچ نابیسم
بەو بێ دەنگی یە کەلێ سلتێم
ئەبێ چی بێ ، چی رووی دابێ
لۆتکەی چیا و کووچەی شارم...

لە نەورۆزا بێ ئاگر بێ !
نەك هەڵەبجە ، گشت شارەزوور
بێ نیرگز و بێ بەهار بێ !
دەبێ چی بێ ... چی رووی دابێ
شارێ سەرتا پا بێ دەنگ بێ
بێ جووڵە بێ ... بێ ورتە بێ !
وەکوو کەپری داروخاوی پاش رەشە با
بێ جەستە بێ !
کچی هەور ... هەتاوی سوور
بۆنی زەوی ... ئاسمانی دوور
یەکە ... یەکە شەقامەکان
دانە ... دانە درەختەکان
کووچە و ماڵ ودووکانەکان
قوتابخانە و کارێزەکان
مزگەوت وکانی و رێگاکان
ماشینەکان ... دەروازەکان
بە بێ دەنگی خۆیان وتیان :
بەهاری چی ... نەورۆز کامە
لە کوردستان هەر پایزە
بست بە بستی وڵات زیزە

لە شارە زوور سەردەمێکە
چوار وەرزە گەڵاریزانە
بۆ شەهیدانی هەڵەبجە
ئەم بەهارە هەر گریانە ...
نەك تەنیا خاك ... ئەمجارەیان
دڵمان بۆ کردن بەلانە ...
بۆ کۆرپەی مەلۆتکە کراو ، لە کوردستان
ئامێزمان کرد بە گۆڕستان
واخەریکە من شێت دەبم ... دەپێم بڵێن
چی رووی داوە ؟
شارێك سەرتا پا شەهید بوون
کەس نەماوە ؟
کێ دەتوانێ بۆم باس بکا ... دەنگ هەڵبڕێ
کێ لەو فرمێسکانە دەگا ... باگر گرێ ...
هەور وتی : ئاگام لێ بوو
بێشکەی خەمم رادەژەنی
شەمیران هاواری دەکرد
شنرویێ قژی خۆی دەرنی ...
ئاگادار بن ... پێشمەرگەکان ...
رۆڵەکانی وڵاتی خەم ...

وڵاتی ژان ...

مارت زۆر شوومە

کورد پێی دەڵێ ( مانگی ئازار )

تێ بکەن لێم .

( ئازار ) ئەمساڵیش مەرگی هێناوە

نەك بە ئاپالم

چەکی کیمیایی بۆ کورد هێناوە

لە ئەو رووپاوە ...

* * *

لە بالای کورتی " سی چرکە " دابوو

هەورێکی چڵکن ...

ئاسمانی ژینی هەڵەبجەی پۆشی

دابەزی مردن

بە پێ پلیکەی مەرگی ناوەختا

هەوری کیمیایی ...

بۆ ناو ماڵەکان ورد ورد هاتە خوار

زۆر بە ئەسپایی

لە " سی چرکە " دا هەوری کیمیایی

بووە هەزاران دەستی کوشندە

مرۆڤ و باڵدار ، کیانەوەر هەمووو
هەر چی هی کوردە
هەزاران دەست و مەچەکی مردن
تووند بوو لە گەردن ...
بکووژەو بڕۆ ... ئەمڕۆ فرسەتە
کورد لە کێژاوی "ئێران" دا مەستە

* * *

ئاوا هەڵەبجە بۆوە کۆڕستان
ئاوا مەرگ هات بۆ ناو کوردستان
لە تاوی ( شەهید )
سیروان تا ساوە
زەلم خەریکە خۆی بخنکێنێ
بەهار یەك زەڕڕە جوانی نەماوە
چەند هاوار کرا .. دوژمن قاشی یە
سەگێکی هارە
بۆکچی خەڵکی
کوڕەکەی خۆتان مەکەن بە دارا
ئەستێرە وتی : ئەی شێت هەی نوستووی
دووری و غەریبی ...

ئەمساڵ بۆ نەورۆز هیچ کەلکی نی یە
خەریکی چی بی ...
خەرمانمان هێشتا چەکەرەی* شین بوو
کرپان تێ بەردایین
نەك کاوە سەری زوحاك بهێنێ
سەری هەزاران کوردیان بۆ هێنایین
زوحاکی ئەمڕۆ لە بری دوومار
هەزاران ماری لە گیان رووا وە
نەك مێشکی منداڵ
مێشکی هەزاران کوردە خوراوە
وا من پێت دەڵێم :
تو خوا هەر کاتێ هاتی یەوە وڵات
بێرە شارە زوور
هەر بنچە گیایەك کەوتە بەردەستت
ماچێکی بکە ... هەتا سەر سنوور
ئەو ەگیای هیوای کۆرپەی زۆر ساوای هەڵەبچەکەتە
هەرکوڵێکت دی بۆنێکی بکە
ئەوە هەناسەی لە سنگا گیر بووی
شەهیدەکەتە ...

هەر بەردێکت دی هەڵی دەرەوە
لە بنیا وشەی تازە دەربێنە
بۆ ( کورد و شۆڕش ) ، بۆ ( خاك و مرۆڤ )
پێناسەیەکی لێ بکونجێنە
سەر لە نوێ نەخشەی تازە بکێشە
یەك ڕێگا بۆ خۆت تا سەر ڕاکێشە
هەر کە هاتی یەوە سەیری ئاسمان کە ٠٠ هەورەکان بانگ کە ٠٠٠
ئەوانە هەوری بارانی هیوای سەرفرازین ٠٠٠ پشتیان تێ مەکە ٠٠٠
تو خوا وەرەوە ٠٠٠ بە چاو ببینە ٠٠٠ چۆن وڵاتەکەت
بەرگی ماتەمی و مەرگی پۆشیوە ٠٠٠ بۆ هەڵەبجەکەت
تو خوا وەرەوە
شێعرێکی تازە بۆ کورد بنووسە ٠٠٠
بۆ دڵدارانی سروشت و جوانی
پەیام بنووسە
ئاوازی تازە بۆ " کنا لەیل " ی هەورامان دانێ ٠٠٠
لە گەڵ فرمێسکا گۆرانی بڵێ
هەتا سەر تا پا جیهان ئەم خەمەی
ئێمە بزانێ ٠٠٠
تو خوا وەرەوە ٠٠٠ تۆش وەکوو " گۆران "

( هاوینە گەشت ) ێ بکە بە گریان
نەك بۆ سروشت و جوانی کوردستان
تۆ بۆ مردن و هەڵەبجەی ویّران
دارێژە و بڵێ :
" سیاچەمانە ... سیاچەمانە
دۆزەخی مەرگە ئەم هەورامانە
ئەوەندەی دارو بەردی هەورامان
شەهید کەوتووە لە ناو کوردستان
سیا چەمانە ... سیا چەمانە
هەڵەبجە ویستگەی کشت شەهیدانە

ی . وەرزێر
نەورۆزی ١٩٨٨ - ئیتالیا

**مەلا عەمەر**
**سالیحی (ساحیب)**

## گوڵی ئاخ

شێعرەکانم بەستەی شینن ، ئاراستەی دەستەی بێ تینن
گوڵی ئاخن لە سەر گۆڕی ، گۆڕی لێقەوماوا شینن

خونچەی گوڵی زەرد و سوورن ، عەینی خوێنن ، خودی دەردن
ئاوی چاوی ئافرەتێکی بێکەس ، لە زستانی سەردن

مەتەرێزێکی رووخاوی کوردێکی ئەژنۆ شکاون
سوارەی فرمێسکن لە لێژایی سوورەتمدا هەڵکلاون

چاوی خوێنینی شەوقن ، لرخەی قورگی " انا الحق " ن
دوایین ترپەی سینگی تەنگی بێ ئاکامی رەق و تەقن

تەقەڵی دروماني جلی هەتیوی گیان بوو بە ملن
کفنی کۆن و کەم و کۆڕی تەرمی لاوی نەرم و شلن

جۆگەی بێ ئاوی پڕۆسووی پڕ لە خۆڵ و خیز و خاکن
چاوەڕوانی هێزی پاچ و بێڵی جۆماڵێکی چاکن

بریا و خۆزگەی جێ نەهاتوون ، تاسە تاساوی ساردو بوون
شاخەوانی سەرنجێکی بەلوتکەی بەرد وگیسر خواردون

لە سەر کوڵمی هەست و هیوا خەت و خاڵێکی سڕاوەن
لە مل کیژی مزۆڵم دا ئاقیق و مووروی چڕاوەن

کەژاوەی خاڵی لە بووکن ، هەر چەن بەختی رەشی خەیاڵ
زاوایێکی بە تەما بوو، هەرگیز بووکی نەهاتە ماڵ

بەری جوانی دەقی سەرکۆنا شکاون بە لێوانێ
کە بۆ درنی دەخنکێنێ کەرووی کوژالکە کێوانێ

دەمی دوراوی کرۆکاڵی منداڵ [illegible]ە خۆرن
باڵە تەپی کۆتر وکەوی [illegible] بۆرن

لە سەرە ڕێی بای زەمەنا قنگلاشکی بێ مەوتەنن
دەربە دەری وڵاتێکی هەرە دوور و بێ کەوشەنن

چاو قرتاندنی دوا جاری ئەستێرەی ژینی پیاوێکن
لە ئاخرین ئاویلکەشا تینووی سەرنجی چاوێکن

بولبولێکی کز هەڵنیشتوون لە قەفەزی سینەی خەما
بەنەوشەی لارە مل و بێ ئاون لە قەراخی چەما

*
بەژنی بەرز و ڕێك و پێکی گەنجێکی سەربەدارۆیە
ئەوەی قەبری لە دڵمایە ، مایەی وشەم بە زارۆیە

تاڵەی ڕەش و دەنگی ناڵەی دڵی ئاوارەی شەکەتن
هاواری خاو و خێزانی لە ژێر ئاوارا لەتن

لە هەڵەبجەی وێرانەدا ، لێوی ئاڵن ، قژی کاڵن
پێکەنینی دەمی برینی شەهیدێکی بێ هەواڵن

مانای وردی نووکە نووکی کیژە کوردی بێ گوناحن
ئەوانەی وا لە سەردەمی سەدەی بیستا خوێن مەباحن

قیژەی منداڵی شارانن ، شێعری بێکەس وەبیر دێنن
" من منداڵم دەرم بێنن ، تو خوا ئەگەر بم سووتێنن

هەڵمی خوێنی زامی زاری بەناسۆری بێ هەتوانن
بارمتەی خەمی بەرهەقی ، ناهەق دەرهەق بە نەتوانن

قرچەی دڵی دایك و بابی تاقانە کوڕ لە دەس دەرچوون
یا دایك و باوکە رۆی کچە نازدارێکی بێناز کەوتوون

بەلام هێشتا بەم حاڵەوە شێعرەکانم بەڵێن دارن
چقڵی چاوی راست و چەپی سپی و سووری ئیستعمارن

هەتیوێکی قیت و زیت و هار و هاج و چەقاوە* سوون
ئاوڕووبەری هەر کەسێکن ، بێ حورمەتە و چەو و* چەتوون

وەجاخی رۆشنی مێژوون بۆ نەتەوەی کەلەکیەمیان
بەمان هیوادارن بەمان ، بەوان دەکرن رێگەی ئەمان

بەڵێ تاقەداری دەشت و کەویرێکی چۆل و هۆڵن
بەلام بە تاقەت و زبری و سفت و سۆڵی گوێزە کڕۆڵن

گیرفانی پڕ فڕوفێڵی چلکاو خۆرەکان دەبڕن
جەرگی درۆی زلی خێڵی چاوشینەکان هەڵئەدڕن

رۆڵەی نەترسن ، دەپرسن ، لە نەتەوە یەکگرتووەکان
ئەرێ مافی بەشەر چییە ؟ وتووتانە بە مەومانان

شەرم مەکەن سوێن و ئەدەم بە گیانی دۆلار و فرانك
بەوەی ئەقڵ دەکاتە خەو شەرەف دەخاتە شانکە شانك

بلێن تەڵەیە ؟ کەڵەکە ؟ هەڵەکردن لە هەر کەلە ؟
تۆپە ؟ گوللەیە ؟ تفەنگە ؟ بۆمبایە ؟ گازی خەردەلە؟

تاقیکردنەوەی مووشەکە ؟ وەڕەی سەگی فڕۆکەیە؟
قڕکردنی ژن و پیاو و کوڕ و کچی هەڵەبجەیە؟

کەرە ؟ شەرە ؟ ئەشکەنجەیە ؟ سووتانی هیرۆشیمایە ؟
مردن بردن بۆ سەبرایە ؟ قەلا چۆکەی شەتیلایە؟

شەرم مەکەن بلێن مافی بەشەر با ـ یە ، کایە و کایە
بۆ (کان) ی زێڕ و زێوەکەی ڕەشەکانی ئافریقایە

مافی بەشەر قوربانی بەهەشتێکی وەك لوبنانە
شالاو و بۆ خلیجی فارسە ، هێرش بۆ خەلکی ئەفغانە

مانی مافی بەشەر حەققی " ڤیتۆ " دانە ، بە زۆر بە زەر
لە عاسمان ، لە سەر زەوی ؛ لە کەم ، لە زۆر لە وشك و تەڕ

وەکوو ئەوە بەشەر نەبین مافی بەشەر بۆ ئێمە نیین
بۆ " رووس " ە ، بۆ " ئامریکا " یە بۆ " فەرەنگ " و "ئینگلز" و "چین"

مافی بەشەر لایەنگری بەشەر کوژ و چەك بە دەستە
نێوی پەیمانی ژنێوو منێو مەبەن چنێو بەستە

ئادەی ئێوە بلێن مافی بەشەر ئەگەر ئەمانە نیین
ئەی بەس چییە ؟ ئازادییە ، بە نێو نیشانی فەلەستین

شێعرەکانم پشوو نادەن لە هەر مەرج و چەل و هەلا
تا خۆر دەس لە ملی گەلم نەکا لە ئاسۆی ئەمەلا

شێعرەکانم پارانەوەی (کولێل ) ێکن لای خودادا
شمشیری تۆلە ئەستێنن لە دیوانی عەدلّ و دادا

## ح ٠ رەشیدی زەرزا

تاریك و تروووکە زەوی تارمایی یە سەردا
هەر خەونی بە رووناکی دەبینم لە نەزەردا

هەر مێشکی سەری کوردە دەچڕژێ و دەپڕژێ
ساتۆر و قەمەی کۆنە سەری کوردی وە بەردا

کوا شینی ، دەوێ خەڵکی حەڵەبجەی هەموو کوژران
هەر تۆڵەیە دەرمانی لە نێو داخ و کەسەردا

شارێك کە بە خوێنی سەری ئینسانی شەتڵ بێ
شتڵی سەری ئینسانی لە ئەندازە بە دەردا

هات جۆکەلەیی خوێن و خوڕی تەرمی ئەزیزان
خوارو سەرو ژوورو دەرو بیروونی وە بەردا

گشت کووچە و کۆلان لەش و دەست و سەر و پێ یە
وەك شوێنی سەلاخانە دەچێ خوێنی بە بەردا

دڵ بیرە خەمی تۆڵە حەڵەبجە وەکوو کەعلە
ویستم هەڵی بێنجم هەموو دەردێکی وە دەردا

زنجیری عەدالەت لە چ شوێنێکە بڵێ پێم
نەم بیستووە ئەم زەنگوڵەیە دەنگێکی سەردا

ئەو کاتە کەسەر هەڵدەبڕم دێتەوە بیرم
سەر و ماڵ و روح و گیان و لەش و ژینم دەخەتەردا

ئەمواجی خرۆشانی دەمی گادەر و زێ یە
یا نەعرەتەیی خێوی شەوی رەش لە سەحەردا

دونیا هەموو هەر قودرەتە زانین هەموو وەحشەت
بەتاڵان و قڕان تاکوو لە قامووسی بەشەردا

**رێبـــــــوار**

**"بۆ وێنەی روو بەرگی سروەی ٢٣ کە پیاوێك و منالێکی ساوای شەهیـدی هەڵەبجەن "**

**" سەرو ســـاوا "**

بە بالاّی لە کوێن
سەروی شووش و سپی دار
غەریبانە کەوتووی
لە سووچێکی دیوار
سەری پـر لە سەودای ژیانێکی خۆشت
سەرینی چ رەق :
دڵـی پڕ لە هیوای بە دوا رۆژی ژینـت
ژەنینـی چ کەم :
وە نێو باوەشی کەرمـی جارانت
کە " کانگای ئەوین " و " پەناگای ئەمین " بوو
( لە بۆ کۆریەکەت )
چ گۆڕێکە ســارد !
وەکـــۆڕپەت چ ساکار
بە دوو چاوی بێ نووری پڕ رستە پرسیــار

ئەڕوانیٚ
لە فریارەسێکـــی دووری نادیار
ئەریٚ هۆ شەهیدانی شاری هەڵەبجە
لە چوار قورنەی ئەو خاکە دەکریٚ لە کویٚ تان
بنێژین
هەموو ساڵیٚ نەورۆز
کە تۆڵە و نەسێنریٚ ،
بە کام چـــاو و روو
لە سەر خاکو ئەسرین بڕێـژیـــن ؟

ریبوار ـ ٦٧/١١/٢٥

## شەریف

**لە ماوەی بەرێوە چوونی جێژنی**
**هونەری کوردی لە شاری**
**مەهاباددا نووسراوە.**

### "هەڵەبجە"

ئەوی شێعرە و لە هەر لایەك نەوایێ
لە هەر سازێ دێ ئاواز و هەوایێ

ئەوانەی بەستەیان شیعری نەمانە
هەمووی هەر شین و هاواری زەمانە

منالانی هەڵەبجەی دڵ بە خوێنن
سروودی ماتەم و دووری دەخوێنن

هەموویان بێ پەتی و مات و پەشێون
دەڵێی هێشتا کوو ڕێگەی کۆچ ئەپێون

کە دێنێ دەنگی منداڵان هەوالێ
لە گەڵیا سازی ئاوارەش دەنالێ

ئەگەر جێژنە و ئەگەر کۆڕی هونەر بۆ ؟
وەها خەمباوە سۆزی سازەکەی تۆ ؟

لە بەرچی وا پەشۆکاو و کش و مات
هەڵەبجەی نیشتمانت چی بەسەرهات

سروودە یا کە شێعری شین و زاری
لە سەر تەرمی بەهاری کوردەواری

لە کوردستان ئەگەر جێژنی هونەر بێ
دەبێ شینی گەلێکی دەربەدەر بێ

کە فرمێسکم لە چاوان دێنە خوارێ
دەشێوێ هێزی بینینم بە جارێ

وەکوو دنیا بڕووخێنێ بە سەرما
موچورکی لەش بە وێنەی سۆزی سەرما

دەڵێی زستانە هێشتا ماوە زریان
هەڵەبجە نۆچی و خاکی سوکریان

منیش هاتووم خەمێکی دڵتەزێنیم
لە نێو هەڵبەستی ئەمشەودا بخوێنیم

بەڵام چ بکەم لە سۆزی جەرگی بریان
بە دڵما نایە شێعرێ غەیری گریان

کەلێ کریاوە شارێ بۆ مەزارێ
دەبێ شینی چلۆن بێ مەرگی شارێ

کەسێ نەیدیوە تا ئەمڕۆ بەهارێ
کە باران و تەمی مردن بباری

بەهاری چی ؟ وەکوو پاییزە ئەمڕۆ
لە شاری خەم ژیانیش زیزە ئەمڕۆ

بەهاران کێ گەلاڕیزانی دیوە
کوڵی باخی هەڵەبجە هەڵوەریوە

نە هاوارێ ، نە گریانێ ، نە شینێ
نە کەس مەرگی عەزیزی خۆی دەبینێ

ئەوا منداڵ و گەورەی خەڵکی شارێ
هەموویان پێکەوە مردن بە جارێ

هەمووی سووتا و بەهارێکی ڕەشی ما
هەڵەبجە بوو بە شاری هیرۆشیما

ڕەشی پۆشیوە ئەمڕۆ باخەکانی
هەمووی فرمێسکە ئاوی چاوی کانی

کەلای پاییزی شاری کێ تەدیوە؟
منالێی زەردی رەنگ و روو پەرپوە
دە مەگری دایە دایکی نیشتمانیم
مەلێ بۆ زەردە رەنگی رۆڵەکانم
ئەگەر وا پێ پەتی و زەرد هەڵگەڕاون
بە سەر مەیتی هەزارانا کەڕاون
ئەگەر ئەو رۆژە تۆش لەو شارە دابای
بە نێو کۆڵانەکانیدا گەڕابای
بە هەر هەنگاوێ تەرمێکت بدیبا
دەبوو رەنگت بە وێنەی وان پەڕیبا
لە هەر کۆلانێ چەن منداڵی چاوگەش
یەکێ لاشەی ئەوی دی وا ، لە باوەش
لەشی هەر یەک گوڵێکی لێک بڵاوە
هەموو مردوون بە چاوی ئاوەڵاوە
هەیە هێشتا کوو چەن گوێزی لە دەستە
کەسێ پێی نالێ ئیدی رۆڵە هەستە

لە بنەر هەر دەرکەیێ چەن مەیتی سەردن
لە سەر داوێنی سەردی خاك و بەردن

منالّی وردی ساوا دەنگی نایە
مەزاری بوو بە سینەی سەردی دایە

لە نێو کۆلانەکانی ماتی نێو شار
لە ژێر تیشکی هەتاوی زەرد و خەمبار

لەشی ئینسان و بالّندە وگەلای دار
تەواوی شارەکەی پۆشیوە هاوار

شنەی با خاك وخۆلّی شار ئەهێنێ
بە سەر مەیتی ئەوانا دەیڕژێنێ

دەزانێ کەس نەماوە تێدەکۆشێ
بە وەی تەرمی شەهیدان دابپۆشێ

دەمەگری دایە دایکی نیشتمانم
مەلّێ بۆ زەردە زەنگی رۆلەکانم

## جەوهەر کرمانج

### پێشەکی

ئەم وڵاتە زۆر نامۆیە و بێ دەنگ
ئەسفەری پەیدایی لە کەس دیارە
نە باڵای ئاڵا* ئامێز و تەرەنگ
هێندە دەزانم ، دولکێکی* کەورەی
قووڵ و رۆچووە و قەتماخەی خاوە
بەردەوام کیم و زەرزەرەی* لێ دێ
وەك جەستەی " ئەییووب "
کرم لە چوار لا دەمیان تێ ناوە
کە چی هەناسەی هەردێت و دەچێ
هەورە برووسکەی باران پەڵەیە
بە سەر کێڵگەی خەم ،
خوێن دەبارێنێ
لەوەتی هەیە ،
ئەسپێکی زین ولغاو کراوە
هەر سەگە سوارە و رایدەترەقێنێ
لە لای " رۆمی " یان ،
بۆ " ئەستانە " و " باب " دەروازە و تاقە

لە کن دۆستیش دا

شاری " جابولقا " و " دوورگەی واق واق " ە

ناوی جیا جیایە

دەمێک باکوور و

تاوێک باشوور و

یان رۆژ هەڵاتە ، یا رۆژ ئاوایە

بەڵام لە دیدی منی رۆڵەدا

دایکێکی یەجگار ۰۰۰ یەجگار شیرینە

سەرزەمینێکە

هەنا جلەوی تەماشا شل کەی

مێرگ و کانیاوی خەڵتانی خمە

جۆگەی برینە

تا سەر هەڵبڕی

لوتکە چیای ختمی تالاو و تەمە و

هێلانەی هەڵۆی چاو خەو تێزاوی

چنگ بە هەزاران داو و کەمەندە

بێشکەی دسۆری

سمد خەج و زین و

مەم و سیامەندە

ولاتـــی خۆمـه ، وەتـــی دەینـاسـم
ماکێکـــی رەشە بە نێو چەوانـی
قامچـــی وەشێـن و جەلـلادەکانـدا
بالا ۰ رەشپـۆش
ئـالا ۰۰۰ رەش پۆش و
بێزراوە لـە نـاو
کۆڕی نەتـــەوە یەککرتـووەکانـدا
کارمامزێکـــی ، سـرکـی بەغـاره
چەنـد توولـه و تـازی ئەم ئاقـارەیـه
سەرا دووی دەنێـن ،
ترا ویلکەیه و بـۆیـان ناگیـرێ
دیـار و نـا دیـاره

پێنـــاســـه

لەم ولاتـــه ،
ئەگەر چاوێک پێلـووی بەرە و خۆر هەڵبـڕێ
میلـی داخـی تێـوەردەدەن
دوو لێـو بـه نیـازی پێکەنیـن
دەستـی خەمیـان لـه یەک بەردەن

بەکەرووی ئاشیان دادەکەن
دەیانسمن ،
سندم و کەلەبچە دەکرێن
لە رۆژێکدا ...
هەزاران جار ،
چەقۆ بۆکەردنیان دێنن
زامەکانیان پڕ خوێ دەکەن
لە بۆتکەوە*
رەگەکانیان دەقرتێنن
لەم وڵاتە ...
مەرگ و ژین ئاوێتەی یەکن
یاسای دارستان سوڵتانە و
هەموو شتێک دەسەڵاتە

**هەڵەبجە : یەکەم هاتن :**

سەدەی شەش بوو
کوردستانم ، پاوانێکی باسکراو بوو
کوڵمی سێوە لاسوورە بوو
چاوەکانی ترێ ی رەش بوو
وەکوو شووڕێ

جێ ی سەرنـــج و
هەڵپـــەی چـــا و بـــوو*
لە چـوار لابـۆی ، راوە راوبـوو
تا رۆژێکیـــان
جـرجـە کوێرەی ناو کەلاوەی کۆن و بەر بەسـت
لـە نـاو کونـە رۆ چووەکـــان
لە کونـە ئاو تێ چـــووەکـــان
دەرپـــەڕیـن و ڕێچکەیـان بەسـت
هاتـــن ••• هاتـــن •••
هاتـــن وەکـــوو لافـــاوی قیـن
و روژا نـە گـــە ڵای دار و
هەڵگـــرانـە نێـو عەمبـــار و
وڵاتـــی قـــژ خاو و زێـــڕپیـــن
هاتـــن ••• ســـەریشیـــان نـــەوی بـــوو
سەری رمیـــان لـــە ئاسمـــان و
قونکـــی رمیـــان لـە زەوی بـــوو
دانەکـــا ســـان ،
ئامـە چەکیـان ، نوقمـی خوێـن بـوو
کـــە چـــوونـــەوەش

نێو چەوانیان سواخی تف و
گوێچکەکانیان مشتی جوێن بوو
**هەڵەبجە : دووەم هاتن :**
هەڵەبجە ... بێشکە و جۆلانەی
ئەحمەد "موختار" و "گۆران" بوو
هەڵەبجە ، جێگا نەزەرگەی ئاشقیان بوو
هەڵەبجە ، تاجی سەروەری
شەهیدانی کوردستان بوو
هەڵەبجە هەڵگری ئالای نەبەزینی
بیست و پێنج ملیۆن ئینسان بوو

* * *

کە هەڵەبجە شەهید کرا
کوردستانی گەورە گریا
کە هەڵەبجە ،
دە هەزار چاو ...
دەهەزار مەچەك و بازووی
بوو بە ئەڵقە و
داگیر کەر کردیانە پەنجە
ئەشکی چاوان بوون بە دەریا
ئاسمان گریا

زەوی کریـــا
دیـوانی مەولـــەوی کریـــا
* * *
بەیانــی بـــوو ...
هێشتـا پەرچـــەمـی کیـژۆڵان
دەسـت لـــە ملانـێ ی
با ڵای شـــانـــە و
ئاوی کاریـزو کانـــی بـــوو
بەیانـــی بـــوو ...
هێشتـــا دایــك ،
کۆرپــەی برسـی لـە ئامێـز بـوو
ئاسمـــان ، شینـی ، مەیلـەو سپـی
زێـو ئاویـز بـوو
بڕژانــك هێشتـــا ئاوێـزانـی
چـــاوی خومـــار ،
ســـەوزە چیمـــەن
تك تك ئاونگـی لـە گۆنـــا دەهاتە خوار
لێـوی تـەر بـوو
بەیانـــــی بـوو ...

لە گەڵ هاڕژنی غرۆکەی بەر ئاسمانا
بوو بە شەو و
هەڵەبجە هەردوو کوێ ی کەڕ بوو
چاوی کوێر بوو
خوێنی رژا ، بەسەر سەردەرەو هەیوانا
کپ بوو ، مات بوو
نوقمی زیرەو
سەدای گریە و هاتە هات بوو

* * *

تەماشا کەن ...
ئەمە بووکی یەك شەوەیە
خوێن و خەنەی پەنجەکانی
واباوەشیان لە یەك داوە
ئەوە جەستەی منداڵێکی ناو بێشکەیە
بە دەزرازەوە خنکاوە
ئەوەی ئەو لاش ،
تەرمی لەت لە تی قورئانە
لە ناو خوێنی مزگەوتێکی دیرینەدا راکشاوە
تەماشا کەن ...

هەر ئەوانن ...

هەمان چارە پیس و رەشی

ئەو زەمانەن ...

هەر ئەوانن ...

کچیان زیندە بە چاڵ کردن

جرجە کوێرەکەی جاران

کوردستانیان داگیر کرد و

کەنیز و تاڵانیان بردن

تەماشا کەن ...

وا هەڵەبجە لە کەزی را رادەکێشن

هەر ئەوانن ...

دەماَمکی* خۆیان گۆڕیوە و

گۆڕ هەڵکەنن

سینگی زەوی دەقەڵێشن

ئەوا بردیان ...

ئەوا ئەویش زیندە بە چاڵ کرا و کوم بوو

ئەوا هەڵەبجەش نقوم بوو

نقوم ... نقوم ... وا نقوم بوو

* * *

## هەڵوێست

هەڵەبجە تۆوی ئاشتیە
هەتا لە خاك نغرۆبكرێ
ڕەگ و ڕیشەی قووڵتر دەبێ و
لە بەهاری ئایندەدا
پتر گوڵ و چرۆ دەگرێ
هەڵەبجە ... مەلهەمی زامە
هەڵەبجە پەنجەرەی هەست و ،
بیری سەربەستی ئینسانە
هەڵەبجە ... بەرزترین قوللە و
لوتکەی هەڵوێستی مرۆڤ و
سەدەی بیستەمی جیهانە

گۆواری نووسەری کوردستان
ژمارە ١٥- لاپەرە ١١٠-١٠٢
١٩٨٩/٢/١٢

## سەلاح عەرەبی

### "نیشتمان"

دڵتەنگە بۆ نیشتمانێ / بێجگە لە دڵ کێ دەزانێ؟
داماوە بولبولی بێ ئافرێ / بۆ کوڵ یەخەی دانا دڕێ؟
ناقنە کەلای شەم کەوتووە / پەپوولەی لە بن خەوتووە
هەتاو و مانگ و ئەستێرە / ناکەون لە زەوی سێبەرە
لە هەر ڕەشی ڕەشتیر شەوە / بە سامتر لە مۆتە و شەوە
بەیان لە شەوا نییە میوان / لابەری لێفەی هەتیوان
خوڕپەی ناکا چەپڵە ڕێژان / خنکاوە ئاوی کەرێژان
شنە کەوتۆتە پێ دزە / پۆلووی ژین ناخاتە بزە
بوون وەک نەبوون مات و کڕە / دنیا لە خول دایە، وڕە
باریزەیە* خەم و خەفەت / ڕێبواری ژین دەکا شەکەت
کەپرۆکەی جێ ژوانی ئەوین / بێ چرپەی دڵداری نەوین

* * *

دەزانی چەرخی زەمانە / بۆچی وا لە کڕ و مانە
دەمێکە دیسان زێدەکەم / وڵاتەکەم، هومێدەکەم

کەوتۆتە بەر پەلاماری ئاوری بەسەردا دەباری

شین و گریان و شەپۆرە هەر باسی مردن لە گۆڕە

دەنگێ دێ زۆر ئاشنایە نالەی دایکمە ، وەی دایە

چم لە دەست دێ مەگەر مردن بۆ نیشتمان سووژدە بردن

خۆ کەس جوابم ناداتەوە کێ من بە سەر دەکاتەوە

گەورە هێز نوێنەر دەنێرن ئەوان بە جەللادی فێرن

بۆمبی شیمیایی دەدەنێ ریشەی کوردی پێ هەڵکەنێ

دەنا ئەو بەتەنیا کوانێ دەتوانێ رووکاتە لانێ

بێدەنگی زۆرتری گەلان سروودی مەرگی کوردستان

متەق ناکەن دەڵێی مردوون هەر دەڵێی پووشی با بردوون

دەبێ چ بکا کوردی هەژار ؟ بۆ کام ویژدان بەرێ هاوار ؟

سکالای کورد لەو کەسەیە کە ئەو قازی مەحکەمەیە

## ج - مەلەکشاهی

هەڤاڵەکان
وتم پیرۆزبایتان لێ بکەم
بەهار دێت و...
شێعرێك تازە بهۆنمەوە
بۆ کوردوستان
وتم بە جوانترین وشە
نەورۆز بکەم بە ملوانك
بۆ گەردنی بەرزی کوێستان
زۆر هەوڵم دا ـ..
بۆتان بڵێم شێعرێکی تەڕ
هەزار وشەم ،
رست کرد و هەر نەهاتە بەر
پەنام بردە بەر پیکاسۆ
گرینیکای بۆم رەسم کرد و ...
وتی هانێ
وتم لۆرکا ... ئەی تۆ ... وتی
شێعرەکانم لە کاستیلا بەجێ ماون
رێگا نادەن گورگەکانی
وتم بە هایکۆی ژاپۆنی

ئەرکی شانم بە جێ بێنم
هیرۆشیما
کڵپەی بەست و لە ناو گڕو بڵێسە و ئازارا هەڵقرچا
وشەی هایکۆ
بوو بە فرمێسک

دڵۆپ دڵۆپ
رژایە ناو گۆمی خوێنم
هەڤاڵەکان
راستە بەهار جوان و شەنگە
نەورۆز جەژنێکی تایبەتی گەلی کوردە
لێم ببوورن
پیرۆز بایتان لێ ناکەم
چوون ناوێرم
بەڵام کارتەپۆستاڵێکی هەڵەبچەتان بۆ دەنێرم

سنە _ ۱۳۶۶

## ڕێژەن کرماشانی

ئیساڵ نەو وەهار چون جاران نیەن
خەڵاتش شادی پەی یاران نیەن

نەورۆز گوڵ خەندان سەربەرنا وەردەن
هۆناوی دیدەگۆناش سوور کەردەن

سەوزەی سەربەرزان چەمەرەن سەماش
گوڵ ڕەشپۆش ، بڵبڵ شیوەنەن نەواش

نەسیم بۆی نەکهەت مارۆ وە دەماخ
کویسانی خاڵ خاڵ زەوق مەدۆ پەرداخ

شەتاوان یەکبین کۆرپە ڕۆشانەن
سروشت و دەروون کۆسی نۆشانەن

جە دڵەم پەرسام مەگەر چێش خێزان
فەسڵی گوڵ خێزان بین کەلا ڕێزان

وات " ڕێژەن " دەك دیس لێڵاویت لیل بۆ
هەوارگەی شادیت خاڵی جەخێڵ بۆ

پەی چێش چەمەرای نەو وەهارەنی
بی خەوەر جەكۆس تازەی یارەنی

مەرجە دووی دۆزخ نەداری خەوەر
سارای شارەزوو ڕیە کسەر کرتەن وەر

هەرکۆ گیانداریێ جەوەحش و ئینسان
جەرگش کە بابەن چون خەزان ریزان

هەرکەسێ بدیەی نەخاوی مەرکەن
یاخۆ ئاوارەی زووخاو نەجەرگەن

دژمەنان دلشاد شاربیەن خاپوور
هەڵەبجە پیچ دیسان بیەن شارەزوور

کۆرپە نیم نەفەس جەسینەش ئەشیر
مەدیۆیەی یەزدان نەرووی سینەی پیر

بێ زوان حاڵش هەزار عیتابەن
مەدرەکش پارچەی جەرگی کەبابەن

نگاش چون عاقل رووش نەسەفیهە بۆ
بەیەزدان ماچۆ شافەزین پەی تۆ

## تۆفیق ئیبراهیمی

کۆترە سپیەکەی پیکاسۆ دۆێنێ فڕی
لەسەرشارە سووتاوەکەی هەڵەبجەدا
پەڕوپۆ وباڵی هەڵوەری
دانە دانە پەڕەکانی بەدەم تۆفانی مەرگەوە
بڵاوەی کرد
داخی چزان بە جەرگەوە

ڕۆژ ژمێری کۆران
١٣٦٨ ی هەتاوی

رەسووڵ رەش ئەحمەدی

## مەرزەوان

گڵە مەودا بدە با رابمەوە    تین و کوڕ بێتە لەشم چابمەوە
با ئەوین بێت و بلاوێنێ دڵم    با لە هێلانگ دەنەوە ئاو و گڵم
با بە بێدەنگی لە گۆڕا هەستم    دەربڕم دەردی دەروونم هەستم
با گڕوو نەگری پەپوولەی عەمرم    تامی گۆڕخانە نەچێژم نەمرم
کەس لە دونیایە نەبێ بەرگر بێ    مۆتە بڕوات و خەفەت هەڵگر بێ
نوقمی ئەسراری لە مێژم بێژم    کێ بە سوور پۆشە لە لای هەڵڕێژم
وەرە بڕوانە هەناوی بڕژاو    تەرمی خنکاو و لەشی لێک پڕژاو
دەس لە مل بۆکنی گشت خنکاوان    کیژ و کوڕ کوشتە و دڵ پێکاوان
شۆڕشی شێعرە ، شعووری لاسار    شاوری گرتووە باڵی پاسار
تاسکڵاوی تەمەنی جوانانە    کەوتووە ، ماوە لە جێ ژوانانە
پیر و لاو کەوتووە لاڵی خوێنن    کۆچەری دەر بە دەر و بێ شوێنن
شین و شین گێڕ لە پەنایەکدا مەنگ    ماونەوە گردە تشین و بێدەنگ
کوانێ ئەو کۆنە گراوەی جارێ    بوومە میوانی وەکوو ڕێبوارێ
پێی کوتم کوردی بەری گەرمێنم    تۆ لە کوێستانی وەرە بتدوێنم
پێم وت ئەی کیژی لە باری شەرمین    تا نە و مەرزو سنوور و پەرژین
وا لە مەعبەینی من و تۆ دایە    بێ وەفا نیم مەڵێ بۆ نایە
مەرزەوان بە شقی خوا ئەو جارە    ڕێم بدە بچمەوە لای ئەو یارە
تەرمی بێ گیانی لە باوەش بگرم    هەڵمژم بۆن و بەرامی و بمرم

شیوەن

## هەڵەبشیما

واهەڵەبجە بوو بە شاری - هەڵەبشیما

وڵام چی یە ؟ ... گەر بپرسین

لە ئاین و لە فەلسەفە ،تلسەمی ئیتر چیما ؟

کەهەڵەبجە بوو بەشاری هەڵەبشیماو

کوردێك سێ پێی لێ بگێڕێ

لەناو دەست و پێی چاوەڕێی زۆردارانا

واهەڵەبجە بوو بەشاری هەڵەبشیما و

خەبەر لێمان بێ خەبەرە

موئەزنی منارەکان ، هەرلەوەڕی ئیستگەکان

های هیتلەرە ، های هیتلەرە

.... بەرماڵەکەی ئیمام هەمزە

بچنینەوە : - باپیس نەبێ

( کوسیخانە جم ) لەخەو هەڵسێ ،

با سوار سواربێ

با (ئارام سین ) لە " دەربەن گەور "

بەرەو گوندی " بەلەك جار " بێ

واتا عوون هات ، تاعوونی رەش

بە شاگری " دایە گەورە " لەکارەسات
دەدا خەبەر
رەش سوارەکانی تاعوونی ئەم بەهارە
چەمی ( دێوانە ) دەشکێنن
دەیانەوێ " وەکوو دەڵێن ": سەربە
( زەردە ) دانەوێنن ؟...!
بە " گۆران " ی شاعیر بڵێین
گەشتێ بکا بۆ قەرەداغ
هەتا دەگاتە ( دووکان ) ی گوندی
شۆرەبی وشاش و باخ

* * *

شمشاڵ ژەن سۆزی هەرباوکە رۆبە
چۆپی کێش تۆزی هەرباوکە رۆبە
تاعوون دەبارێ و دێ شێواو هەی رۆ
سۆز وهاواردێ لەتاکاو هەی رۆ
مەستی بێ شەرابی هەرزەکار هەی رۆ
پیری داربەدەست ، کەفتەکار هەی رۆ
زاوای بەردەرگای چاوەڕوان هەی رۆ
بووکی رازاوە ،بێ وباوەن هەی رۆ

شەڵقەی چۆپی رۆ، شمشاڵ لێدەر رۆ

ئاسمان ،ئەستێرە ،دێ ،دەشت ودەررو

لە " کلتەی کەڵوەش " ،بەراستاواسە

لە " سێوسێنان " دا ئاخۆج باسە ؟!

باوکە رۆڵە جێی شامان لەرزانە

سەر مۆری شینی با لا بەرزانە

سەری بی پۆشین لە قورگیراوە

شەڵقەی شیوەنەو لە پڕگیراوە

نقێم پێ ورشە و ،هەیاسە سوورە

سەرەتای تاعوون لە شارەزوورە

رێبواری ماندووی چۆپی ورمبازی

بەمەرگی خودای ناو جێگە رازی

وادەتلێتەوە لە ژەهرو ژارا

بەرەو دەشتایی ولەبەر بنارا.

رێگەی راکردن هەرتاعوون سوارە

رێی گەڕانەوەیش هەرمەرگ و ژارە

گۆڕ هەڵتەکێنە بڕوانە ،گۆڕان

هەڵپەرکی و شایی چاوجوانیش تۆران

* * *

دەغڵ و درویّنە وخەرمان شەنی شەویّ
سووری خەرمانیش شەخڵ ومەنی شەویّ
رێگەی ئازادی وپێش رەوی کارە
عاشق وبووکی بێ پەچە وتارا...
ئاواتی کورد و دەشتی سەد خەنجەر
شۆرش وچەك وپاوەرو سەنگەر
لەنێوان کەل و هەرستەمکاریّ
ئەگەر پردێ ما بەردی لێ باریّ
لە هەڵەبجەوە ئیتر لەمەودوا
دەڕوانینە خەڵك دەڕوانینە خوا

رۆژژمێری گۆران
١٣٦٨ ی هەتاوی

رەفیق سابیر

## ئەی دێوانە

شارەکەمان چاوگەی ئازاروگریانە
هەموو کون و قوژبنێکی گۆڕەپانە
عێل ئاوارە وهەڵۆدایە بێ کوێستانە
خەڵکی لەجیاتی با لای شەم
وێڵ وشەیدای لەتێ نانە
ئەی دێوانە
ئەگەر جارێ لامسەللایی
بەناو شاردا رابووری
چاوی بە رووی
تەم لێ نیشتووی
کەلاوەکاندا بگێڕی
من دڵنیام شەمت لەیاد دەچێتەوە
لەناو ئازاری ئەم خەڵکە
گیانت وەکوو گیانی ماندووم دەتوێتەوە

رۆژ ژمێری گۆران
١٣٦٨ ی هەتاوی

توانا

## "چەکی کیمیاوی نامان ترسێنی"

وتیان ئەبێ داری بەروو
خورما بگرێ
وتیان ئەبێ دارە گوێزەکان
بە مشاری تیزاب ببڕێ
وتیان ئەبێ
بەفری سەر لوتکەی چیاکان
بەلمی داخ بتوێنەوە
وتیان ئەبێ
مێژووی شۆڕشگێرانەی کورد
بە کیمیاوی بسڕێتەوە
وتیان ئەبێ
رقی ئەستووری ئەو خەڵکە
بە زەبر و زەنگ دابمرکێ
لاشە لە نێو لافاوی خوێن
هەڵبزرکێ
وتیان ئەبێ
شنەو شنەی کوێستانەکان

بۆ ها لاوی گۆماوەن
کرنۆش بێنێ
وتیان ئەبێ چەك بە شانێ
لە کوردستانا نەمێنێ
... خەیاڵ خاون
بەرامبەر هێزی پێشمەرگە
هەر دەم بەزیون ، دۆڕاون
هێشتا ئاسمان
تیشکی خۆری لێ نەپڕابوو
هێشتا سۆمای خەوەکانی
تێو دەسرازە
خوێناویان لێ نەتێزابوو
هێشتا تالی رەشماڵەکان
دیلانەیان بۆ رازانی

ئازارەکان
هەڵنە دابوو
هێشتا ئاراس
گوڵووکە سوورەی بەرۆکی
بە ئاهی رەش نەپێچرابوو

هێشتا جەژن
منالّی لێ نەتۆرابوو
لاشەی بڕژاوی قوربانی
بۆ نەبڕابوو
لە پڕ دەنگی تاوبباری
لووری هات و تۆپ داباری
قیژە لە ئاوایی هەلّسا
تۆز و دووکەلّی ژەهراوی
بوون بە ئاگر
زامەکانی پێداکیرسا
... بەلاّم دیسان خەیالّ خاون
لە کوردستان
هەر دەم بەزیون ،دۆڕاون

* * *+

لە هەورە تریشقەی شەشکەوتی
لە هەلّوێست و هەلّس و کەوتی
لە بەرزایی هەوارێکی
سەر بەرزیدا
لە کاروانی ڕێبازێکی

تەبەزی دا
کانیاوەکان تەقینەوە
لە رۆشنایی
تەوژمی بەر دەرکی سەرا
بۆ رەواندووز
بۆ شارەزوور
بۆ داستانەکەی قەراخ و
نێو مێرگە سوور
... بەرینەوە
بوون بە سەنگەر
بۆ دروشمی شالاوێکی
نوێی داهێنەر

* * *

ئەمساڵ کوردستانم گڕە
ئەمساڵ رەنجی تێکۆشانم
بەرە و ژانێکی سگ پڕە
کۆڕبەیەکە و
... ئالای پێ یە
موژدە نامەی

ئەنجامێکی رەوای پێ بە
کۆرپەیەکە و
پرپشکی لێ ئەبێتەوە
سروودی گوللەی رزگاری
لە کوردستان ئەلێتەوە
کورد هێرشە نابڕێتەوە
کورد شۆڕشە ناتوێتەوە

توانا - ١٩٨٧ سوێد - چاپخانەی خەبات

د . عیزەدین

## هەڵەبجە

دۆینێ کە ناوی ئەمرۆ بوو
بە هاوڕێ
ئازارەکانت بە سەر چوو
بارانیبوو
بنج و بنی خانووەکەتی
داپڕیبوو
لافاوێ بوو
کەنیشتەوە
لاشەی هەزار روومەت سووری
ژێر خستبوو
با ئەمرۆکەش
ناوی شادی و بزەی گوڵ بێ
با هەر گەردەلوولی خەندە
دڕك و داڵی ژان وهاوار
راپێچ بکا بۆ هەندەران
کەسبەینێ بەیانی هات
ئەمڕۆی دۆینێ
بۆ تێبرتکەی سووتاو ئەگری

## شێخ محەمەد باڵەك

# شاری چاوکاڵان

نە سەر کوڵمەی گراوی خۆمە لە پشکە خوناو دەبینم
نە خوناوی مانگی گوڵانە لە سەر شەودا* و دەبینم

نەراوکەری کێو نشینە بێ هەست لە تناو تەڕاشێ*
کە وداو دۆزەو هەڵدەکێشێ هەناسە بەلای پاشێ

نە قەیرەی* هەشنۆدە راوە لە بۆغەیی* و لە پریان
نەگاتە گوێی سووکی راوکەر دەنگی بەرۆژی زریان

نە هاشەی بای شەماڵە نەورشەی رەشە گوێنی
نە تەڕاشێ بە سۆرەپەك* لە قینان دەگازێنی*

نە پۆخی* گڕی دێمە* دارە لە سیاوسووتنی* بەهارێ
نە لێوی قوتی گوێ مشکەیە گوڵاوی لێ دەبارێ

نە لەرزینی زەرد کە دارە لە بەرزینی* بەرزیان
نە لەیبزینی چڵوێ رەشە لە شایی شنەی سەرزیان

نە شینکەی* سەرکونە مێرووە نە چریوەی بن کەویان*
لۆزانەتێی* گەوزیبێ پیرە حۆشتری ئەمەویان

نە کڵووک* بووکۆڵەی ئەستە خڕە* لە شاڵی کارە ساتێ
مێلاقێ بەستاراتی* لە کەشیبانەدا نەکاتێ

نە شێرەکەی حاجی وسوو* لە خوێنی گەورە و چووکان
لە کوشتارگا بریقەی بێ وەک تارای سووری بووکان

نە حاجیلەی شارەزوورە لە تۆی خۆی بێ هەراسان
خەرمانی کڵووکی مێژووی ، کاکێرەکەی پێ خواسان

کێرەی کوردبێ ، جابایەکەی بێندادی
کوردبێتە جیاوی قوربینکی ئازادی

نە کەوهەری پڕیشکە ئاوە لە ناو چۆمی ئارازێ
نە زنجیرەی شێرە گوزانە بە شەپۆلان نەترازێ

نە جۆشی کەڵڵەی مەردانە وەکوو خوێنی دیناکۆ
وەجۆش بێنێ کیانی سڕی دیلایەتی دەستەمۆ

نە خەنجەری کوردی مەردە لە سەردەمی مەغولان
راچەنێنێ چرپەی ، دڵی خڕو قەدپاڵ و دۆڵان

ئەو سەردەمەی کە سەری خۆی کوردی دیسان رەنجەڕۆ
کردە پەرژین بۆ نێوکەلی نەنکی کەڵەکای ئەمڕۆ

ئەوە زێڕەی ئەو خاکەیە کە بابەکی خوڕەم دیتن
هاواری وەبەر هێنا ڕۆژی تورکە و ڕاپەڕین

کوڵاوی ئەو کیانەیە کە پاکتر بوو لە پەری
پڕا بە سەر بووکی مێژووی منی لە ژیان بێ بەری

شایی کوڵی ئەو کیانەیە لە باخی تۆبەکاران
دەلەیزێت و دەلەرزێتن بە ئاخی تۆبە داران

گەوهەری ملە زنجیرە* لە ناو کودرەی بێ دادی
جۆشی دراوە بۆ گەردەنی بووکە سوورەی ئازادی

گەنجی کیانی فریشتەیە عەرەب بردی بە تالان
چیژ هەمیانی* بابای مردن ژینی شاری چاوکالان

ئەمەکی دەربێ‌ی تەنکتە ئێستا دەمانەدەیە وسا
کە سەندیەوە سەلاحەدین لە دەستی قەومی عیسا

هەی ڕوو ڕەشی مێژوو سووری ئابڕوو بێ ئاوەڵ کراس
سەرپایە و پاپۆشی ئابڕووت لە ئیسرائیلی بێ خواس

لە ١٩٨٨/١٢/٢٤ را هەتا ١٩٨٩/٦/٢٧

ی . وەرزێــــر

" ســـرو‌ودی هـەڵـەبجـە "

ســـەرەتـــا :
دەبـێ شێعری مەرگەسـاتێ
شێعری شەهیـد بوونی شارێ
بە وشەی کام ماتەمینی
کام شۆڕش و جیهان بێنی
دەسـت پێ بکەم بە بێ گریـان
بنووسـم و بڵێـم زیان ؟!

* * *

نێرگزی رادیـۆی شۆڕش :
هاوار خەڵکینە ، خواکانــی ئاسمان
هــاوار ئەی سروشت ، دارو بـەردی جوان
هاوار ئەی دەریــا و ئەی رووبار و چـەم
هاوار ئەی خەنـدە و بــزە وئێش و خـەم
هاوار بـۆ ئێوە ئەی ئاشتــی خوازان
هــاواری مەرگــە دەنگی کوردستـان

* * *

دەنگی شاعیر :

تا خەڵکینە ئەمەی دەیڵێم
شێعر نییە گوێ مەگرن لێم
ئەمە سەرەتای شێت بوونە
هاواری پاش لە ناوچوونە
قیژەی مەرگی هەرزانە
سەمفۆنیای بۆمبارانە

* * *

ئەی خەڵکینە ئەمەی دەیڵێم
مەرگێکە هاتۆتە سەر رێم
شیوەنێکی پڕمانایە
چواردە ساڵە لە دڵمایە
ئەمە شێعرێکە هی مردن
هی کوردستان کاول کردن

* * *

وتم ئیتر ناگریم تا هەم
باوەش ناگرمەوە بۆ خەم
بەڵام دوژمنی کوردستان
لە ناکاو هات وەکوو زریان

بەهاری کردینە خەزان
هەزاران گوڵی هەڵوەران
بۆیە باوەشم پڕ خەمە
ئەم ژیانەم لاستەمە
فرمێسکی چاوی کورد ئەمڕۆ
نیشانەی سەدەی بیستەمە

* * *

دەنگی کورد :
هاوار خەڵکینە فریامان کەون
کورگی هار کۆرپەی دڵی فڕاندووین
ئەی ئاشتی خوازان کەی باسمان دەکەن
لە هەر چوار لاوە خاکیان سووتاندووین
کۆرپەی ساوامان لە بێشکەی مەرگا
فێر دەبێ بڵێ : بژی پێشمەرگە
یان لە سەنگەرا ، یان بن سێدارە
هیوای ئازادی کوردمان لێ دیارە

* * *

دەنگی پێشمەرگە :
شۆرش وا دەکرێ ، شار کاول ببێ

کەورە و بچووکمان هەر ئاوارە بێ
ئەمڕۆ یان سبەی هەر دەبێ شاد بین
لەم ژێر دەستی بە دەبێ رزگار بین
جیهان کوێ بکرن ... شەهیدان دەڵێن
بۆ کورد و خاك و شۆڕشە بەڵێن
" مەرجە تا ماوین هەر پێشمەرگە بین
قوربانی خاك و ئاڵەم رێ بە بین "*.

شێعری / ی . وەرزێر
نەورۆزی ١٩٨٨ ئیتالیا
کۆواری بەربانگ -
ژمارە ٨٨- لاپەڕەی ٣

---

دێری ناو کەوانە کە هی شاعیرێکی دیکەیە و لێرەدا بە پێ ی پێویست کەلکمان لێ وەرگرتووە ودووبارەمان کردۆتەوە .

ك . د . ئازاد

# "پەیام"

هەتا کوڵێك پەڕ پەڕ دەبێ
دەیان غونچە دەپشکوێ
هەتا دارێك رادەنیشێ
دارستانێك لە نوێ دەڕوێ
کە دە هەزار
کوردی شاری "هەڵەبجە" شم
بە شیمیایی خنکێندرا
سەدان هەزار منداڵی کورد
لە کوردستان هاتە دونیا

ك . د . ئازاد

## " هەڵەبجە "

ئەگەر گەڵایەك هەڵوەریێ
دڵی شێعرم دادخورپێ
ئەگەر گوڵێك بەرپەر ببێ
چاوم تانەی بە سەر دادێ !
هاوار هاوار
لێرە دارتا
دارستانیان شەق و شڕ کرد
لێرە گوڵ نا
لێرە گوڵستانیان قڕ کرد
لێرە کە شاری هەڵەبجە
هەر کوردێك نا
تۆوی کوردیان قەڵت و بڕ کرد
بۆیە دەگریم
بۆیە دڵی ساوای شێعرم
دادخورپێ
بۆیە تا دێ ـ لێوی رقی خۆم دەکرۆژم
چاوم تانەی بە سەر دادێ

## نەجیبە ئەحمەد

لەم پاییزە شەوەدا
لرفەی چەمی یادەکانت
ڕەگی درەختی عومرم دەهەژێنێ ...
نە ئەوەیە بە یەکجاری دەستە بەرداری ئەم خاکەی کات
نە ئەوەشە لەرەگەوە دەریبێنێ ...

لەم پاییزە شەوەدا
گەڵای زەردی درەختەکان ،
وەك هەنگاوەکانی ئێستام ،
وەکوو ڕۆژەکانی ئێستام ،
کز و لاواز
بێدەنگ ، بێ هەست ،
ئاویزانی زەوی ئەبن ...
زەویش سنگی شەقار شەقار ،
هەر شەقارەی کسپەیەکە ،
هەر شەقارەی مێژووی کۆچی عاشقێکی ،
بێ بەیداخ و بێ وڵاتە ...

لەم پاییزە شەوەدا
پەڵە هەورێکیش شك نابەم ، دایە ، بمگرێتە خۆی ،
بمهێنێ بۆلات
هیچ نەبێ جارێ ، هەر تەنیا جارێ ،
لە گەڵ دڵۆپەی فرمێسکەکانیا ،
برژێمە سنگی جادە و کۆلانی شارەکەمەوە ،
برژێمە نێوان زولفە کانتەوە ،
زولفانت ئێستا لەوە دڵنیام ،
وەك چۆرە شیرو بالای قەندیلە ...
وەك مێژووی ژینی پێشمەرگەی شەهید ،
پڕ لە داستانی قارەمانێتی و خۆشەویستینە ...
ئاخ ئەگەر بلوێ و بۆتەنیا ساتێ ، وەك جاری جاران ،
ڕێم بکەوێتەوە لای تۆی مێهرەبان ،
سەربکەمەوە سەر رانەکانت ،
ئەوسا ئەزانی ئەو ڕێگا عەشقەی کەللەیی کردم ،
چەند پڕ ئازار و چەند خوێناوییە ،
ئەوسا ئەزانی ئەو ڕێگا عەشقەی‌منی سەودا کرد ،
دیوارێ نەبوو بەوشکە کەڵەك هەڵچنرابێ ،
دەریایەك نەبوو لە جیاتی گەوهەر هەرزیخی تیابێ ،

ئەوسا ئەزانی ئەو سەرەشێتەم

برینێکە قووڵ هەر وەکوو دەریا ،

خوێنی خۆم وبراکانم بە سەر یەوە لەنجە ئەکات

نەقەتماغە ئەبەستێت و

نە لە مێژوو ، و یادگارەکانی تەمەنما لە بیر ئەچن ،

لەم پاییزە شەوەدا

حەزم ئەکرد قەقنەسی‌ببام ،

لە جێ ی پەلوپۆش ،

چی شێعرم هەیە ،

لە دەوری خۆمیان کۆ بکەمەوە

بە گڕو کڵپەی دوا سۆزی دەروون

کل وکۆی خۆم و ئەوان داگیرسێ ،

چونکە ناتوانن ببنە ئاوێنە ،

هیچ نەبێ وێنەی دەسکەنەی قژی

کچۆڵەیەکی هەڵەبجەی شەهید خۆی تیا بنوێنێ

یا بۆ گرووزی پێستی منالێ

کە لە ژێر داروپەردووی ماڵێکدا بە جێهێڵدراوەو ،

لە دوا هەناسە ودوانووزە نووزیا ئەڵێ

دایە گیان بە جێم مەهێڵە ،

دایە گیانیشی چل پەنجا مەتریٚ لەوەوە دوورە ،
هەناسەی سوارە ، زمانی لالە ، لێووشك هەڵاتووە ،
قەترانی رەنگە ،
بە هەر چوار دەوریا دەست و پەل ئەگوتیٚ و
دوا کوژم و تینی رۆڵە پەرستی ،ئەخاتە بەر خۆی ،
بەسکە خشیٚ ئەڕوا و نایگاتیٚ ،
یا چلێك و کێمی برینی سەختی ناسکە ئافرەتیٚ ،
لە گیانەڵەڵادا رووتی ئەکەنەوە ،
ئەمیش دوا دڵۆپەی ئارەقەی شەرمی ،
تێکەڵ بە خوێنی شەهیدان ئەکا ...
یا ئاه و نالەی گۆچان بە دەستیٚ ،
کە ئێستا لە ژێر چادری خەما
رەشە خێزانی رۆڵە ون بووەکەی ،
فێر ئەکا لە گەڵ چاوەڕوانیدا تەمەن بژمێرن ،
یا حەز و تا سەو خەونی نۆ بووکیٚ
کەوا لە خوێنی خۆیا شەلاڵە و کەمەرە و با زنی ،
دەستا و دەست ئەکا ...
یا بە جانتای دەستی قوتابیەکی دەدوانزە ساڵە ،
کە دۆینیٚ پڕ بوو لە هیوا و ئاوات ،

کە چی ئەمرۆکە لە جێ ی کتێب و قەڵەم و دەفتەر،

مێشکی پڕا و پەنجەی بەرپێوە و لەتە جگەر و

دڵ و هەناوی گرتووەتە باوەش ...

یا خود قەڵیشی پەنجە و ناو لە پی کرێکارێکی

بە سکێ تێر وبە دەیان برسی ...

وا ئەمرۆ لە جێ ی نان و پێکەنین ،

مشتێ لە گەچ و خۆڵی خوێناوی ،

ئەکاتە دیاری زارۆکەکانی

لەم پاییزە شەوەدا

هەڵەبجەی شەهید تایەڵێ بنووم ،

هەر جارەی ئەبێ بە تابلۆیەك و

بە سەر سنگی منالێکی ئاوارەوە سەما ئەکات .

تابلۆی یەکەم

هەڵەبجە گیان هەر چەند دیلی دەستی زاڵمانە ،

بەڵام گەورە کچێکی زۆر شوخ و جەر بەزەیە* ...

دەیان ساڵە دلداری خۆرو بەهار و ئازادییە ،

دەیان ساڵە لە جێ ی عەتر و سمل و مێخەك ،

لە جێ ی بەرامەی لا رەزو کێلگە و دارستانی ،

بۆنی قژ و پێستی هەڵقرچاوی خۆم و قەوم و کەسەکانی ،
ئەرژێتە سنگ و بەرۆکی و ئەم هەر شەیدای ئازادییە ،
دەیان ساڵە پەتی سێدارە و کێردەکان
بە بەر چاویا سەما ئەکەن ، درووێنەی لاوەکان ئەکەن
ئەم هەر شەیدای سەر بەستی یە ...
دەیان ساڵە زنگ گیر ئەکا ،
لە گەرووی نەهەنگی ئەم سەدە تاڵە ،

تابلۆی دووەم

گەورە کچمان نۆ بووکێکە
لە جێ ی دڵی هەزاران دڵ حەیرانی ئەبێ
لە سەر دڵ و هەر دوو دەستی ،
خۆرو بەهار و ئازادی هەڵگرتووە ،
بە هەر لایەکدا ئەڕوانێ و بۆ هەر لایەك هەنگاو ئەنێ ،
ئەچریکێنێ و لە گەڵ سەدای چریکەیدا نووری خودا ئەبارێت و
ئەستێرە و درەخت و رووبار پێ ئەکەنن
ئەچریکێنێ : ئۆخەی ژیانی ئازادی
ئۆخەی ژیانی سەر بەستی چەند شیرینی ،
ئۆخەی کە من نەمردم و پێت گەیشتم ، دڵدارەکەم ...
ئۆخەی ئەمڕۆم چەند نازدارە ،

لە جێ ی پوستاڵ
ترپەی پێ ی شێرە کوڕانم ،
ئۆخژن بە رۆحم ئەبەخشن ...

تابلۆی سێیەم

تۆبووکمان تەمەنی کورتە ،
نیرکزێکی سەربڕاوە ، گوڵاڵەیەکی رەشپۆشە و
لە خوێنی خۆیا گەوزاوە ،
لە هەر لایەك سەرنج ئەدەی ، ورد ئەڕوانی ،
لە قەراخ شار ، ناو رەز و باخ
لە ناو کێلگەی هەڵقرچاوا
لە کۆچەو کۆڵان و بەر ماڵی داڕووخاوا
بە کراسی سپییەوە تۆبووکمان لێی ڕاکشاوە ،
خۆرو بەهارو ئازادی
لە سەر سنگی و هەر دوو لەپیا هەڵگرتووە ،
لە بەر دەرگای گشت ماڵێك و ناو کۆڵان و قوتابخانە و ،
بەر مزگەوتی وێران بووا
گۆلاوی خوێن ئەبێ بە هەڵم
هەڵمیش ئەبێ بە چەپکێ نووروسەر لە نوێ ،
ئەڕژێتە سەر دەست و سنگی ئەمی شەهیدەوە

تابلۆی چوارەم

چەبکێ نێرگزی سیسەڵە
ملی بەلارەوە ناوە
رووی دەمی چی یە و پرسیاری ،
لە خاکی رەش هەڵگەراوە .
دایە : بۆ چی وەها تەنیاین ،
دەوروپشتمان چۆڵەوانی و وێرانەیە ؟
دایە بۆ چی وەکوو سالان ،
نەرمە رەوتی ناز دارانی خێڵ جاف و
کیژەی کۆرانی و تریقەی کوڕانی قۆزو پوشماغم*
لە دەور نایە ... ؟
دایە بۆ چی کولاڵەی دەستە خوشکیشم وەکووسالان
بۆنی نایە ... ؟
دایە ئەمسال ، پێلاو رەش ، تەپڵە لەسەر ،
چاو دەرپۆقیو ، دەم بۆکەنیو بەم ناوەدا ئەگوزەرێن ... ؟
کە بۆنم ئەکەن ، نەك هەر لەوان ،
قێز لە خۆشم ئەکەمەوە
دایە شەوانی ئەمساڵمان یەکجار درێژ و سامناکە ،
پڕ تەنیایی و کەساسیە ،

ئەوە چییە ... ؟
ڕۆڵە : شەوگاری مەینەتی و ،
کڵۆڵی ئەم نەتەوەیە لە بن نایە ،
ڕۆڵە شەوگاری ئێستامان هەر پرسەیە ودوایی نایە ...

تابلۆی پێنجەم

مامە ساڵە لە سەر گردی عەبابەیلی ،
لە ناو تەمێکی ئاڵەوە وەکوو تارمایی دیارە ،
هەر دوو دەستی کۆست کەوتووانە ،
لە بەر پشتێنەکەی ناوە ،
بە دەیان جۆر ئەچرکێنێ ،
دەمێ لاوک ، دەمێ حەیران ،
دەمێ بە هۆرە و شای ئایە
دەمێ بە قەتارەی گەرمیان
هەندێ جاریش بە خرۆشی دەروێشانە
ئەلاوێنێ ئەم بەهارە
بەهارە بەهارە
ئاسمان پڕ لە گەرد و خۆڵە
ڕەنگی بۆرە
شار خامۆشە

نەبۆن و بەرامەی گوڵان و نەسرەوی باڵندەیە دێ
نە خورەی قەڵبەزەی دەوریان ،
نە باعەباعی بەرغەل دێ ،
رۆڵە شارمان هێشتا بۆنی خوێنی لێ دێ ،
رۆڵە شاسوار ئەم بەهارە
من بەرە و کۆر
تۆ بەرەو هیوا و ئومێد و ،
رۆژێکی نوێ هەنگاو ئەنێی ،
رۆڵە تەکەی کێڵکەی ئەم خەمە داگیر ساوەم فەرامۆش کەی
تەکەی دیاری قەلەرەشەکانی ناو مێژوو ،
هاش و هووشی داگیرکەرەکان لە بیر بکەی
رۆڵە سەیرکە چۆن لە جێی بەهاری هەزار رەنگەی سالانمان ،
لە کشت لاهەر تەم و مژەو کوردستان توقمێ رەشییە ،

رۆڵە ئامان
وەسێتی ئەم باپیرەیە لە بیر نەکەی
هەموو ساڵێ لەم رۆژەدا وەرەو ،
بە ناو کێلکەی ئەم گۆرستانەدا گەشتێ بکە
چرایەك و بەیداخێکی قەزوانی رەنگ ،

لە ژوور سەری کشت شەهیدی داگیرسێنە ،

بانگیش بدە : ئەمە شاری شەهیدانە ،

تاجی سەری کشت شارەکانی ناو مێژووە

شەهیدانی کوردستانە

گۆواری نووسەری کوردستان

ژمارەی ٥ ، لاپەڕە ١١٩-١١١

## جەنگۆ

**"بۆ هەڵە بجەی شەهید"**

جارێکی تر
ئەژدەهاك لە خەو راسوو
مارەکان زیندوو بوونەوە
جارێکی تر
رووبارەکان لێڵ بوون
چیاکان نرکاندیان
دار بەروو فرمێسکی
دابااران ...
جارێکی تر
پەڵە هەورە چڵکنەکان
باڵی رەشیان
بەسەر وڵات داگرت
هەرەشەی لافاوی خوێنیان
هێنا ...
جارێکی تر
مەترسی مردن هەرەشەی
لە کۆرپە ساواکانی نێو بێشکە کرد

جارێکی تر
دایکە ئۆقرە گرتووەکان
کەوتنە نووزە و واوەیلێ
دەنگی دڵ کوتان
رۆژە رێ یەك دەبڕی
تارمایی مردن و
سامناکی کارەسات
باڵی بە سەر گوند وشار داکێشا
جارێکی تر
ئاوارەیی و دەربەدەری
روو کردنە شاخ
خۆ حەشاردان لە ئەشکەوت دا
لە پەنای پیرە دار بەروو
لە ترسی سیسارکە کەچەڵی
چەپەڵی دوژمن ...
جارێکی تر
هەر بابا بوو
لانەك و کۆرپەی
لە توورەکەدا دەخست و

دەسەر پشتی هەڵ دەدا
بەرە و چیا رێ ی دەگرت ...
بەڵام ... بەڵام
مردن رێگای نەدا
پەنجەی تێ گیر کردن ...
کۆرپە و دایک
باوك و زارۆك
لە چەقی رێ دا
لە دەرگای ئەشکەوتدا
لە سەر خوانەی نان خواردن دا
وشك هەڵگەران ... سەریان چەمی
تیری مردن ... جەرگیان سمی
هەندرین نەڕاندی
پیرە مەگروون نەڕاندی
قەندیل نەڕاندی
لە ئاسمانی وڵاتەکەم دا
دەنگی دا ... کوردستان یا نەمان

ستۆکهۆلم

٢/٦/١٩٨٨ ـ رۆژنامەی سەردەمی نوێ

لاپەڕەی ٧ ـ ژمارە ٣٤

## نامۆی حاجی کەریم

### پرۆسیسی ئەوینێکی کۆن

ئەی ناقە دێیەکەی بەر کەمی شارەزوور
گوێم لە هاژەی کێتە
شەو تەم و مژە خوێن ڕەنگە داکشاوە
باوەشی ئەم ئێوارە تەو
منالانی خەوزراوت تیا هەڵاوژاندووە
ئەوەتا دەست و پەنجەیان دەبینم
هەر بە دەست و پەنجەی
باران دەچێ
چاویان دەبینم
لە پەنا کێلی شکاوی لارەوە بووی
کۆرێکی تەپیوا
خوێنی مەرگ گرتوونی
ئەی هەڵەبجە کیان
هەر زانیم ئەم دڵە بچکۆلەیەم
لە گەڵ دڵی هەژارانی
وڵاتەکەما پێ دەکەنی
ئەوەتا ئێستاش لە گەڵ دڵتانا

دەکری
هەڵەبجەی باوانی من و
شارە زووری دامێنی خۆر
ئێمەی کالای ئەرخەوانی چیا
وافێرین
خەون بە ئەستێرەی
تەمەن خەمەوە ببینین
دەبهێڵە
با خەون بە تۆوە ببینین
ئێمەی زەرا دەشت کوژراو
ئێمەی قیبلە رووخاو
لە پەیامیەرێ
گیان بەفر و خەون بە گەلەوە دیو
دەگەرێین
دەلێگەری
با چیرۆکی سی جرمەی
تۆزی بەر پێی چارەوێ خۆشبەرەکەی
لە خەوی شیرینی بناریکا
پارچە پارچە کراوی

تۆ بنووسینەوە
کەسەکەم ئەوەتا ڕێگای دوورم
بۆ کۆچی تۆ
هێناوەتەوە
کە چی کپی و ئارامی
ئەم ئێوارەیەت هێندە سامناکە
هەناسەی گەل
خەو دەیباتەوە
ئەم ئێوارەیە
وەك جامانەی تەمێکی سەرەڕوێ
لە سەر سەری چەم دابەزیو
تەزیوی بەفر دەبینم
چۆن لە پرچی ئەفسووناویی
چیادا نوستووە
ئەوە تا دڵم دەناسمەوە
چۆن بۆ تە جەستەی پرد و
لە ژێر پێی جنۆکە قژنەکا
قرچە قرچی دێ و دەلەرزێ
ئێستاش هەر بە بووکە

لادێیەکەی جاران دەچێ و
تۆزی کۆچی
شنـــر وێـــی پێ خاوس
وەك بارانە عەتـر
رووی بەفـری گوڵ ئاســای تەنیویەوە
ئەوەتا لە ژێر
سنگ و بەرۆکی مانگی نوستوودا
سپی دەچییەوە
وەك ئەوەی هەواڵی کوشتەی
جۆگایەکی تیـژرەوی
بۆ زەردە پەر سەر هەڵگـرتووت
بیستبـێ
ئەرێ خوا نـەخواس
دەرمـــان خواردەیـی
هەڵۆی بەشکۆی خـۆرت ئاگـا لێیـــە
وا . ســەری تەرمت داداوە !
ئەی پاشـای خەونەکانم
تا ئێستا نەمدەزانی
ئەو شەرابەی دەیخۆمەوە

خوێنی تۆیە !

تا ئێستا نەمدەزانی

خەنجەری سەر سك و

ژێر پشتێنی شێعرەکانم

مێژووی تۆیە

لە کوێ بزانم

ئەگەر بەستەی دەمی ئاهی تۆ نەبێ !

بالای شێعرم

سایەی نابێ !

من دوێنێ چیام خۆش دەویست

ئەورۆ عاشقی ڕێکا و باتم

من دوێنێ ڕووبارم خۆش دەویست

ئەو ڕۆ بەستەی پەرەنگی

شەونخوونی پردان

لە سەر فرمێسکی منالان

دەنووسمەوە

ئەی شارۆچکەی ئاواتی خەملیوم

ئەوەتە کازیوەیەکی روون

وەك پەڵە هەورێکی

بێ وڵاتی تیـــژڕەو
شەوی نوستـــوو بـــە سەر پەرەی
دیوارە لاواز و نەرمەکانـــەوە
دەســڕێتەوە
جامی خوێنـــاوی تەمەنت
خۆری لێ دەڕژێ
ئای هەڵەبجە !
ئەو کاتەی با لای خەمم
بە قەد تەمەنی پێکە نینـــت بوو
نەمدەزانی کۆچی هـــۆزم
بۆ لادێـــی دەستەمـــۆی باران
بۆ بیابانی لە نەوتا خنکاو
بـــۆ منالّی هەنسـك نەرمـــی
تان بە دەستـەوە سووتا و
بۆ سنە و بەری لە تووکی
سنکی دارستان هەلکەنـــراو
بۆ دلّی چیای
لە قەفە کێشـــاو
لاشەی چەکوشـــی خوێنینە

ئێستاش با لای شیعرم تەمەنی گریانتە
بۆیە کردوومیە شای
هەموو دەنگەکانی وڵاتی
کەرووم
شارۆچکەکەم !
ئای کە خۆشە خەون بە تۆوە بینین
ئای کە شیرینە یادی منالّی
لە رۆژ و زەویی تۆدا بە سەر چوو
ئۆف باوانەکەم !
ئێستاش لە بیرمە
کە لاشەی ئەسپێکی سپی
لە چیا هەڵدێراویان دەهێنایتەوە
کچانی دەست بە خوێنی هۆز
ریزە شەوی باڵی تۆ زاوییان
بە هەزار پەلکەی ورد
دەهۆنییەوە
هەر بۆ ئەوەی هیوا بەخشی گەل
لە نامۆیی و شوومی
رقی خوا بگێڕنەوە

لادێ شیرینەکەم !
ئەی کلیل هەڵگرەکەی قاپی
رۆژگاری نزاکردنم !
لە چیای برینێکتا لە دایک بووم
لە تەك هاواری خوێنتا
پەروەردەت کردم
هەر چەندە ئایەتێکی چیابیت و
حوکمی سەر لە بەری
سوورەتی شێعرەکانم دەکەی
ئەوە بۆ شەش نەورۆز دەچێ
بەستەی رەهێڵەی گریانم
بە جێ هێشتووی
نە بەشداری بە خاك سپاردنی
ئەسپێکی بەتریشقە سووتاوم کردی و
نە بۆ سەر فرازیت
ئەم گیانە تۆز لێ نیشتووەم
پێ بەخشیت

١٩٨٧/٥/٢

گۆواری پەیڤ ژمارە ٨ ـ لاپەڕەی ٨٢٠

# " ناتوێینەوە "

گەر خەیاڵتان وایە ئیتر دەبڕێینەوە : نابڕێینەوە
گەر خەیاڵتان وایە ئیتر دەتوێینەوە : ناتوێینەوە
تۆوی تۆڵەین دەڕوێینەوە
تۆوی رقین دەڕوێینەوە
کوڕمان دەبێ و ناوی لێ دەنێین هەڵەبجە
کچمان دەبێ و ناوی لێ دەنێین هەڵەبجە
تا بیست هەزار هەڵەبجەمان گەورە دەبێ
هەڵەبجەکان دەڕۆنەوە بۆ هەڵەبجە
هەڵەبجەکان هەڵەبجەمان دەکەنەوە بە هەڵەبجە
گەر خەیاڵتان وابێ ئیتر دەبڕێینەوە ، نابڕێینەوە
ئێمە کوردین ، میلیۆنەهایــــن ، لە سەرانسەری دنیا داین
تۆوی تۆڵەین دەڕوێینەوە

گۆواری پەیف - لاپەڕەی ٨١٥

"ناوی شاعیرەکە نەنووسرابوو"

جەوهەر کرمانج

## هەڵەبجە

لەم شارەدا
لەم شارە لێو بە خەندەیە و
هەر چوار وەرز بەهارەدا
هەموو شتێك دەحەواوە
گۆرانی و مۆسیقا و شەوین
شێعری تەڕ و
سنە و بەرو
دەنگی لای لایە و راپەڕین
تەنیا شتێ
کە دەر وازەی ئەم شارەی پێ نەدەزانی
هەر مەرگ بوو ...
کە چی بە تاریکە شەوێ
بە بار ئەویشیان بۆ هانی !!!

عەزیز کەیخوسرەوی

## من هەڵەبجەم

سەرنج بدەن
سەرنج بدەن
گوێ کپ مەکەن
چاو دامەخەن
تا رووداوی
هەڵەبجەیی
خوێناویتان
لە کامێرای دڵی ماتما
پێ بنوێنم
کوڵی دڵتان بهاژێنم

* * *

فرۆکەی بۆمب هاوێژی بەعس
هەر وەك داڵاش
بە سەر شاردا
دەخولێتەوە
وردە ، وردە
بەرە ، بەرە

لە ئەرد نیزیک دەبێتەوە
پەیکی مەرگە و
کەس ناناسێ
گەورە ، بچووک
ساوا ، منداڵ
کشتی سووتاند
وا برینی سەدان ساڵەی
خەباتی خوێناوی گەلمان
دەکولێتەوە

* * *

کارەساتێ
یەکجار چڕە
لەش توێنەرە
جەرگ بڕە

* * *

کۆرپەی ساوا
لە ناو بێشکە
چاوی بە مۆڵەق وەستاوە

ڕۆڵە کوژراو

دەس بە سینە

ورو کاسە

دۆش داماوە

* * *

شار بە هەراو گرمە گرم

بوو بە ژیلە مۆی بێدادی

دڵ دامەیا

باسك بڕا

مەل هەڵفڕی

لە هێلانەی خۆشی و شادی

* * *

قاچ و دەستە

دەکەن سەما

ئەمە ئەزموونی مێژووە

لاپەڕەکەی بە خوێنی گەش

ئابڕووی ڕوخاکی بردووە

* * *

دەمتوانی بە خولّقاندنی
هەڵەبجەی تر لە کوردستان
لەشی مێژوو
بدەمەوە لە سێدارە
فوو لە چرای رابردووکەم
خەلّکی دێهات و شارەکەم
وڵاتە خونچیلانەکەیەم
بە دەس نەیار و بوو دەڵە *
بکەم بە نامۆ و ئاوارە

*　　*　　*

دەکرا بە رووداوێکی تر
کارەسات دووپات کەمەوە
بەلام نانا
قوربانی گەل زۆر گرانە
بە خوێنی لەش لاپەڕەکەت
دەشۆمەوە
خۆم دەکەم بە هەڵەبجەی نوێ
مێژوو دووپات ناکەمەوە

*　　*　　*

باش بمناسن ، کۆتری ئاشتیم
دێوەزمەی شەڕ دەتارێنم
بە خوێنە سوور و گەشەکەم
دەیکەم پاشگە زلە کردەوەی
بارانەی فرمێسك و خوێناو
بە چاویدا
دەبارێنم
تف لە رووی بێدادی ئەکەم
من ئیستعمار دەفەوتێنم
بە بیری خۆم بە مێشکی خۆم
پیلان پووچەڵ دەکەمەوە
دە بەنگ وخوێنری و خوێنمژ
شەرمەزاری مێژوو دەکەم
چەوسێنەر بە چۆك دادێنم

* * *

بە چەشنی قەقنەس دەسووتێم
بە باڵ و پەری نیوە سووت
گڕ بەردەدەم
لە جەستەی خۆم

ئەی وڵات ورد ، سەرنج بدە
گیان بەخت کەری ڕێی ئازادیم
هەر وەك پەپوولەی
شەیدای مۆم

*　　*　　*

## رەحیم لوقمانی

### ـ سکالا ـ

لەو کاتەوە دەستی تاوان
مێژوو و پێناسەی درِی ،
لە سەر کێلگەی باوکانی خۆم
بوومە سەپانێکی برسی ،
بۆ شەربابانی رەنج کوژم !
لەو کاتەوە
زرِ باوکانی قەسەم خواردوو
پیرە دایکی نیشتمانیان تاپۆ کردم
کەللەم بۆتە پیالەی شەراب ،
بۆ زوحاکانی خوێن مژم !

* * *

لەو کاتەوە منی سادە
ئالای درۆی برابەتی فریوی دام
شیری ئەوانە و جەرگی من !
گوللەی ئەوانە و سینگی من !
جێژنی ئەوانە و مەرگی من !

* * *

هێشتا زامەکانی دوێنێم
قەتماغەیان نەبەستووە
وەك کانیاوی گوندەکانی " محرّمە "
چۆڕاوەی خوێن دەدەڵێنێ
بە سەر سینەی سووتاومدا
بۆ کرووزی ڕەز و باخم
پۆلووی نزاری قەد شاخم
هێشتا ماوە
لە کولۆرەی دارانی پشت چەماومدا *
خاك و ماڵم بۆتە خاچ و
منیش " مەسیح " !
نیشتمانم سێدارەیە و !
خۆیشم " حەلاج " !
هەتا ئەمڕۆ
هەر هەوا بوو ، هەڵم دەمشت
هەوای قەفەس !
هەوای دووکەڵ !
هەوای باڕووت !
هەناسەیەك ،

سەد زووخاویان پـێ دەرشتـم !
ئـەمـرۆ هەواشیـان لـێ کـردم ،
بـە ژارێکـی زۆر کوشنـدە و
بە زۆر کردیان ، بە ناو گەرووی شـارەکەما
شاریان کوشتـم !
دێ یـان کوشتم !

*   *   *

هەزاران منـداڵـی چاو گـەش
هەزاران لاو
هەزاران ئینسـانـی بێ تاوانی کوردم
قوربانی بوون !!
پێنج هەزار جار بوومە پۆلوو !
پێنج هەزار جار ئاگر درام !
پێنج هەزار جار بـەگیان مردم !
سـەد هەزار جار ...
بـە گیا نەڵاو لەش خوێناوی دینام هەژاند
داوێنی خوا و عەرد و عاسمانـم راتەکانـد
هەڵەبجەیان شەهیـد کـردم ... !
هەڵەبجەیان شەهیـد کـردم ... !

... هاوار ... هاوار ...
... هاوار ... هیچ کەس ،
شاوڕێکی لێ نەدامەوە !
هەموو جیهان سەیریان کردم
چاویان قووچاند !
گوێیان خنسی !
دەمیان دروو !
کەسێك نەهات بە لامەوە !

* * *

شارەکەم دەنکێك هەنار بوو
بە هەر دوو دەست
پێشکەش قەڵای سوڵتان کرا
سوڵتانیش خوێنەکەی مژی ،
جەستەکەشی فڕێ درا !

* * *

شارەکەمان بێشەلان بوو
هاتن ... هاتن ...

هاتن بێنزین و ئاگریان پێدا رژان
هاتن سەمیان پێدا پژان
کوردستانم مەشخەڵان بوو
گڕی نەورۆزیان تێ بەردا
بوو بە جێژن بۆ کورد کوژان

*　　*　　*

داستانەکەی ئیبراهیم و جێژنی قوربان
هەتا ئێستەش ،
لە سەر زار و زمانانە
بەڵام لە خاکی ئێمەدا
دەیان هەزار وەك ئیسماعیل
لە شاگریداغ
لە گەرمیان
لە بانیدان
لە ...
قوربانی بوون
هەزاران هەر
گوند کراوە بە قوربانی !
شار کراوە بە قوربانی !!

ئیستەش بالای کوردستانم
چاوگە چاوگە
زامی قوولە و چۆمی خوینە !
بەلام ئەفسووس ! هەزار ئەفسووس
لە ئاشتی مە
خوداش ئەمرۆ بەزەی نەما
جیهان کوێرە ! زمان لالە !
دەمی ویژدان لەدەمبێنە !

" ئەنجام "

لەو کاتەوە ، تۆوی ژیان
لەم سەر زەمینە گووراوە
منیش هەستام وەکوو چیا
رەگاژۆم کردە ئەم خاکی کوردستانە
مالی کەسم نەگرتووە
هەزاران سال
بە گۆشت و خوێن ،
بە کەللە سەر ،
" قەلا دزێم !" نەخشاندووە

پێنجوینم خەملاندووە
کە چی ئەمڕۆ بە زۆر هاتن
ئەژدەهاکی سەدەی بیستەم
دەستیان نایە بینی گوند و شارەکانم
شاریان کوشتم !
دێیان کوشتم !
لەت لەت کرام
خوێنی کوردستانیان ڕشتم
دەیانەوێ
لە ریشەوە دەرم بێنن !
ماڵ ولانەم بڕووخێنن !
ئاسەوارم بفەوتێنن !
بەلام هەرگیز ،
هەرگیز ... هەرگیز
نە هیچ هێزێکی ئەهریمەن
نە " دانەیێ تۆیی زەمان "
قەت ناتوانن
ریشەم لە خاك هەڵپسێتن
هەرگیز ، هەرگیز

سەری چیام نەوی ناکەن
لووتکەم پەستی زەوی ناکەن
من لە جەنگەڵ سامناکترم
لە تەواوی چیاکانیش بێباکترم
پاش هەزاران
برین ، سووتان
بۆمباردمان
شار خنکاندن
دێ سووتاندن
دیسانەوە ، دیسانەوە
رقە سۆو* ترلە چیاکان
بە سامترلە بێشەی دنیا
رادەبین و دەژێینەوە
رادەبین و دەژێینەوە
دیسانەوەش
هەر دیێنەوە و هەر دیێنەوە
هەر گۆرانی رزگار بوون و خۆشەویستی
بۆ کوردستان دەڵێینەوە

## ح . بەفرین

### هەڵەبجەش بەرتەوری تاوان ئەدەن

بەڵێ هاورێ !
گەر لە سەر هەڵەبجەی وێران
هەوری گریان
بە خوڕ داکەیت
ئەگەر ئالای پرسەش :
هەڵکەیت
کێ هەیە ناهەقت بگرێ ؟

* * *

بەڵێ ... هاورێ !
بۆ ئەو شارەی جاری جاران
لە شەوەزەنگی کوردستان
وەك نەورۆزێ
چرای بیری
" ئەحمەد موختار " ی دائەگیرسان
بۆ ئەو شارەی جاری جاران

وەك دڵسۆزێ

کۆرپەی شێعری

" گۆران " ی کوردی پێ ئەگەیان

ئەگەر ئا لای پرسە

هەڵکەیت

هەوری گریان

بە خوڕ داکەیت

کێ هەیە تاهەقت بگرێ ؟

ئەگەر دنیا پڕ هەرا کەیت

تاوانباری بەرد باران کەیت

کێ هەیە تاهەقت بگرێ ؟

بەڵێ هاوڕێ !

هەرگیز لە لات سەیر نەبێ

ئەگەر وتم :

ئەم کوردستانە تازدارە

ئێستاش جێ پێ ی

راکردنی " زەینە فڵان " ی پێوە دیارە

ئەگەر وتم :

جێ چرنووکی

زۆر " هۆلاکۆ " پـووکـایـەوە
ئەگـــەر وتم :
ئەو کەسەی ئەکـەوتـە
زەبرو زەنـگ
لـەم وڵاتـە ئەکـرا پـە پـەنـگ
ئـەگـەر وتـم :
بەفری ، حـەزی " ئەتاتـوڕك "ی
تیـا تـوایـــەوە
بـە دوا جـاریـش
کوردستـان وەك خۆی مایـەوە
بەڵێ : هاورێ !
تا ئـەو جێ یـەی بـە من ئەکـرێ
سواری ئەسپـی ۰۰۰ شێعـر ئەبـم
بە تاریکە شەوی مێـژوودا ۰۰۰ وەر ئـەبـم
لەو ســەرەوە
کە هـاتمــەوە
لـە سەرنجـی وشەکانما
لە بەر تیشکـی قسـەکانـمـا
جارێکـی تر

داستانی کورد ئەهۆنمەوە ٠
چینایەتی
کە خەریکی گرو گاڵ بوو
بیری مرۆڤ
تەمەنی هێشتا منال بوو
لە باوەشی کوردستان دا
لە پێدەشت و چیاکان دا
شەڕ چەنەیەکی چەپەڵ بوو
لە گیانی کوردان بەر ئەبوو :
تا چاو بڕ کات
زەردە کوللەی رۆم و عەجەم
شەپۆل ئەدات
هەموو جارێ
قات و قڕی
لە کوردستان هەوار ئەخات
لەرەشەبای شەڕ ئەکەن
لە هەموو کونجێکی ژیان دا هەڵ ئەکەن
دەستی تێك دان
بۆ هێلانەی، ئارامی کورد ٠٠٠

دریێژ ئەکــەن
هەمــوو جــارێ
کورد " گۆڕ بۆ مەرگی یان هەڵ ئەکەنێ
هەموو جارێ
کورد ••• خۆزگەی بەزیوبان
راو ئەنێ
لـەو دەمەوە ••• تا ئـەهـات
هەورازی ، ستەم لێژتـر ئـەبـوو
لـەو دەمـەوە ••• تــا ئەهــات
شـەوی ، خـەم دریـژتـر ئـەبـوو
زۆرداریکـی تر •• سـەر هەڵ ئـەدات
بۆ سـە رکوردستـا ن
ئۆردووی " عەتـەبـە " رێك ئەخـات
وەك درنــدە
شا ڵاو ئـەبـات
گونـد و شــار
وێـران ئـەکـات
تا ئـەتـوانــێ
سواری ســەری ئافرەت ئەبێ

خوێنی ٠٠٠ کـــــوڕی ئازا ئەڕژێ
منالّی ٠٠٠ بێ تاوان ئـەکـوژێ
لە سەر خەلْکی ٠٠٠ بە دیل گیـراو
یا سـایەکـی ٠٠٠ زۆر دارتـــر
ئەسەپێنـــێ
لە ولاّتی ٠٠٠ داگیر کـــراو
رژیمێکـــی ٠٠٠ بە ئازارتـــر
ئەچەسپێنـــێ
لـە گــەڵ ئــەوەی ،
هــەمـــوو ڕێـیــە
نقــومــی دەریای تاریکـی بوو
لە گــەڵ ئەوەی
هەمـــوو جێ یــە
پــڕ درکــەزی ، سامناکـــی بوو
پێ بە پێ ی ٠٠٠ سـەدەلـەنگەکـــان
ڕوو بــە ڕووی ٠٠٠
داگیـرکـەرە دەبەنگەکـــان
کـورد ٠٠٠
لەزامێکـــی ٠٠٠ بزێـو ئـەچـوو

بۆ ژێر دەستی ... رام نەئەبوو
زۆر شۆرە سوار
بۆ ئەوەی ئازاد بژین
بە سەر بەرزی
لە گۆمی ... خوێن دا ئەگەوزین
کاتێ " دمدم " شەهید ئەکرا
لە " رەواندز "
سەنگەرێکی تر لێ ئەدرا
کە " قەلاجولان "
بە بازووی ، دوانزە سوارەی مەریوان
بارانی مەرگی
بە سەر دوژمن دا
ئەباران
لە " جزیرە"ش تا " بۆتان
بۆ رۆژی سەرفرازی
گوڵی خوێنی ئەدا
لە سەری شانازی
کە " ئەمزینان " ی شۆخ و شەنگ
کوردستانی پڕ ئەکرد

لە دەنگ
درێ بە تاریکی ئەدا
سەنگەری بۆ شۆڕش لێ ئەدا
بە هەورازی ، نائومێدی
پێ ئەکەنی
بۆ سەر لوتکەی ، بەرزی هیوا
هەڵ ئەژنی
پێش ئەوەی ، بگات ... بە مەبەست
بواری ز رێ یان ... لێ ئەبەست
بەهاری ڕەنجیان
ئەبرد
خۆزگەیان تالان ئەکرد
بەڵام ڕووباری ئارەزوو
تا ئەهات
خوڕتر ئەبوو
جارێکی تر
لە " سلێمانی " سەر بەرزەوە
شۆڕش " سەر پێ ئەکەوتەوە
بەرەو کوردستان

دەستی هاواری ، " بەرز ئەکردەوە
گۆرانی بۆ ژین ، ئەوتەوە
کاتێ " بازیان "
دەریای ، ژانی ... رائەژەنی
گوڵی خوێن
لە باخی " سەرا "
بە دوژمن پێ ئەکەنی
تا ئەهات
جامی قین پڕ تر ئەبوو
دارستانی راپەڕین ،
چڕتر ئەبوو
لە " دیار بەکر "
تفەنگی ئەکردەوە شان
جارێکی تر
سەنگەری دائەگیرسان
پێش ئەوەی ... بگات
بە لوتکەی ، ئاوات
دەمی هاواری ... ئەبەسترا
لە سێدارەی ئازار

ئەدرا
دیسانەوە
لە " بەرزانەوە "
خەونی سەوز
ئەکەوتە هەڵسانەوە
کاروانی بێزار لە تاسۆر
لە کەم تا زۆر
ئەچوو بەرەو پیری خۆر
لەگەڵ مەهاباد
سەر بەست و دڵشاد
لە کێڵگەی ، سەوزی ئازادی
کۆشی پڕ ئەکرد
لە شادی
ئاڵای خۆشی هەڵ ئەبڕی
بە سەر شەودا
تێ ئەپەڕی
داگیر کەران ... لێ ئەگەڕان
لە شوێن دەرفەت
ئەگەڕان

زۆر دڵسۆزی ... لێ نایە
چاڵی مردن
زۆر ڕۆڵەی تری ...
لێ دەر بە دەر ئەکردن
بەڵام ڕووباری " ئارەزوو "
تا ئەهات
خوڕتر ئەبوو
تا ئەهات
جامی قینی پڕتر ئەبوو
دارستانی ڕاپەڕین
چڕتر ئەبوو
بەڵێ هاوڕێ
گەر تووڕەش بیت
چارەی ڕەشی داگیرکەران
پڕ تف بکەیت
تا تۆ ماویت
لە کورد قرۆش تا نەبدەیت
کێ هەیە ناهەقت بگری ؟
وەك حەزی تینوو ... بۆ ئاو

وەکوو هیوای کوێر ... بۆ چاو
بە درێژایی ... شەوگاری دڵتەنگی
دەستەو یەخە
بۆ ئازادی ... ئەجەنگی
بەڵێ ... هاوڕێ !
لە لای هیچ کەس سەیر نەبێ
ئەگەر مێژوو
بەو کورد فرۆشانە پێ کەنی
تا توانیان
تا شە بەردی " ئاش بەتاڵ " یان
لە سەری " بارزانی " دا
ئەشکان
کە چی ئێستا نەك هەڵەبجە
بەر دەسرێژی ، تاوان ئەدەن
وا کوردستان
لە گشت لاو مەیران ... ئەکەن
بەڵێ ... هاوڕێ !
هەرگیز لە لات سەیر نەبێ
ئەگەر وتم :

کورد فرۆش ئەوەند زۆرن
کە خەباتی ... بێ وچانی کورد
کە شۆڕشی ... هەزارانی کورد
بە شەڕی برا کوژی ... ئەگۆڕن
ویستی نەزۆکی ئەوان :
" هەکاری " بە خوێن ئال ئەکرد
بۆ ( شار بازێڕ )
ڕەشەبای ئاژاوەی هەڵ ئەکرد
" ڕەزڵە "ی زیندە بە چاڵ ئەکرد
" پشت ئاشان " ی لە ناو ئەبرد
دەستی نەزۆکی ئەوان
بە ئاگری ... داگیر کەران
هەڵەبجەشی ئەسووتان
بەڵێ ... هاوڕێ !
هەرگیز لە لات سەیر نەبێ
ئەگەر وتم :
هەڵەبجەم لە بەر چاوی
ئەڵێ ی ئاوینەی
ش ـ ك ـ ا ـ و ـ ە

" هیرۆشیما " ی تیا چاو ئەکەم
بە چەپۆکان
خۆی ئەرنێ
" تەلزەعتەر " ی تیا چاو ئەکەم
مردن ،
دەستی لە بین ئەنێ ،
" جورنیکا " شی تیا چاو ئەکەم
گوللە باران ،
راوی ئەنێ
بەڵێ هاوڕێ !
بە لاتەوە سەیر نەبێ
ئەگەر وتم :
کاتێ هەڵەبجە بوردوومان ئەکرێ
ترس وەك ئەسپێکی باڵدار
بە ناو شاردا
ئەکەوتە غار
خەڵکی بەستەزمانیش " ئەورووژان
خەڵکی دەستەوسانیش " تێك ئەرژان
لە بەر پەلاماری مەترسی

کەس لە کەسی
نەئەپرسی
چاو لە پشتی سەر ••• دەرئەتۆقان
پڕ بە دنیا ،
دەم ئەی زریکان
راکردن
بڕی بە پێ دا ئەکرد
چنگ لە سەر شان
پەنای بۆ شەقام وکۆلان ••• ئەبرد
کە هەنگاو ئەچەقی ••• لەرزەوی
لەش ••• لە جێ ی خۆی دا ئەتەوی
بەلێ ••• هاورێ !
کاتێ هەڵەبجە بۆردوومان ئەکرێ
پێنج هەزار
بەهاری خۆزگە
ئەژاکێ
پێنج هەزار
قەلای هیوا خاپوور ئەکرێ
پێنج هەزار

گوڵی ئارەزوو ... ئەوەڕێ
دەم لافاوی مەرگ ... ئەدرێ
پێنج هەزار
چۆلەکە ... سەر ئەبڕێ
پێنج هەزار
چرای زام ... دائەگیرسێ
بەڵێ... هاورێ !
بە لاتەوە سەیر نەبێ
ئەگەر وتم :
کاتێ هەڵەبجە ویران ئەکرێ
لە تابلۆیەکی شکاو ئەچێ
پەپووی ویرانە
بە سەری یەوە هەڵ ئەنیشێ
مردووی کوشتار
وەك گەڵای دار
لە ناو شەقام و کۆڵاندا
لە سەر یەك هەڵچنراوە
مردووی کوشتار
وەك گەڵای دار

لە بەر دەرگای ماڵان دا
بە سەر یەك دا چراوە
هەر پەناو کەناری
سەیر ئەکەیت
لاشەی بێ سەر کراو
چاو ئەکەیت
قوژ بنی هەر دیواری
سەیر ئەکەیت
دەست و قاچی
بە جێ ماوە
چاو ئەکەیت
بۆنی شاری ، مردوو ، ... ئەکەیت
بەڵێ ... ها ورێ !
بە لاتەوە سەیر نەبێ
ئەگەر وتم :
لە دەرەوەت
ئەوی مردن
دەست بە سەر
هەڵەبجەدا ئەگرێ

مەلی خۆزگەت
لە سەر هێلانە دەر ئەکرێ
لە ناو وەت
بزماری خەم
لە سەر دڵت
دائەکوترێ
دەستاو دەست
بە دیلی ئەکرێ
دوور بە دوور
دەنگی دەسرێژێ دێ ،
خوێن لافاو
هەڵ ئەبەستێت
لە سەر پەنجەرەی ، هیوات
ك ... و ... ر ... د ... س ... ت ... ا ... ن
ئەنووسێت
لە سەر لاپەڕەی بڕوات
فرمێسکی ... هە ... لە ... بچە
ئە ـ سر ـ ێت

ب . بلاد

## دوانزه مۆری ملوانکەیەك

### (١) دەست پێك

لە شارێکی داگیر کراو
شاری بێ دەنگ !
لە شارێکی ، لە یاد کراو
شاری پڕ رەنگ !
کۆمەڵێ زارۆی خنجیلە
بۆ پێشوازی ساڵی نوێ ...
چەندین چەپکە گوڵیان چنی !
پێنج رستەی درێژ
باقە بێنیان
لە بەرۆکی دەروازەدا .
ئالەم شارە ...
لە زوورێکی لاکێشەیی
بێ بەیداخی وڵاتەکەم
یەك میدالیا و
دوانزە بالا
رۆژمێری مەسیحیان
هەڵواسرا بوو .

لە گەردەنی
سێ یەم بالای رۆژ ژمێرا
بوو بە حەڤدە
لە بیلبیلەی چاوی کاژێر
بوو بە پانزە ...
بوو بە پانزە و یەکەم جرگە
ترکە و هاوار
نوقلانە بوو
چەپۆکی رەشی داینا سۆر
دای لە زەوی !
هەورێکی قورس و بارگران
ئاسمانی شاری داگیر کرد
لێزمەی خەردەل
کرێوەی سیانید
بالای شاریان بە باوەش گرت .
هەر ئەو کاتە ...
روخساری شار سڕایەوە !
هەر لە حەڤدە
ناوی شار و ولاتەکەم

لە هەرمانــا
لە نێو مێـژووی نەمرانا
تۆمــار کـرا ٠
(٢) هەواڵنێر
چەنـد سەدەیە
و لاتەکەم
جـەژنانـە ٠٠٠ مـاج
بـۆ سپـی و رەشی ئەم جیهانـە
بەریٚ دەکـات
بەڵام بـەرسـف
بۆ دار و بــەرد
تەنهــا نووسکەی مـردوان بــوو
لە جـێ ی زینــدووان
دەبیستـــرا ! ٠٠٠
کـە چـی ئـەمـرۆ
لە هیکــەوە
دەنــگ و باسـی و لاتـەکـەم
وەکــوو میـنــێ ٠٠٠
لە نێو هەکبـەی هەواڵنێـران

خـۆی تـەقیـــەوە ! .
رایـــان گەیانـــد :
ئەمجـــارەیـــان
لە پـــەرستگاکـــەی زەردەشتـــا
لە ژوانگـــە بـــێ ئا لاکـــە
هیرۆشیمـــا و نـــاکازاکـــی
پرســـە دەگـــرن
بۆ هـــەڵـــەبجـــە !
" هـــەی رۆو رۆ لـــە مـــن رۆ ...
شـەستـــی دەڵـــێ هۆ خوشکـی بەغدا نـــێ
سەر شینـــی ، قەلەنـــدەرێ ، بابان ویرانـێ
بێ کەسێ ، بێ دەرێ ، بـێ خودانـێ
با بچینـــەوە ســـەرکووپەلەی
دە خمخانـــێ " .
(٣) برووسکە
نیوە شەوێکی نـاوەخت
لە شارێکی بێ تاسنـــانـە
برووسکەیـــێ ، ووشـــەی چنـــی !
شاری جـــاڕدا .

بەیانی زوو
لە بارەگای مافی مرۆڤ
لە نێو کۆشکی سکرتێری نەتەوەکان
چاوی
شار و وڵاتی من
هەراج کرا .
لە بۆ فراڤین ...
زانکۆی عەرەب
بەهاوبەشی بازارەکانی رۆژئاوا
لە گەڵ پێکی
کوردستانی منیان هەڵدا ! ...

**(٤) دیمەن**

ئێوارە بوو ، ساڵی تازە
تەلەفزیۆن ، دوگمەی ترازا
ئەمجارەشیان
وەکووجاران
کوڕی عۆجە
لە سەر پەردە
سەرو چاوە ترشاویەکەی

بە نەورۆزی ئێمە شوشت و
میدالیای ئازایەتی خۆی
لە بەر سنگی فرۆکەوان و
پاڵەوانی منداڵ کوژی
شارەکەمدا .

**(٥) ئاودێر**

ئاو دێرێکی بەساڵا چوو
جۆگەکانی
رەز و باغی جۆمار دەکرد .
جار نا جارێ
خۆرەی دەبڕی و
زیوانیشی هەڵدەکێشا !
کەماندوو بوو ،
لە درێژایی گەلی بازێ
سەرنجی دا !!
بۆ وای لێهات ؟!
سەری سوڕما
ئاوێکی رەش ،
رەش قەترانی

کەمارۆی دا .

بەم هاوینە

هەورێکی تاری زۆر بەلەز

ژانی هاتێ و بای لێ بەر بوو

" هەور دەڕوا بۆ بادینان

خۆت هەڵکوتە بۆ کادینان ".

بەلام ئاودێری بە ئەزموون

خۆی تێک نەدا

زەردەی هاتێ تێر پێ کەنی ! .

**(٦) هاوڕێ**

لە شەڕێکی دەستە و یەخە

کۆمەڵ ... کۆمەڵ ...

لێشاو ... لێشاو ...

ئەستێرەکان داڕژان و

کوژانەوە !

لە قامێکا

لە ژێر باڵی ئەهریمەندا

مەرگ وەکوو

ئاوی کوندەی

سەر بەرەو خوار
هەڵخلیسکا !
ئالەم شەرە ...
پێشمەرگەیێ
دایك و باوك و هاوسەرەکەی
لە نێو گێژەتی باروتا
بە جێ هێشت و
روو لە چیا
چەکەکەی خۆی لە گوڵم گرت
بەرە و مەرگ ، نەترسانە
لە گەڵ ژەهرا زۆرانی کرد
دوا هەناسەش
چەکەکەی هەر لەدەست ئەدا
کە تەرمەکەشیان دۆزیەوە
هاورێکەی هەر لە گۆڵم بوو .

(٧) تارا

گەرام ... گەرام
شارەزوور و بۆتان گەرام

بادینان و موکری و سۆران
لوڕو گۆران ،
زازا و فەیلی
دیوەخانی شاعیران و
جفاتی رەش پۆشان گەرام
ناوەرۆکی گشت دیوان و
سەربردانم هەلدایەوە !
بە خۆم نەبوو ...
لە گەڵ ئەوان
دامە گریان !
ئەمزانی بۆ ؟ !!!
لە جیاتی سوور
ئارای رەشیان
دابووە سەر بووکی نیشتیمان
" هەیداد و بێداد بزانە چیم لێ هات
بۆ راوی کەو چووم ، کوندە بۆم تووش هات

**(٨) دۆخۆر**

زەمانێك بوو ، بەر لە ئێستا
لە گوندێکی ئەم نارە

... برای خەپان
خێزانێکی سەر لێ شێواو
زەغەل ، زەمتە
وەردو شۆیان بۆ نەدەبرا !
لە گەڵ دۆستان
سەودایان کرد
ئەوان زەوی !!
دۆستان خێرا ...
مانگا سووریان بە دۆخۆر دا .
ساڵ وەرسوورا
مانگا نەزا و
لە حەزمەتا بە زگی دا .
ساڵ نەهات بوو
ویژدان تۆپی ...
قۆچان و تاپۆی گوند دزرا !
ئەوسا دۆستان
وتیان : بڕۆن ،
بڕۆن بارکەن
مانگامان مردو دۆ برا !

" هەی لۆ لۆ لۆ
لە منی غەریب و بێ کەسی
هەی لۆ لۆ لۆ ،
لە خۆم نەزانی ،
لە منی خانە ویرانێ "

(٩)رووپەڕ

لە سەر میزی چاپخانەیەك
دەستنووسێکی بالا زۆر کۆك
بۆ ژێر رەحمەتی چەقۆیەك
بەلکێش کرا !
پاش چرکەیێ ...
تیفۆ ، بەنەخوێنی بەزی
پەر پووت ... پەر پووت
وەکوو بووکی دوای پەردە
سوور هەلگەڕا !
بۆ دوا جاریش
هەر ئەوەندەی خوێندرایەوە
- هەموو رۆژێ
ئەم جیهانە

کراسی تاوان دەکاتە بەر
مەسیح بە چوار میخەکەی خۆی
هەڵدەواسرێ !
رۆژێ سەد جار
لە بەر چاوان
جەستەی حەلـلاج
لە دار دەدرێ ! .
ئەوسا بەرپرسی چاپخانە
مقەس لە چاو
چاویلکەکەی کردە لووتی
رووپەڕەکەی پێچایەوە
" ئەو رووپەڕەی وەرگێڕە
رووپەڕی دیم پێ بڕێ
بۆت بکەم مەدحی یارێ
ئەو رۆکەش تەواو نابێ
سبەی هەتا ئێوارێ " .

**(١٠) دیاری ساڵ**

سەر نووسەری رۆژنامەیێ ،
یەکە ، یەکە

پەروەندەکانی ئەرشیڤی
سەراوبن کرد ٠
ویڵ بوو بە دوای
هۆزانی جوان
نایابترین
تابلۆی رەنگی نیگار کێشان !
دوا کۆتەڵی
مەزنترین پەیکەر تاشی
تالەیەکەم لاپەڕەدا
بیان خەمڵێنێ
بۆ دیاری ساڵ
بەڵام کە رۆژنامە دەرچوو
یەکەم لاپەڕ
لە ژێر لێزمەی سیانیدا
باوک چەتری کوڕیەکەی بوو ٠
لق و تاوڵی دووەم لاپەڕەش
چەند خێوەتگای
پەنابەرانیان پێوە بوو ! ٠

(١١) گەردەلوول

لە بەهاریٰ

ناو مێرگی شین ،

شوانیٰ پەزی دەلەوەڕاند ،

چاوەڕوانی خۆشەویستی خۆشی دەکرد

لە دوورەوە لیٰ ی دیار بوو

هێندەی ئاسمان ، بە قەد زەوی

با لای بەرزی گەردەلوولی

دەشەکاوە

سەوزە خەونی

شوانی ساوا چەگەرەی کرد .

بۆ ناو گێژەنی گەردەلوول

هاتە خواریٰ و پاڕایەوە :

ـ ئەی خاوەن هێز !

دەستی من و دامێنی تۆ ،

لەژوانگە رەق بوومەوە

لە نێو چارۆگەی ویژدانت

لوولم بدە ...

لە سەر باڵی شەپۆلانت ، هەڵمبگرە

هەڵمبگرە ، بمبەماڵی خۆشەویستم !٠

هێندە بڵێ ی چاو ترووکان

بەهار رەنگی پایزی گرت

پایزێکی درەنگی ساڵ ،

چاوی خورا ..

بەڵام خۆ ئەو

لە منداڵیرا دەیزانی

ئارام ، ئارام

دەست بە پێڵوی چاوەکانی

بگرێ و بڵێ :

" ئەگەر زیندووە با بمرێ

ئەگەر موە هەڵوەرێ

ئەگەر زیخە با بخزێ

ئەگەر پووشە با برزێ ".

بەڵام ئاکام

نە زیخ خزی و

نەپووش رزی ...

کاتی چاویشی کردەوە

نە مێرگ بوو ،

نە پەز مابوو !

" خوم بە خۆمم کرد بەرد بارانم کەن
ویْلْ و ئاوارەی بیابانم کەن "

* (١٢) بۆ دوکتۆرپەشێو

مامۆستاکەم
رووگەی شێعرم
سنوور دەنگم دەخواتەوە
خۆ دەنوێنم
لە نێو جانتای دیبلۆماسی ،
بالوێزخانە
سیما رەنگم دەشواتەوە !
من نازانم
تۆی هەندەران !
چۆن پێت دەگا ؟ !
دەنگ و باسی کوردستانم
ئاخر دوێنێ
بە سەر هاتی ئەو فیلمەت گێڕایەوە !
ئەمرۆ لێرە
بە هوشیاری ،لێداریەوە ...
ئەتۆ دەڵێوت :
پاڵەوانی فیلمەکە

خەنجەری خۆی پشتی پێکا .
ئەتۆ دەتوت :
ئەکتەرەکان تاوانبار نین .
داوات دەکرد ،
تف هەڵاوێین
بۆ ناوچەوانی ڕێژسیۆر
بەلام دیسان
ڕێژسیۆری ناوبانگ زرا و
بە بێژینگە خۆری گرتین
بۆ سازدانی فلیمەکەی
هاتە ئێرە
هەشت ئەکتەری لێك هەڵگیرا و
چەند چارۆکەی لە یەك دورا و
بوون بە رۆستەم !
بوون بە پەردە !
لە نێو سۆمای چاوەکانمان
ڕێ یان بڕی
لە دەماری گیان و هەستمان
تاریان ژەنی !

هەر یەکەیان ، بۆ خۆی دەیویست
ڕەنگی هەتاو لێ بدات و
کراسی خدر لەبەر بکا
لە پریشکا
بینە قاقای یەکتریان گرت
هەژانەوە !
کەماندوو بوون
لە زەلکاوی ، هەڤرە نووستین ·
چێشتەنگاوێکی زۆر درەنگ
کەوتنە بەر تاو ، لە خەو رابوون
نەیانزانی ژەهر درابوون ·
ئەمجارەشیان
تراژیدیا بوو ،
لە ناوەختا فیلمەکە کۆتایی هات ! ···
بەڵام داخم
نەک هەر خۆیان پووکانەوە ···
ئەمجارەیان ، جگە لە ژان
پەردەش درا ،
هۆڵی سینەماکەش سووتا ! ···

ئاخۆ دیسان
پێمان دەڵێ ی :
ئەکتەرەکان تاوانبار نین !
سەیرکەران تاوانبار نین !
گەر ئەمجارە
بە قەد خوێنی قوربانیەکە
تف هەڵوێین بۆ ڕێژسیۆر
ئاوی زەریا و زەریا لووشان
چک دەکاتن ٠
گا شەو بەردی ، چیا و شاخان
قووڵایی برین تەژی تاکا ٠
حەیران دەڵێ :
" هەری قولینگۆ
من خێر نەدیت ، من تێر نەدیت !
ئەتۆ لە بۆ من خەبەرەکی بدەوە
جزیرە و بۆتانی
هاوار و گازی بگێرە
دە موکریانێ
دەستگیرانم

کارما مزێکی کوێستانی بوو
لێ ی دەگەرام لە بن حەفت پەرەی
عاسمانێ
شەورۆ ژوانم لە گەڵ گرت بوو
وەیشوومە هات
کەوتەوە ناو تەم و
گەڕی تەم تومانێ " •

١٩٨٨/٧ ـــ ١٩٨٩/٢

---

* لەشێعرێکی مامۆستاپەشێو وەرگیراوە
* * ئەوانەی ناوکەوانە لە فۆلکلۆرەوە وەرگیراون •

نەیەرد جاف

## هیرۆشیما ، من خوشکی تۆم "

ئەو کاتەی وا ... کە ئەهریمەن
فەرمانی خنکاندنی شێعری
بە هەر دە پەنجەی مۆر دەکرد
لە قەراخی ( خارما )ی[1] شینیدا
بە خوێنی گەل
ئاوی ڕووباریان سوور دەکرد
ئەو ڕۆژە هەر هەمان ڕۆژ بوو
شابەیتی شێعری ( لۆرکا )[2] یان
لە گۆڕەپانی ستەمدا ... هەڵدەواسی
ژەنەرالی پیر[3]
فەرمانی بەرهەمی داسی
تەنیا مەرگ بوو کە دەی ناسی

* * *

هەر ئەو ڕۆژە
( پینۆشە ) یەك دروست کرا
زەنبەلەکی[4] قورمیش کرا
تاوەك ( ئالیندە[5] ) سەر ببڕێت

لە لای ئێمە ... لەو رۆژەدا
گۆڕەپانێك لە دایك بوو
بە سەر بەردی زەمانەدا
ناوی نرا
گۆڕەپانی شەهیدانی بەر دەر سەرا
ئەو رۆژە هەر هەمان رۆژ بوو
خەلیفەی رەنگ زەرد هەڵاتوو
خەلیفەی دڵ توقیو لە حەق
فەرمانی دا
کەرتی ستەم کێلراوی شاری بەغدا
بە خوێنی ( حەلاج )[٧] ئاو بدرێت
بە گومانی
بیرو ئەندێشە سەر دەبڕێت
هەر ئەو رۆژە
( لۆمەمبا )[٨] یان پەل پەل دەکرد
تا وەك وەردی بیر و باوەڕ
ئیتر ( جیفارا ) ی لێ نەڕوێت

*　*　*

لەو ڕۆژەدا

ئەوانەی وا ... خوێن دەمژن

لەبەر کوشتن... ژیان دەکوژن

بڕیاریان دا

لە گەڵ شینی شاری تۆدا

سەرم ببڕن

ناوم لە مێژوودا بسڕن

*　*　*

هیرۆشیما ...

ئەی قوربانی هەڵمی ئەتۆم

لەو ڕۆژەدا ناوم نرا ... هەڵەبشیما

بۆیە دەڵێم من خوشکی تۆم.

---

١- **خارما**: ڕووبارێکە لە ئیسپانیا کە چەند شەڕێکی گرنگ لە نێوان کۆمارە ئازادیخوازەکان و نۆکەرانی ئیمپریالیستدا لە قەراغی داڕووی داوە.

٢- **لۆرکا**: شاعیری ئازادیخواز و بەناوبانگی ئیسپانیاکە لە ئێوارەی ٩ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٣٦ی ز بە دەستی فالانژیستەکان کوژرا.

٣- **ژەنەراڵ**: مەبەست فرانکۆی خوێنمژە.

٤- **پینۆشە**: دیکتاتۆری شیلی و قاتڵی سالفادۆر ئالیندە

٥- **ئالیندە**: سەرۆکی هەڵبژێردراوی گەلی شیلی

٦- **شەڕی** بەردەرکی سەراکە لە ڕۆژی ٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠دا قەوما.

٧- **حەللاج**: حوسەینی مەنسوور، بە ناوبانگ بە حەللاج لە دێی بەیزای نیزیک بە شیراز لە دایک بووە. لە ڕۆژی ٢٥ی ژیقەعدەی ٣٠٩ی ک - واتە ٢٧ی ئازاری ٩٢٢ی زایینی لە بەغدا بە فەرمانی (موقتەدیر) خەلیفەی عەبباسی هەڵواسرا ... سەربڕا ... سووتێنرا ... خۆڵەمێشەکەشیان پرژاند بەسەر دیجلەدا.

٨- **لۆمۆمبا: پاتریس**: ڕێبەری ئازادیخوازی کونگۆ (زەئیری ئێستا) بە پیلانی ئیمپریالیست و بە دەستی ڕوورەشەکەیان مووساچۆمبە کوژرا.

## مامەی ریش سپی

" پرسە و سالْگەردی هەڵەبجە "

بۆ ساڵێکە
لە پرسەتا دانیشتووم و
کەسێ نیە سەر خۆشیم کا
لە کاتێکا
چی ئاژانس و
گەروو دڕاوی دنیایە
پێ ئەزانێ
چەندە شەهیدی بێ تاوان
لە کوشتایە
لە ساڵگەردی یەکەمینتا
مەرج وا بوو :
کفنی سووری خوێناوی تۆ
بکرێ بە بالای " ئیفلا "
هەزارەها دەست و مەچەك
وێنەی شەهیدت هەڵگرێ
لە گەڵ گولا
مەرج وا بوو :

لە بەرلینی بەشکراوا
منالانی هەموو جیهان
کۆ بنەوە
نەفرەت بکەن لە فاشیست و
لە بێ دەنگی رۆژ هەلات و
لە بۆ رژوای رۆژ ئاوا
مەرج وابوو :
لە فەلستین
شەڕی خشت و گوللەباران
رابگیرێ
لە سەر سنگی عیسا و مووسا
نوێژی ئیستقات بۆ بکرێ
مەرج وا بوو :
لە مەکەدا
خزمەت گوزاری ( حەرەمەین )
دەنگی گەرووی نەخواتەوە
پەردەی رەشی تۆخی تاوان
لە رووی سەدام هەلبێتەوە
مەرج وا بوو :

بۆ ساڵ گەردت
هەر میللەتێ ئالای هەبێ
مافی هەبێ
لەم رۆژەدا پرسەت بگرێ

* * *

ئەی میللەتانی ژێر دەستە
ئەی ئەوانەی :
لەم تاوانە دڵتان پەستە
بەیداخی رەشمان بۆ هەڵکەن
کۆشکی سپی
بە بۆیاخی پۆستالەکەی
هیتلێر رەش کەن
دەروازەکەی بە قور گرن
(ڤیتۆ) ی جۆکەر
لە راسپۆتینی سەدەی بیست
لە خوێن مژانی سی ئای ئەی
وەرگرنەوە
فاتیکانیش بەنە بەر بەرد
تاکووبا سەری ئەشکێ و

دان بەم تاوانەدا ئەنێ
( ئەزهەر ) بە خوێنی گەمارۆکەن
( خۆفو ) لە خەو راچڵەکێنن
تاوانی داوای خوایەتی و
ئەم تاوانە بسەلمێنن

* * *

ئەی هەڵەبجەی خوێناوی کورد
تۆ ئەو زامەی کە هەمیشەییە
دوو توێت تەڕە
تۆ ئەو خەمەی کە ئەندیشە
لە چاوانتا جەرگ بڕە
تۆ مونتاجی ئەو فیلمەی
لە سەر شاشەی گەورە و بچووك
شاگردانی ئەتاتورك و
تەیموری لەنگ
پیاو کوژانی چەنگیز خان
سەدام حوسێن ئەکەی بە بەنگ

تۆئەکتەری ئەو فیلمەی
بوویتە شەمیر
لە بەر چاوی پێغەمەرا
سەریان بڕیبێت بە زەبری شیر

* * *

ئەی هەڵەبجەی خوێناوی کورد
چاوت لێک نێ
ئەڵێن خواوەند زۆر گەورەیە
رۆژێ دادێ
ئەرز و ئاسمان لە زۆرداران
وەرەس ئەبێ
ئەوسا هەر کەس
دەنکە جۆیەکی خواردبێ
ئەڵقەی بووکینێی بردبێ
دەخیلەکەی ساوا کەتی
شکاندبێ
سەر شۆڕ ئەبێ

* * *

دەتۆ بنوو چاوت لێك نێ
تا كوو منیش لەو ماڵەدا
كە بێ دەرگا و پەنجەرەیە
شیوەن بكەم
لە سەر خوانی ئەو زوورەدا
نانیان دزی
شەر ساز بكەم
لە مزگەوتی بێ منارە و
بێ راخەرا
لە میحرابی بێ ئیمام و
بێ رەهبەرا
قورئان بكەم بە تكاكار
با پوستەچی پێغەمەران
ئەم هەواڵە بەرێ بۆ خوا:
زۆر دار كەللە سەرمان ئەخوا

* * *

دەتۆ بنووچاوت لێك نێ
با شینی من خوا گوێ ی لێ بێ
با نالین و دەنگی دلم

سوور کاخەوی سەر جێ ی زاڵم
با ئاه و هەناسەی سەختم
بکاتەوە گرێ ی بەختم
با گریانی ئەم شێعرەی من
( غەوس ) و ( کازم ) لە خەو بکا
بەغدای تاوان خاپوور بکا
با مەرگی تۆش نەفرەت بکا
لە هەر شوێنێ دادگایە
لە هەر جێ یە ژیانی تیایە
گەر ساڵگەردت بۆ ساز نیەکەن
خوێن خۆری تۆ ریسوا نەکەن

# توانا

## شیوەنێک بۆ شەهیدانی شاری هەڵەبجە

زۆر دەمێکە
دوژمن نەخشەی لە ناوچوونی
کوردستانی
لە نێو لیستەی پیلانەکان
دارشتووە
زۆر دەمێکە
بە زیندانی و بە کوشتنی
بێ ویژدانی
دەست و پەنجەی تاوانباری
بە خوێنی کورد رەنگ کردووە
زۆر دەمێکە
جادە وشەقامی شارەکان
بەنج کراون
دێهاتەکان
بە سەر خەڵکی بێ تاوانا
رووخێنراون
زۆر دەمێکە

لــــــالەیـــــت

هەســت و بیــری ســەرابەســتیمـــان
کپ کراوە
زۆر دەمێکە تێکۆشـــــــەری
پێ بــــــڕاوە ·
ئیمــڕۆش لە شـــاری هەڵەبجـــە
شاری ئازار و ئەشکـــەنجـــە
منداڵەکان
بێ بـاوکـه ڕۆ
بێ دایکـــە ڕۆ
نووزە و ناڵــەیـــان لــێ نایـــە
بەڵــێ ! لـــە شـــاری شـــەهیـــدان
شاری ڕق و تۆڵـــە و گریــــان
منداڵەکان بێ ناز کەوتـــوون
شەقامەکانـــی ڕەنـــگ کردوون
بێ دیـــلانـــە و بـــێ لای لایـــە
چـــاوی نوستــوویان هەڵنـــایە
بۆکێ بگریــــم
بـــۆ بـــاوک و دایکـــی دامـــرکا و
یان بۆ کۆرپـەی ساوای خنکاو

تاوانی وا لە جیهانا
هەر نەکراوە
کەی لە مێژووی فاشیستی دا
بە هەزاران لەشارێك دا
بە کیمیا شەهید کراوە ؟ !
ئەی رێکخراوی پاراستنی
مافی مرۆڤی بێ تاوان
ئەی پێشکەوتوو خوازەکان و
ئازادی خوازانی جیهان
تا کەی فریامان ناکەون
ئاخر تا کەی
لە ژێر پەردەی بێ دەنگی دا
خۆمات دەکەن
بۆچی هەستی بەزەییتان
دامرکاوە
بۆچی لە ئاستی راستی دا
چاوی بیدارتان نووقاوە
فریا کەون
درندەکان

وا میللەتێ لە ناو ئەبەن
چونکە داوای
مافی رەوای
خۆیان دەکەن
ئەی رۆڵەکانی کوردستان
ئەی پێشمەرگە
نەبەرد و گیان لە سەر دەستان
ئیمرۆ رۆژی
هێرش و هەڵمەت بردنە
دەست لە دوژمن
مەپارێزن
فاشین ، زۆر دارن ، خوێن رێژن
هەڵیان بڕن
بە خەنجەری کوردەواری
حەزی بۆ گەنیان هەڵدڕن
دارو بەردی کەلاوەکان
شەهیدەکانی هەڵەبجە و
گشت کوردستان
هاوار ئەکەن

داوای خوێنــی تۆڵــە ئــەکــەن .

پێشکەوتی ژمارە ٨

لاپەڕەی ٧

## جەوهەر هاریکی

### " دەنگ و باس "

بڵێسەیەك
لە ناوجەرگی ئاشتی دەرچوو
کەوتە دڵی
شاخی بەرز
لە شەو گوللە
وەك ئەستێرە
کڕنۆشی بۆ تاشە بەرد برد
دوێنێ و ئەمڕۆ
لە دەنگ و باس
هەر ئەوانەی
دروست کەری دەریا خوێنی مرۆڤەکانن
ئەم شەو هاتن
لە سەر شوستە
تەماویەکەی پار دانیشتن
پارووی جلکی کۆنیان دەویست
لە ئاراستە ،
مۆمێکی گەش

لە بن زەبری تاریکی دا
مژدەی دا بە جەستەی سووتان
بیان نێژن
لە پێناوی رووناکی دا
لە ناوسینگی
دادگای بازارەکەی نەوت
دۆستەکانیش
بۆ دیاری ( رەش )
کپیان بکەن
لە بەر چاوی
بینەرەکان
بخرێتە سەر
گۆڕەپانی خەونی سەوز
هەستی نەزۆکی پاڵپشتی
داستانە هەرە گەورەکەی
لە باڵویزخانەکان ون کەن .
بەڵام دیمەنی هەر جوانی
شارە بچکۆڵەکەی دڵم
لە هەر لاپەڕەی مێژوودا

لە سەرەتای هەر رۆمانێ

لە ناو هەر برگە هۆنراوێ

لە سەر شوستەی هەر شەقامێ

لێرەواری هەر رووبارێ

وەکوو ئاسك

نێچیری چاوی مرۆڤە •

١٩٨٨/٨/٢٥

گۆواری پێشمەنگ

ژمارە ١٦ - لاپەرە ٤٣ - ٤٤

ئەحمەد دەشتی

## " هەڵەبجەی شەهید "

دایە سەلام دایە رۆژ باش
نامەت گەیشت من خوێندمەوە
بۆت نووسیبووم واشارەکەم
شاری کوردە زامدارەکەم
جێی موختار و گۆرانەکەم
بە زۆر داری و دەستی ستەم
بە مووشەك و بۆ مبای کیمیا
بە گازی ژەهری نازیا
چی ژیانە لە نێو برا
شارەکەمان شەهید کرا
دایە گوتت لە نامەکەت
لە نامەی پڕ لە رازەکەت
کە ژن و مناڵ و پیرەکانیش
گشت هەڤاڵ و گیان لەبەر وخانووەکانیش
بوونە قوربانی کوردستان
بوونە پێشرە و بۆ کاروانی ڕێگەی ژیان
بوونە وانەی سەرکەوتنی خەباتمان

تۆ نووسیبووت لە نامەکەت
لە نامەی پڕ هیوایەکەت
لە شاری من
لەو هەڵەبجەی شەهیــدی من
هیرۆشیما وەدی دەکرا
بەڵام ئێمە کەسمان نیە
شار وگوندمان وێران دەکــرێ
باسمان نیە
نا دایە گیان تۆ وا مەڵێ
ئێمە کەسمان گەلێ زۆرە
ئێمە خاوەن رۆڵەی کوردین
خاوەن پێشمەرگەی وەك گوردین
و رە بــەرز و خــاوەن هــەردین
رۆژێ هــەردێ کوردستانمان
رزگار ببێ لە ژێر دەستــان
دایە گــوتـــت لــە نامەکەت
لە نامەی پــڕ هەواڵەکــەت
هێــرۆی کچمــا لــە بێشکــە بوو
دایکــی هیوا لە تەکیــا بــوو

دایە گەورەش لە خەودا بوو
بابە گەورەش لە نوێژ دا بوو
کە بۆمبی ژەهری دا باری
بۆ هەڵەبجەی کوردە واری
شارەکەمان خامۆش کرا
هەر چی ژیانە لە نێو برا
دایە بێ خەم دڵ گەورە بە
کورد زیندووە قەت نامرێ
هاکا دیتت هەزاران دەست
دەستی سەدان کوردی سەر بەست
دەستی پێشمەرگەی پڕ لە هەست
شۆڕشگێڕی خاوەن مەبەست
جارێکی تر سەر لە نوێ
هەڵەبجەیان دروست دەکەن
گازی ژەهری لە نا و دەبەن
هەر چەند نازی و دڕندە بن
بە ڕەفتاری فاشیانە
شار وگوندمان وێران بکەن
کورد نامرێ هەر زیندووە لە ڕێی خەبات

بۆ رزگاری و سەر بە خۆیی خاکی ولات
ئەی دایە گیان وات نووسیبوو :
لەو سەردەمەی هێرشیان کرد
شارەکەمان رەش داگەرا
ئاسۆی بەرزی تاریك داهات
دوای چەند سەعات
تەنیا ئەوەی وەدی دەکرا
تەرمی پاکی شەهیدان بوو
باوك مردوو
رۆڵەی بێ گیان لە باوەشا
دایك سووتاو
کۆرپەی بێ هەست لە نێو کۆشا
خوشك و برا هەر چاو گەش بوون
کەوتبوون بەسەر خۆڵە مێشا
چی درەخت و لێرە وارە
چی شینایی و باخی شارە
هەڵوەران و رووتانەوە
کەوتن بە سەر زامی ژەهری برانەوە
لە گشت لاوە کە دەتروانی

لە نێو کووچە وباغی شارێ
لە بازارێ ولە خیابان و لە ناقارێ
تەرمی پاکی هەزارەها
دەتکوت زیندوون وەدی دەکرا
دایە گیان!بۆت نووسیبووم لەو نامەدا
تەنیا تاوان بۆ شارەکەم
شاری جوان و دڵدارەکەم
شاری کورد بوو
شاری کورد بوو
لە دوای چەند رۆژ کە چوونە شار
شاری شەهید ماتەمینە
کپ داماوە و هیچ دەنگ نابێ
تەنیا دەنگی ریش سپینەکەی بە ساڵا چوو
دە نێو گوڵی زەرد و سووری هەڵوەراودا
دە نێو تەرمی شەهیدانی ئازادیدا
دەیگوت ئیتر باوەڕ و ببێ
کوردستانمان رزگار دەبێ
کورد خاوەنی وڵاتی دەبێ
دایە راستە ئەمە وایە

مێژووی خەبات مێژووی شۆڕش
دەبێ سوور بێ بە خوێنی گەش
بە خوێنی زۆر ڕۆڵەی چاو گەش
ئێمە گەلێکین نامرین
بە خوێنی خۆ ژیان دەکڕین
ئێمە دەڕۆین بەرە و هەوار
بەرەو لوتکەی بەرزی بەهار
دەبێ قوربانی زۆر بدەین
زۆر ویرانی شار وگوند و جێگا بدەین
ئەی دایە گیان لە یاد ناکەم نامەکەی تۆ
نامەی هەستی دەروونی تۆ
وا وەرامیش دەنووسمەوە بۆ تۆی ئازیز
بەم وەرامەش زامی دڵم دەکولێنمەوە
بۆ رازی تۆ ژانی پڕ سۆم دەژێنمەوە
ئەوا لێرە لەم وڵاتە نامۆیەدا
زۆر بێزارم لە ناو ژینی پڕ ڕەنجی تۆ
لە یادمە ساڵانی زوو پێشمەرگە بووم
لە نێو شاخ و لێرەوار و کەفر و هەرد بووم
سووریا و دوکای خوێناویم دیت

شار و گوندی سووتێنراو و وێرانەم دیت
زۆر هێرشی نامردانە و قەڵا دزەم دیت
زۆر هەڤاڵ و قارەمان شەهید کران
زۆر پێشمەرگەی ژیان نەدیو و تازە لاومان
زۆر " خالق " و زۆر " یۆسفی " و قارەمانمان
لە ڕێبازی تێکۆشان و خەباتمان
پەروازیان کرد بۆ ئاسمان
ئاسۆی دووریانە روون کردەوە
بوونە چرای پرشنگ داری ڕێگەی ژیان
تو خوا دایە خەمت نەبێ و دڵ گەورە بە
ئەم وەرامەم هیمایەکی گەلێ کورتە
بۆ کوردستان
بۆ سەر زەوی سووتێنراومان
بۆ جێی بەرزی قارەمانان
بۆ ڕێبازی سەر بەرزان وشۆڕشگێڕان
بۆ کاروانی نەپچڕاوەی شەهیدانمان
بۆ هەتوانی زامی دڵی ڕۆڵەومان
بۆ هەڤال و یارەکانی دیرینەمان
بۆ تاوانی سەربەخۆیی کوردستانمان

بۆ هەڵگری ئالای بەرزی سەربەستی ژیان
دایە هەرگیز لە یاد ناکەم ڕازەکەی تۆ
کە نووسیبووت لە نامەکەت
لە نامەی پڕ هیوایەکەت
ئەم چەند دێڕە دەنووسمەوە بۆ هەمیشە
کە فەرموو بووت
تەنیا تاوان بۆ شارەکەم
شاری شەهید کراوەکەم
شاری کورد بوو
شاری کورد بوو

ئەحمەد دەشتی

بەرلینی ڕۆژئاوا - ١٩٨٨/٣/٢٦

## مینــــــه

" ژیلـه مۆی هـەڵچوونی مەرگ "

ئەی خانمە غەمبارەکەم
ملت مەنێ بە لارەوە
سیمات نابڵۆی وڵاتێکە
شەهید کرا
روخسار مێژووی وڵاتێکە
بە ئاوەژوویی چاپ کرا
ملت مەنێ بە لارەوە
تۆ شا ژنی نیشتمانی سەر بڕاوی
تۆ شا گوڵی باخچەیەکی پەژموردەیت و
بە " سیانید " ئاو دراوی
ئەی خانمە غەمبارەکەم
ملت مەنێ بە لارەوە
بە ناخما شۆڕ بوویتەوە
لە گەڵ نیگای ئاگراویت
غەمی هەموو تەمەنی خۆم
لە پێکێکی چاوەکانتا
ئەخۆمەوە

لە بەر دەمی چادرێکا
بە کەساسی دۆش دامـاوی*؟
کۆرپـە ون بووی بـێ باوك و
برا کـوژراو
بـزەی دۆینـێ ی سەر بەستیـت و
کلۆڵـی ئەورۆی ئۆردگات
لە پریاسکەی دوا چارەکـی
سەدەی بیستا گرێ داوە
ملـت مەنـێ بە لارەوە
کەچی مـەکـە
ئاژانسـەکان ...
هەواڵی شەهید بوونـی تۆیان دەگەیان
نەیانتـوانـی ...
سەری رێزی بـێ دەنگیـان دانەوێنـن
نەیانتوانـی ...
قردێلـەی رەشی ماتەمت بۆ ببەستـن
نەیانتوانـی ...
تەنیـا ساتـێ
پروپاگەنـدەی ئـابووری بوەستێنـن

نەیانتوانی ...
یەیەك دەنگ و
لە یەك كاتا
نەفرەت لە تەكنیك و بەرەی مرۆڤ كوژ كەن
نەیانتوانی ...
بەر بەستی هەنسكی كۆرپەی بێ دایك كەن
نەیانتوانی ...
تاوانباری تاوانەكان ئاماژە كەن
ئەی خانمەكەم
نەیانتوانی ...
ملت مەنێ بە لارەوە
كەچی مەكە
نیگات نەفرەت دەبارێنێ
نەفرەت لە كێ ؟
لەو مێردە زمەیەی وای پێكردی ؟
یا لەو " لوفوافەی* " یەی وای لێكردی ؟
نەفرەت لە كێ؟
لەو پەیكەر تاشە قیزە ونانەی
ئەڵقەی زرێ ی ملوانكەكەی

لە گەردنی کە چ کردوو تا نەخشاندووە؟ ...
نەفرەت لە کێ ؟
لەو مرۆڤە چەپەڵانەی
بازنی مەچەکیتان ڕەوانەوە؟
نەفرەت لە کێ ؟
لەوەی خۆزگە و حەزی بەردیت ؟
لەوەی هێشتا نەمردبوویت
بە زیندوویتی ...
داوای کەمێ ئاوت لێکرد ؟
گوێچەکانتی داتڵیشاند
گوارەکانی بووکێنێتی لێ دزیت ؟
نەفرەت لە کێ ؟
لەو مێردە زمەیەی وای پێکردی ؟
یا لەو " لوفوافە " پەی وای لێکردی؟
کوانێ مووسا ... ؟
بە سەرهاتی شەهید بوونت
لە هەزار و یەك وشەدا
لە کێوی " توور " بۆ باس کات
کوانێ " عیسا ... ؟ "

بۆ گشت گوندێکی وێرانە
دار و دەوەنە سووتاوەکان
کانی بە وشك کراوەکان
خاچ لە دوای خاچ
لە سەر دڵی خاچەکەی خۆی
خاچێکی دیش بۆ تۆ بکات
کوانێ ئەییووب ؟
سەر باری خۆی
پەژارەی تۆش
لە دەروونیا حەشار بدات ؟
کوا محەمەدی عەرەبی ... ؟
نوێژی شەهید
لە سەر تەرمی رەش هەڵگەڕاوی
دە هەزار قوربانی بکات
کوانێ عەلی ... ؟
زولفەقارەکەی وەرگێڕێ و
تف لە نەوەی تاوانکار کات
کوا ئیفلاتوون ... ؟
پەڕە ، پەڕەی کۆمارەکەی لە چاڵ بنێ و

دەوڵەتەکەی بە سەر خۆیا خاپوور بکات
کوا ماجەللان... ؟
بە دوای هەڵەبجە ون بووەکانا بگەڕێ و
لە ئێسك و پرووسکی شەهیـــــد
سنـوورەکەی دیـــــاری بکـــــات
ئەی خاتمە غەمبارەکـەم
کوا بـەرەی ئازادیخواە ؟
لە نیگایەکی ماتی چاوەکانی تۆ بگات
کوانـێ تەورات ؟
کوانـێ زەبوور ؟
کوانـێ ئینجیل ؟
کـوا قورئانـی دوا پێغەمبـەر
چ داستانـێ ، نوغـرۆ* بوونی
هاو ڕەگەزی وا لـێ ئەکـــات ؟
کوانێ مارکس...؟
بنەمای دی بۆ ئەم کۆمەڵگایە دانێ و
تف لە هاوبیری...
دەبەنگ و ترسنۆك وبوودەڵەکان
کوا ماوتیستۆنگ ؟
جارێکی تر

خەبات دژی تلیاك بكات
ئەی نوستووەكان...
وامرۆڤ و خاك و خۆڵی كوردستانم
بۆتە لابۆر*
بۆر بۆرینی دوا تەكنیكی چەكی نوێیە
لە سینەمدا
تەقییەوە
دەمسووتێنێ
ئەی نوستووەكان
دوا چارەكەی سەدەی بیستە و
كاولكاری وڵاتەكەم پێ جێ دێڵێ
هەتا كووكەی بێ دەنگ ئەبن ؟
هەتا كووكەی... ؟
ویژدان سڕ بووی بەرژەوەندین ؟
هەتاكووكەی ؟
بۆ دۆلارێ
سەدان راستی پێ شێل ئەكەن ؟
كەڕ و كاس و بێ زمان
لە ئاستمدا قزە ناكەن
ئەوا ئەمڕۆ لەم وڵاتە

هەر چیایە دەبێتە " تـوور "
کەچی هێشتا لە رازێکی مووسا ناگەن
ئەوا ئەمڕۆ لەم وڵاتە
هەر عیسایە و دەکرێتە خاچ
کە چی هێشتا لە هاواری مەریەم ناگەن
ئەوا ئەمڕۆ لەم وڵاتە
ئارام و ئۆغژن هەڵگیرا
کە چی هێشتا لە " سەبر " ێکی ئەییووب ناگەن
ئەوا ئەمڕۆ لەم وڵاتە
گشت بەردێکی بەردە نوێژ
تاتە شۆرە
گۆڕیچەی سەربازی ونە
کەچی هێشتا لە سۆزێکی جەرگم ناگەن
ئەوا ئەمڕۆ لەم وڵاتە
گوندە و دەبێتە کەربەلا
هەڵەبجە بە هیرۆشیما
کەچی هێشتا لە " عاشوورا " ی دڵم ناگەن
خاکم پارچە پارچەکرا
ماڵم بە زۆر زەوت کرا
کەچی هێشتا لە مافێکی رەوام ناگەن

با دوژمنان باش بزانن
هەر دەوەنە دەبێ بە دار
گوندە و دەبێتە شارۆچکە
شاروچکەیە و ئەبێ بە شار
سروشتی سوورە چنارە
هەڵیپاچن ، گەشە ئەکا
لق وپۆپیشی کەن ...
ترۆپکی لە ئاسمان توند ئەکا
" لوفوافە " بن ، مەرگە بچنن
با هیتلەر بن ، زەرووی خوێن بن (١)
گەر بتوانن
کۆشك و تەلاری گشت گوندێ
گەر بتوانن
دار و دەوەن بسووتێنن
لە ریشەوە دەریان بێنن
خۆ ناتوانن ...
قەندیل و ئاشداغ و رەشکۆ بڕمێنن
خۆ ناتوانن ...
بیری بەرز و رەگەز و زمان و مێژووم لێ بسێنن .

(١) لەشێعری (بلە)وە وەرگیراوە

دەرفەتی نووسین نەماوە !
دەنا دەمنووسی
لە سەر لە پێی سووتاوی کوژراوەکانی تۆ
شێعرێ
کە سوورتر بێ
لە خەنەی خەنەبەندانی
خەونە خنکاوەکانی
نێو گۆمی
خوێنی خوێنەکەت !
دەرفەتی نووسین نەماوە !
منیش ناتوانم
لە نامۆیی داسەپاوما
لە گەڵ شنەی شەماڵی
شەوی شەدار و خوێناویتا
لە نێو کووچەی
پڕ ... پێچ و پەنای
بیرەوەری
تەنیا بێتنا
بە هەسپی بێ باڵی ئەوین

لە نێو رووباری
خوێن و ئەسرین
بە سەر زەویە سووتاوەکەی
رووانگەتا
بە مەشخەڵی پڕ بڵێسەی دڵـی ون بووم
نەعرەتەی خۆر
بێنمە زەمین !
حەڵەبجە !
دڵی سووری
وڵاتەکەی لەت لەت کراو
تینووی پشوو
لە سەر لەپی
ئەم گەردوونەی
بەرەو دورگەی فەرامۆشی
تێ هەڵدراو !
حەڵەبجە !
لە ئاسمانی چاوی شینتا
دڵۆپ دڵۆپ
مەرگی تینوو

بە سەر لاشەی شەقامەکان
وا دەباریٚ
لە پێش هەنگاوی ماندووتا
دەرگای نەمان
کەوتۆتە سەر گازەرەی پشت
لەپێ پلکەی سەردابی ژین
مەرگی چەپەڵ
بەرق و قین
دێتە خواریٚ
ئەز چ بکەم ؟ ...
چ بکەم ؟؟؟ ! .
کە ناتوانم
خەنجەری بەر پشت بێنی شەو
بە قینێکی پڕ تاسەوە
هەڵکێشم و
دڵی شینی پڕ تامەزرۆم
بکەم بە چەتریٚ
لە بەر ڕێژنەی
بارانی خوێن

بت پارێزم ؟
ئەز چ بکەم
کەوا قیژەم
وەکوو ئاژیر
ناگاتە گوێت ؟
گەرووی قەڵشا و خوێن شەلاڵم
نابێتە نەی
خەم و دەردی چەند ساڵەمت
بۆ هەڵڕێژم ؟ ...
چ بکەم
کە ناتوانم
کەللەی سەری مناڵەکان
لە کۆلانە پڕ مەیتەکان
کۆ کەمەوە ؟
چ بکەم !
کە پەردەی گوێی گەردوونی گێژ
واد ڕاوە ؟
چ بکەم ؟ ...
چ بکەم حەڵەبجە ؟
شەو درەنگە ...
دەرفەتی نووسین نەماوە !

## جەمیل ئاسۆ

دە نێو قەفەسی سینەمدا
کەوێکە ، بێ دەنگ و ماتە
هەر قاسپەیەکی هەڵگری
هەزارەها کارەساتە

تروسکایی بەدی ناکەم
هەتا تیشکی خۆریش رەشە !
کەسێ باسی عشق بکا
رەنگی زەرد و ئەشکی بەشە

کوێ بۆ هەر شتێ رادەگرم
سەر تا پا نوقمی گرینم
ئومێدم بە ژیان لە نێو چوو
لە چیدا خەندە ببینم ؟

لە هەستی ناسکی زاوا
بۆ ئامێزی بووکی شەرمن
رووبەند و چارشێو لا دەدا
بە هیوای ژیانێکی بێ بن

لە کۆرپەی ون بووی باوەشی
دایکی دڵ پڕ برین و ژان
شادی دەچێژێ ئەوەندەی
فرمێسکی بۆ شیوەن راژان

لە رەنگی زەردی برسی یەکان
رۆژ نی یە دەیە ها نەمرن
رۆژ نی یە بە لالانەوە
بەر دەرگی نانەوا نەگرن

لە دایکی هەناسەی ساوارە
بۆ رۆڵەی بن پەت و دارا
لە بووکی چارشێوی رەشی
لە جیاتی سوور کرا دەتارا

لە کوڵمی کۆرپەی برسی گر
لە چاوی جوانی منداڵم
کە رۆشنایی تیا نەماوە
کوێر بووە بە کیمیای زاڵم

لە کێ بکەم چاوەروانی
بەزە و ویژدانی ئینسانی
جەندرمانی کۆنە پەرست
ئێوەن لە تۆخمی شەیتانی

من پێتان بڵێم خەندەی هەق
لە چیدا دەبینم ئەمڕۆ
لە بڵقی خوێن ، پێدەکەنێ
بە بارەگای مافی مرۆ

## سولەیمان کاوە

### " بۆهەڵەبجە "

ئەی رێبوارە
باش دەتناسم
تۆ ئاوارەی شاری خوێنی
تۆ هەواڵی ـ هیرۆشیمایەکی تری
تۆ ئەفسانەی
حیکایەتی دڵتەزێنی
جەرگ بڕی
باش دەزانم
تۆ هۆنراوەی ئەو چرایەی
تارمایی یەکان سەریان بڕی
ئەو هاوارەی
کە هیتلێری هاری زەمان
گەرووی دڕی
باش دەتناسم
تۆ ئەو کڵپەی
کە هەزاران شەویرەشیان ـ لێ تیژ کردی
دەستی پیسی رێگرانی بێدەنگیی ئەوو

تەمیان شردی
ئەی هەڵەبجە
لە بیرمە
ئەو رۆژانەی منا ڵانت
لە ژێر رکێف بۆمب و ئاگر
بەڵگەی مەرگیان ئیمزا دەکرد
لە بیرمە
بۆ سەر منارەی ئاواتت
چۆن ئاڵای رەشیان چا دەکرد
لە بیرمە
کە چۆن گریان تێ بەردەدای
ماڵی رەنجی شانی خۆتیان
لێ بڕدەدای
شاری جوانم
حیکایەتی دڵ تەزینی هیرۆشیمای کوردستانم
لە بیرمە
ئەو بەیانیەی لە هەر لاوە
دەنگی قاقا و پێکەنین و بەزم و شادی
خانووی خەمی هەڵدەوەشاند

ریشەی داخ و ئاە و ئۆفی هەڵدەتەکاند
لە پڕ شکا
ئاور باری
دووکەڵ خزیە شەقامەکان
ئا ئەو رۆژە هەڵەبجەمان
بوو بە هیرۆشیمای زەمان
ئا ئەو رۆژە
قیامەتێ دروست کرا
لە ناو دڵی پیر و جەوان
دڵان شکان
زەوی ، دەریا ، چیا وەرن
سبەینێ ژیان بگێڕنەوە
حیکایەتی بێ تاوانی
رۆنەی گڵکۆی ریز کراوی هەژارانی کوردستانی
من هەڵەبجەم
زەمان ـ زەمان بمناسەوە
مێژوو وەرە کڕنۆش بەرە
من هەڵەبجەم
من هەڵگری

ئالای سووری شەهیدانی کوردستانم
مـــن هۆنـراوەی تەرمی پاکی منا لانم
زەوی - زەوی ، سەردامەخە
سینگـــی نەرمــت
بۆ دووبارە هەلدانەوەی
ئەو گولانی تۆلەی شاری هەلەبجەی ســوور
وەرازێنە ، خەو بشکێنە
بۆ هێنانی بۆنـی عەتری تەرمی پیرۆزی شـەهیـدان
شنەی چیا وە دەنگ بێنە
جوان بروانە
ناو باوەشت بێشکەی خەوی شەهیدانە
تابلۆی شێعری ناکازاکی کوردستانت لێ میوانە
ئەی هەلەبجـە
پاندانی مـیش
مەمکە بی خوێنی گەشی سەدان لاوی دڵ شکاوت
سەدان کیژی لە ژێر وێرانە خزاوی گیان شەلاوت
لە بیر ناکا
هەموو دەمــێ
قـەلافـەتـی شێعرەکانت

دەرگای بیـرم دەکاتەوە و
کولّی دلّی پڕ گریانـی هەزاران شـە وشەو نەخونیم
تا زیارەتـی کێلەکانت
لە گەلّ خۆیا دەباتەوە

## سەربەست

**" پێشکەش بە شارای شەهید و هەموو**

**منالآنی شاری هەڵەبجەی کوژراو "**

**شیوە نیێک بو چەمە خوێنی " شارا "**

لە نێو دلّتا

بەهاری ژین

دەیان خونچە و بالّندەیەك

لە ئاسمانا ...

فرە فری فرۆکەکان

گرمەی بۆمبی درندەیەك !!

لە نێو سنگتا ...

چاو شارەکێی دۆزینەوەی ئاواتی دوور

لە نێو هەورا ...

کیمی رەش و قەلآچۆی سوور !!

لە ئاستانەی زیندەگیتا ...

دەربەی بەرە و باخ و بێستان

لەم بەهارەش ...

بارانی مەرگ
تەرزەی زام و
هەورە تریشقەی ئاخ و گریان !!

* * *

هۆ " شارا " گیان ..
شەهیدی نوێی رێگای ژیان !!
کۆتر بوویت و باڵ بریندار
دوابین نیگات ... دەدا بە شار
بە بەرد بە دار
هەڵفڕیت و بەرز بوویتەوە
داکەوتیت و شکایتەوە
شکایتەوە و کەوتە ژێر پێ
پێی نەناسراو ، کێ کوڕی کێ ؟
خوێنت رژا ... بووە کانی
بووە چەمی پەریشانی
چەمیش بووە زێی قوربانی
زێی پاییزی ئەم دنیایە
ئەم دنیایەی چاوی شادی قەد هەڵنایە !!

* * *

هۆ " شارا " گیان
شەهیدی نوێی ڕێگای ژیان !
دە سەر لە نوێ ...
لە خەو هەڵسە و چاوان بسڕە
درەنگە ... زوو بەرە و قوتابخانە بفڕە
لە گەڵ خونچە وردیلەکان ...
دوو دوو ... سێ سێ ریزی جەوشەی گەورە بگرە
دەنگ هەڵبڕە
تێکەڵ بە بۆی شنەی بەیان
لە گەڵ جیکەی چۆلەگەکان
دەنگ هەڵبڕە
دارو پەردەی جەنگ بدڕە
دەنگ هەڵبڕە
چەند شیرینە، لام دار و بەردی وەتەنم
بە فیدای ئەکەم، سەر و ماڵ و بەدەنم
هۆ " شارا " گیان
دەسەر لە نوێ چاوان بسڕە
بەرز بەرەوە و بڵند بفڕە
هۆ " شارا " گیان

شەهیدی نوێی ڕێگای ژیان
دە سەر لە نوێ هەڵسەرەوە
لەم بەهاری خوێناوەدا ...
بووکە شووشەی چاو لە دنیات
لە باوەشا بگرەرەوە
دە سەر لە نوێ هەڵسەرەوە
فرمێسکی خواش بسڕەرەوە
دە سەر لە نوێ هەڵسەرەوە
لە گەڵ " جوانە "
" کاوە " و " شوانە "
بەم شێعرانە
بەم بەیتانە
مژدە بێنن بۆ خەڵکانی ئەوکێوانە
منداڵەکان وەرنە دەرێ ... دێوە کوژرا بە خەنجەرێ
منداڵەکان وەرنە کۆڵان ... ڕما لانەی داڵی زۆڵان
منداڵەکان وەرنە دەرێ ... نە سەدام ما ... نە ما شەڕێ ...

کۆپنهاگن - ١٨ ی نیسانی ١٩٨٨

موو سا گەرمیانی

## " لە خۆدانێک و هاوارێک "

دەور
دەوری نامەردانە
ئەی کوردە گیان
جیهانی جەزرەبە و جەورە
جیهانی تەفرە و درۆیە
زامە ، زۆرە
رەنجە ، ژانە
لە ژێر ئەو ئاسمانە شینە
دەنگی بەزە
لێوی بزە
دڵۆپێک ئەسرینی گەرم
لە لای زۆردار دەس ناکەوێ
ئەوان لێویان لە ئاسنە
دەنگیان نەعرەی بڵنیدگۆیە
هاواری تۆ نالێنەوە
لەوان
گوللە و دەهۆ، درۆ

دەستی سپی و روومەتێکی
خوێنی تۆی لێ دەتکێتەوە
لە تۆش
سینگێکی قەڵغان و
باڵا فڕێنی وەك هەڵۆ
دڵۆپ دڵۆپ
خوێنی تۆیە
نەوتی تۆیە
نانی تۆیە
ئارەقەی نێو شانی تۆیە
دەبێتە گۆشت
دەبێتە ژین
دەبێتە هێزی زۆرداران
دانە دانەی سللوولی مێشکی داهێنەر
لە نێو سەری سنعەتکاری رۆژئاوایی
بە ئارەقە و خوێن و رەنجی تۆ دەخولقێ
ئەوان کە بێکاریان دەوێ
ئەگەر هەستای
ئەگەر وەستای

به قەد ژان و بە قەد رەنجت
بە قەد مێژووی پڕ لە گەنجت
دژی تۆن و نەیاری تۆن
هەر بۆیەشە
لە دوای چل ساڵ و ئەوەندە
کاتێ دیسان
چەکی ئیمیایی دێتە گۆڕ
لە تۆ سێلە دەگرنەوە
لەو جیهانەی بە قەرا جەور گەورەیە
بچکۆلەیە
بە هێندی دڵ
بە هێندی گوڵ

* * *

کاتێ چەکی تازە دادێ
ڕۆژێك هەردێ
بیوەشێنن
دەبێ بیری ساز کردن و خوڵقاندنی
بە گوڵ میخێکی شووش و تیژ
لە مێشکی ساز کەر دەربێنن

* * *

کێ بوو ئەو پیاوەی داکەوتبوو ؟

کێ بوو ئەو پیاوەی بە روودا ؟

لە پاڵ دیوارێك داکەوتبوو ؟

منداڵێکی شیرە خۆرە

لە باوەشی

وە بن سینگ و شانی کەوتبوو

کوردە گیان بەرە و کوێ دەچووی ؟

بەو جل و بەرگە پۆشتەیە ؟

بەو جامانە دۆ کوشتەیە ؟

خولیای کوردیت نەگۆڕابوو ؟

دونیا خۆش بوو

بەهار خۆش بوو ؟

کیژۆڵە گیان باوکت کوانێ ؟

دایکت کوانێ ؟

دەرگات داخست کاتی هاتن ؟

نا ! نا !

نا ! نا ! ئیمە ، نەمان ، خنکان ، سووتان

کەوتن ، مردن ، مردن ، مردن

مامە گیان تۆ چۆن بوو هاتی

ئەتگوت منالّ تەنیا دەبن ؟
ئەتگوت جیران تەنیا دەبن ؟
ئەتگوت بێ کورد هەڵەبجەش گەلێك ناخۆشە ؟
ئەتگوت : " هەوارە ، زەوقی بە عێلاتە "
بایە ئاوو هەوا " ؟
هەوا ، هەوا ، زوقمە ، دووکەڵ ... قرمە ، دووکەڵ ...
وەی ، وەی ، رۆ ، رۆ
وەی ، وەی ، رۆ ، رۆ
هەی رۆ بۆ کۆرپەی دە ساوا
هەی رۆ بۆ فرزەندی خەوتوو
بۆ شینایی ، بۆ فێنکایی ، بۆ ئاوایی
بۆ شان و پیلی پیاوانی
بۆ لەنجە و لاری کیژانی ...
بۆ ... هەڵەبجە
بۆ ... هەڵەبجە

* * *

دەور
دەوری نامەردانە
ئەی کوردە گیان

جیهانی خەبات و خوێنە
جەنگەی کوشتار و حاشایە
بەڵام گەر تۆ بەر هەڵمەتی
ئەی پاڵەوانی پیاوەتی
کەسینگت پڕ لە ئاوازە
گەرووی تۆ ئۆگرەی گۆرانی
لێوا و لێوی دەفری دڵت
بەزە و بەستە و شێعر و جوانی
کە ساکاری وەك ئاسمان
وەکوو دەریا
وەکوو پەری
گەر تۆ هێشتا بەر هەڵمەتی
بێ شك ئەوی هەڵمەت دەبا
درە ، دژە
خوێنخۆر و بەعس و باعیسە

* * *

گوڵە بەرۆژە و گوڵە هێرۆ
لەو شارە کوردە گەلێك بوون
بەڵام داخەکەم وەریون

بێ باخەوان و هەتیوون
ئێستە ئەوا نە بولبولێك دەچریكێنێ
نە هەرایەك
نە زەنایەك
هەر پەپووشی لێ ناخوێنێ
خامۆش ...
خامۆش ...
ئێرە شاری خامۆشانە
ئێرە مەكۆی مەدهۆشانە
گەرچی كاتێ دوژمن زۆڵە و
لە تۆرەمەی مرۆ نیە
كوا بەو حاڵەش دەربایستە؟
شار بۆتە تفێكی لەعنەت
كەوتە چاوی ئەو فاشیستە!

مووسا گەرمیانی - ٦٧/٤/١١

* * *

عەبدولخالق نەقیب

" سۆگای هەڵەبجە "

ئەستێرەکانی ئاسمان ...
کز بسووتێن
ئەی خۆرە قژ زێڕینەکەی
بەرە بەیان
خۆت دەرمەخەو
بۆ هەمیشە
کەزیەی زێڕین ... بشارەوە !
مانگە شەوی شەوانی نوور
چرای شەوی سەفەری دوور
ئارام بگرە وبۆ ساتێکیش
تریفەکەت مەهاوێژە !
ئەتۆ ئەی دەریای خرۆشان
دەریای قووڵ و بێ پشوودان
شەپۆلەکانی سەرکەشت
بوەستێنە و
تەکان مەخۆ
زەمان مەڕۆ ! ... مەڕۆ زەمان !

بۆ کوێ دەچی ؟ ••• بە مل کە چی ؟
نابینی شاری هەڵەبجە
شاری زیندان و کەلەپچە
نوقمی تاوانی سەددامە
نابینی ئەو شارە جوانە
نۆ بووکی ئەو کوردستانە
بە دەست گورگی هاری بەغدا
سەردەمێکە ••• گۆڕستانە ؟

* * *

بەرە بەیانێکی نەهات !
وەیشوومەی تاریکی داهات
کردیانە شەو
پرچی زێڕینی هەڵەبجە
بە دەست جەلالد و پیاو کوژان
دەسکەنە بوو !
هەڵکەندرا
تەرمی بێ گیان و پیرۆزی
ڕەکێش کرا ••• ڕەکێش کرا !

* * *

مەتەریزی قارەمانان
ئەو شارە خنچیلانەیە
شاری شێعر و شاعیرانم !
ئەحمەد موختار و گۆرانم
قەڵافەتی تەرمی جوانی
تەرمی پێنج هەزار ئینسانی
گوڵێکی پەڕ پەڕ کراوە و
لە ناخی مێژوو نێژراوە

* * *

تاوانباری مێشك رزیو
قارەمانی قادسییە!
نامەردی سەر شۆڕی دەوران
وامەزانە
هەڵەبجە شەهید کراوە و
ئیتر هێزی بۆ نەماوە !
نا ... نا ... هەرگیز
هەڵە مەڕۆ ...
هەڵە مەڕۆ ...
هەڵەبجە ئاڵا هەڵگری

کاروانی ڕێی شەهیدانە
هەڵەبجە مۆمی هەڵگیرساو
بۆرکانێکی* خرۆشانە
دەریایەکی بێ پایانە
هەڵەبجە هیرۆشیمایە و
ناکازاکی کوردستانە!

## باوکی تارا

" بۆ هەڵەبجەی رەش پۆش :

هۆ شارەکەم !
تۆ لە دڵمای ، لە دەروونمای
لە قوڵپی خوێنی بە کوڵمای
هۆ شارەکەم !
هۆ شارە خنجیلانەکەم !
هەزار ساڵە بارانی غەم
کێڵگەکانت پاراو دەکا
داسی درۆ گوڵەکانت بن بڕ دەکا
بەڵام هێشتا تۆ هەر ماوی
باڵات بە قەد باڵای مێژووی نیشتمانە و
راوەستاوی
هۆ شارەکەم !
رێگاکانت ئێسکی لەشی پڕ لە سۆتن و
هێشتا زیندوون
هەر وەك ژیان
بۆ پیشوازی تاڵی ئەسپێ
کە سوارەکەی ئەنگاوتەیە و

یاڵەکانی بە خوێن رەنگین

پەر پووت بۆ ژین

بەڵام دەبڕی رێی سەختی ژین

*        *        *

هۆ شارەکەم !

ئەم بەهارەش

خۆری جوانی لە ئاسۆگەی چیاکانتا

گەرووی تاساو

رەوەی باڵندەی سەرگەردان

پۆل پۆل فرین بەرە و نەمان

هۆ شارەکەم

هۆ شارە خنجیلانەکەم

هەزار کۆتری پڕ لە تاسەی باغەکانت

لەوەیشووومەی گۆمی خوێندا

باڵەکانیان هەڵپرووزا

هێلانەیان ئاور درا

هۆ شارەکەم !

پەیکەری تۆ

شووشی قامچی سەد چەنگیزی پێوە دیارە

هۆ شارەکەم
ئەمجارەیان ئەژدەهاکی خوێن و ئێسقان
بە سەر تۆدا ، ژانی باراند
هەزار کۆرپەی جوان و شەپاڵ
لە زریانی سێلایەنەی
وەرزی ساردی فریودانا
رەق بوونەوە

*   *   *

هۆ شارەکەم !
هۆ شارە خنجیلانەکەم !
چەتری خونچەی ئەم بەهارە
بە کۆڵانە ئاشنەکانتا
خوێن رشتن و پەلامارە
هەموو لەشت برینداری
کەڵبەی تیژی گورگی هارە
هۆ شارەکەم !
لە سەر لووتکە خوێناوی یەکەی
" ئەشکەوەل " تا
گۆرانم دی خۆری جوانی بە دەستەوە

" لۆرکا " ی نەمر کز وەستا بوو
بە لایەوە
لە تاو کزەی هاواری ئەو
هەر دوو لێوی دوای مردنی
دەکرۆشتەوە
گۆرانی گەل خۆری جوانی بە دەستەوە
هاواری کرد
ئای " ئاتیلا"

سمی ئەسپی چەوسانەوەت
لە سەر ئەستۆی شاری ئەوین
هێواش دانێ
چونکە مێژووی سووری وڵات
خۆی شایەدە
کەوا هەزارساڵی شوومە
مێژووی رەشی پڕ کارەسات
قژی خاوی کوردستانم
شانە دەکا
وەکوو مەسیح پێش کارەسات
سەلیبی چارەنووسی خۆی وا ماچ دەکا

لە ژێر قامچی زوڵمی رۆژا

شان دانادا

*　　*　　*

شای هەڵەبجە

بووکی سەوزی شارەزوورم

زامەکانت لێیان دەتکێ

زووخی زوڵم

هۆ راوەستاو

پڕ کارەسات

هۆ رێبواری رێگای سەختی هات ونەهات

هۆ هێلانەی گۆران ، بێکەس

زامی چەکی زۆر دارانی مێژوو هەموو

لە سەر سینگی سەوز و گەشت

ئەمجارەیان

گوڵێکی سوور دەڕوێنێ

لە سەر ئاسۆی داهاتوودا

بە دەم کۆرپەی زامداری

لە بەندەن بوو پێدەکەنێ

پێدەکەنێ

ئەو دەمەی وا

باوش باوەش خۆری جوانی تۆ دەهێنی

* * *

سروەی ژمارە ٣٣

رەزا حەمە فەرەج

## کورتەی هەواڵەکان

بۆ / هەڵەبجەی شەهید

بەڕێزەکان !
نێنەری هەواڵەکان
زۆر بەکورتی رایانگەیان
کەوا ئەمڕۆش
وەکوو هەموو رۆژانی ساڵ
لە ئەفریقای تینوودا
هەزارەها رەشە منداڵ
بوونە قوربانی پێست
بە برسێتی خرانە چاڵ
بەڕێزەکان
نێنەری هەواڵەکان
زۆر بەکورتی رایانگەیان
کەوا ئەمڕۆش
لە نیشتمانی دزراودا
لە خاکی ماف خوراودا
لە فەلەستین

به دەستی کۆشکی سپی
بۆ مل ملانێی کرملین
بە دەم ناڵەی بۆ مبێکەوە
هەزاران کەللە سەر پەڕین
بەرێزەکان ١
ئێنەری هەواڵەکان
زۆر بە کورتی رایانگەیان
کەوا ئەمڕۆش
لەو وڵاتەی
دەنگ و رەنگی کەلە پچەیە
لەو وڵاتەی
مافی بوونی قەدەغەیە
لە کوردستان
بە هەوری رەشی رۆژئاوا
بەری ئاسمان
جارێکی تر گیرایەوە
بۆرە ماری
ئەڵقە لە گوێ
شاری بەغا

بە سەر بالای هەڵەبجەدا
رشایەوە
دایك و منال و بێشكە
بە سەر یەكا توانەوە
شەقام و باخچە و كانی
وەك تەنەكە
بە ناو یەكا قووپانەوە
ئەوا ئەمرۆش لە كوردستان
بۆ مەزە و دەمەتەقێ ی
سەر میزی پیاوانی ناتۆ
بە زینفو زابین و توبان (١)
هەزارەها مرۆڤی كورد
وەكوو بایب
وەكوو چرووت
سووتان و بوون بە قەرە بڕووت*
بەرێزەكان
ئێستاش ئێوە و
درێژەی هەواڵەكان

گۆواری پەیڤ ـ ژمارە ٨
ـ لاپەرەكانی ٨٢٢ ـ ٨٢٣ ـ ٨٢٤
١٩٨٨/٣/١٨ ـ سیونیخ

(١) ـ سێ توخمی كیمیاویی كوژەرن

حەمە شەریف

## " شارە زوور هەر بەرزە "

شارە زوور ملّکە نەختەکەم
لە مێژ ساڵە دەوریان داوی ...
دەیانەوێ
هەر وەکوو قاڵیە نەخشینەکەی تاقی کەسرا
لمت لەتت کەن
بەلام تو هەر سەر بەرز ماوی
بەر نووك و خەنجەری چلّکن
نەگۆڕاوی و نەفەوتاوی
سەدان ساڵە دەیان هەوێ
وەکوو سەحرای عەرەبستان رووت و قووت بێ
بێ نەورۆز و بەهار و گوڵ
چەشنی کەویری و شکی لووت بێ
گەرەکیانە پەپوولەکانت بسووتێنن
گوڵەکانت لە بیخ بێنن
بۆ ئەو مەبەستە
هیتلەری زەمان
کوورەی ئاگری دامەزران

وەها ئاگری نەورۆزی کردەوە
هیرۆشیمای لە بیر خەڵکان بردەوە
شارەزوور ملکە نەختەکەم
جاران ئاگری گەرمی نەورۆزت
هەر بە پووش و درك و داڵ بوو
بۆچی ئیمساڵ پرچی کاڵ بوو؟

حەمە شەریف
دەنگی شارەزوور - ژمارە ٢ - لاپەڕەی ٣

ق • م

## مـــۆری تــاوان

هەڵەبجـە ، شاری بەستـە زمـان

شاری رووخـــــاو !

شاری ســووتـاو !

شاری قرچـاو لە ژێر ریشۆنەی

بـۆمبـای رقی بێ ئامانـا

بە داماوی هەڵتـــرووشکاو

لە ژێر تازیـانەی زەمـــانـــا

* * *

هەڵـەبجـە ، ئـەی

شاری هـاواری بێ گـەروو !

شاری گریانی بێ ئەسرین !

شاری ئەوینـی بێ مەودا !

مـەزلــووم !

هەژار !

مل بـەکوێن بوو هەزار هەزار

رۆڵەی بێ سووچ

لە گۆمی مەرگـا خنکاوت !

لە ئاگری رق و تۆڵەی
زۆردارانـدا ، سووتێنراوت !
هەڵـەبجـە !
شاری ژێر بۆمبـای
بـارانی زەرد
سیا نووژك
خەردەل ، فورجیـن
شاری کیژۆڵانـی قـژ زەرد
شاری منداڵانـی چـاو شیـن
ئەو رۆکاتێ
داڵی رەشی فرۆکـەکان
میـراژ
سیـوخـۆ
هێرشیـان هێنایە سـەر تۆ
لـە چـاوانـی منـداڵـە قـژکاڵـە کانـت
هـەتـاو لـەرزی
لـە نـاکاوێ کـوژایـەوە
رقـی پـەتـی
پێـدەکەنـی لە سـەر مەیتـی

رۆڵـەکانـــت
بــە هەڵمـــی ژار
هەڵـــــدەوەری
چرو چرۆی دارەکانت
بەهـار نەهات و تێپەڕی
پاییـــز داهـات
ئەو رۆکاتـــێ
بلۆقـــی مەرگ
لە ناو سیپەلاکی پــڕ لە
هەنسکـــی ئازادی خەڵکـت
پۆل پـــۆل دەڕوا
بزەی لێوی کۆرپەکانـــت
سەرما بـــردی
هەڵـــبزرکا
ئەو رۆ کاتـــێ
لێوی کۆرپەی بەر ئامێزی دایکەکانت
وشك هەڵگەڕان
مەرگ تێدا رشتـــی گەرا
کاتێ بۆ مەمکان دەگەڕان

دوژمن وای زانی سروودی
قاقای کێشا
هەناسەی پشووی هەڵکێشا
ئەی زانی تۆ
نەك هەر ماوی
سنوورەکانیشت بڕی
بوویتە دنیا
بوویتە دروشمی جیهانی ستەم گەستوو
بوویتە زللەی
پرشریخەی
ویژدانی ئینسانی نوستوو
تۆماری زەمانت بڕی
بوویتە مێژوو

* * *

هەڵەبجە
ئەمڕۆ هاواری
پەلاماری !
تۆ تەنیانی !
ڕەنگدانەوەی

مەزلوومێکی
وەك لوبنان و فەلەستینی !
ئەگەر چی مەزلوومترینی ...

* * *

تۆ هاواری !!
دارت
بەردت
هێزت
عەردت
وەك ( هیرۆشیما ) ی بریندار
وەك ( ناکازاکی ) ماتەم بار
برینی پەتر* ۆ نەبەستوو
لە ناخی جەرگی ئینسانە

* * *

هەڵەبجە !!
گەرووی هاواری خەڵکی
خەڵکی ساوای خۆراوایی !
نامیبیا
ئەریتیریای

گـەرووی نـرکـەی مـاف خوازانـەی
نـەك ئـەفـریـقیـا
هەمـوو دنیـای !
دنیـایـی هەژار
کەوا لە ژێـر
سیـرەی چەکمەکانـی زۆردار
دەهاڕێن
دەچرووسکێنـەوە*
لە ژێر زەبری ئیستیعماردا
بە سـەر خـۆدا
دەشکێنـەوە !
هەڵـەبجـە !
بیـر بـێ مەودایـە
هـونـەر بـێ گۆڕ
ئاگری ببێتە ئاوێنەیەك
لە تۆی ستـەملـێ چووی مێـژوو
بخـاتـە بەر چـاو وێنـەیەك

* * *

هەڵەبجە منیش دەزانم
ماوەیەکە
بە شەوانی ئاخنراوت
لە زێوی قاڵی مانگە شەو
شانە گۆرانی لاوانت
داناهێنێ بسکی ئەوین
لە پەنجەرەی خانووەکانت
سەر ناکێشن کچی شیرین
کۆڵانەکانت بۆ ترپەی
رێبوارانی خۆشەویستی
کش و ماتن
لە رۆچنەی سەر دەرگاتەوە
پەنجی پەمەیی* داناخات
گوڵێکی سوور
تا شەوینداری تامەزرۆ
خۆ باوێ بۆی لە رێگەی دوور
بەڵام دڵنیام هەڵەبجە !
رۆژێ دادێ
چیا و دەشتت

نەخشین ترین
خشڵی گوڵیان لە مل دابێ
هەر لاوێکت
گوڵی سووری
لە رۆچنە بۆ هاوێژراوی
لە دەستابێ ٠

* * *

بەڵێ دڵنیام هەڵەبجە
ماوەیێ زۆر
گوڵی شینی " دەربەندیخان "
چاو گەکانی " شارەزووری "
بزوێن و جوان
نابن بە بارانی ماتەم
تا بە سرتەی داباریني
بۆت بخوێنێ
سروودی خەم
دڵی شکاوت
جارێکی تر
لە گەڵ شێعری شادی رادێ

دڵنیـــام ڕۆژێکی وا دێ

* * *

هـەڵـەبجـە !

مـۆری تـاوانـی

بـۆ تەوێڵـی

" تیـــرۆن "

" جەنگیـــز "

" هیتلـــەر "

" تەیمـــوور "

ئەتیلاکانی خوێنخۆری ئەمڕۆی دنیا

هەڵەبجە شاری ژێر چەپـۆکـی چەتـری

کارگـــی هەڵچووی

بۆمبـــای " کبریـــت "

ئەمڕۆ ئەتۆ

ئیددیعـــانـــامەی ئینسانـــی ئەم سـەر دەمە

دژی دنیـای زۆرداری

تـۆ دادگـــای " نـــورنبـــرکی "

بەش خـــوراوانی هـەژاری

تۆ " ســوقـــرات " ی

جامی ژاری شوکەرانت خواردۆتەوە !
تا هەبوونی مێژوویی خۆت بسەلمێنی
تازە بوونی ستەمکارانیش بنوێنی
لە " ئاقنی "
کوردستانا !

* * *

هەڵەبجە !
هەتاو بەیانان
کاتێ لە پشت کەلت دەردێت
شەرمەزارە
بڕوانێ لێت
بۆ ئەو رۆژەی لە تۆ هەڵات
دەخوازێ بۆلێبووردنێت
سەری خۆی دەنوێنێتە بەر پات
بەلام هەیهات !
هەیهات !
هەیهات !
هەڵەبجە !
ئەمنیش گەرچی شاعیرێکی کوردم

گۆمی ئاوی چاوگەکانی کوردستانم
لە ئاستی زوڵمی لە تۆ چوو
لالە زمانم
دەستم بێ گۆیە هەڵەبجە
بیرم بێ برست
گەرووی شێعرم
گوشراوە و نووزەی دەرنایە
بەستە شێعری شین گێری من
وەك هاواری بەرەو بایە
گوێ یەك لە گەڵیان رانایە
هەڵەبجە !
خۆشەویستەکەم !
خۆرپەی دڵی
مرۆی یاخی سەدەی بیستەم !
شاری وەستان و کوڵنەدان !
شاری پەیامی ئینسانی !
شاری کوردان

گولان یەکەمی ١٩٨٨

گۆواری پێشەنگ ژمارە ١۶

لاپەرەی ٣٨ ـ ٣٩ ـ ۴٠ ـ ۴١

عومەر فارووقی

## " باوانەکەم "

باوانەکەم
دوێنێ ئێوارەی خەرمانان
ئاسۆی سووری لە خوێن شەلاڵ
دوندی کەژی داپۆشیبوو
دڵم کە تەیری بێ لانە
وەك هەمیشە
کز و مات بوو
گوڵی وشە و شێعر و جوانی
لە سەر لێوم هەڵقرچابوو
دنیا رەنگی خەم و خوێن بوو
لە قاوەخانەی سەر شەقام
دەنگی حەسەن زیرەك دەهات
دەنگی نەختێك خەم رەوێن بوو
منیش کز و بێ سامان بووم
لەو کووچە و لە و شەقامەدا
دەنگی زولاڵی زیرەك بوو
لاشەی منی دەلاوانۆ

دەڵێم لاشە
چونکە دڵم
رووح و رەوانم ،نەماون
پەیتا پەیتا کونە بسووی شەو
دڵی تەنگم دەشێوێنن
دەنگی زیرەك بۆ خۆی نەبوو
دەنگی شەویش لە ژێر گڵکۆ
هاو رازی منی کڵۆڵ بوو
( وەنەوشەم دەچنی مەڵۆ بە مەڵۆ
خەڵکی پێ شاد بوون
خۆیشم رەنجەڕۆ )

* * *

باوانەکەم
دەرد و برین و زامی من
لە ناخی ئەم ئاوازەدا
خۆ دەنوێنێ و خۆ باس دەکا
من هاوار و هاوار دەکەم
مانگ و ئەستێرە و کازیوە
دەنگی مینان باش ناسیوە

من هەڵۆەداوشەیدای شەوم
من زیندووم و دوور لە خەوم
من هاوارم ، مەکۆی داخم
من گوڵاڵەی سووری باخم
من شەپۆلم
من تریفە
من هەتاوم
من سفرەی خاڵی کریکار
من بریقەی بەرق و ئاوم

* * *

باوانەکەم
دەنگت خۆشە
دەنگت لەم کەین و بەینەدا
بۆ منی کز خەڵاتێکە
هەر وەك نووسینم لەم هەردە
بەم شێوەیە خەباتێکە
من دەنگی تۆ چاك دەناسم
من کۆیلەتم و بە تۆ دەڵێم
وەکوو ماسی چۆن بۆ ئاوە

وەکـوو هەوا چۆن بۆ " ماوە "
وەکوو خۆر و کانی و قۆپـی
چۆن دڵی خەمبار شاد دەکەن
وەکووکەژی شاهۆ و ئاسـۆس
وەکوو قەندیل و نەکەرۆز
وەك ئارارات و کێڵەشیـن
وەك چل چەمە و ئاوی بـەیان
وەك بەختیـار
وەك ئاژوان
وەك پیرە مەگـروون و سۆلاف
وەك مەڵبەندی جوانی ئالان
دەتنا سم وخۆشم دەوێیت
ئەی خاکـی پاکـی موقەددەس
ئەی وڵاتی تازیە بارم
ئەی رەشپـۆشـی هەڵەبجەکەی ئـەحمەد موختار
ئەی شارە زوور و سەی سایەق
ئەی سیـروان و بیـارە وپـاوە
ئەی هـەموو گونـد و تەلان و
قەڵات و کەندی ئەو ناوە

خۆشم دەوێیت و دەنگت بێت
من چاوەڕوانی هەمیشەم
بۆ رزگاریت
بۆ جەژنانە

ئەبووبەکر خۆشناو

## هەڵەبجە

ئەمە
تووڕەیی چیایە
نرکەی پێشمەرگەی ئازاد و
بانگی مرۆڤی بوێرە

*       *       *

مێژوو بیرمان دەخاتەوە
لە لایەن تورکی عوسمانی
هەزارەها هەزار ئەرمەن
ڕەشەکوژ کران
جەستەی مرۆڤایەتیان
وەبەر شەستیری هیتلەر کەوت
ئەمریکی یەکان بوون لە ڤێتنام
ڕووبارێك خوێنیان هەڵڕژاند
ئەمڕۆش دەبێ
بە خەتی درشت
لە سەر لا پەڕەی ویژدانی
هەموو ئینسانێ بنووسرێ

جەلادێکی ئەم سەردەمە
شێتێک ، هارێک
تاوانبارێکی کارامە
وڵاتێک بە خوێن سوور دەکا
گەلێک
گەلێکی بێ وڵات
ڕەش پۆش و پرسەدار دەکا :
جەلادەکەی ئەم سەردەمە
بە خوێن فرچکی خواردووە
لە دەور و بەرێکی ئاژەڵی
چاوی بۆ ژیان پشکووتووە
لە تەمەنی شەش ساڵی دا
لە خوێندنگای کوشت وبڕ دا
دەستی بە خوێندن کردووە
هەر لە دەرسی یەکەمەوە
زۆر چالاک بوو
بە زەبری گوللە و نارنجۆک
دەستی بە سەر کورسی داگرت
نموونەی ئەو هەتا ئێستا

لە دنیادا نەبووە شاگرد !
ماڵ نەما ، ئەو
چاو بە فرمێسکیان نەکا
دایك نەما ، ئەو
جلەکانی لێ رەش نەکا
لە زاخۆوە بۆ خواروو
گوندەکانی رەش کردەوە
شارۆچکەی جوانکیلەکانی
لە بیری نەخشە بردەوە !
ئێستاش شاوا
دڵڕەق، بێ باك
گاڵتە دەکا
بە خوێن ، بە خاك
بە مرۆڤە پاشەکانی
راوەستاوە و
بە شمشێرێکی ژەنگاوی
لە رووباری خوێن دەڕوانی

* * *

مرۆڤەکە گەورەترین سەرمایەیە
لە هەندێ شوێن
خاوەن شکۆ و حەساوەیە!
لە زۆر شوێنیش درندەیە
لە زۆر شوێنیش
فریو دراو چەوساوەیە!
بەڵام لێرە
گەورەترین قوربانی یە
لە لایەنی ئینسانی دا
دووەم و سێ یەم پلەیە!
نازانم بۆ مرۆڤ لێرە
وا بەدبەخت و چەوساوەیە
کە لە چنگی گورکێکی برێ رادەکا
رێوی یەک فریوی دەدا
کە لە ترسی لافاو هەڵدێ
ئاوارەی بیابان دەبێ؟!

* * *

دایکێك
لەو گۆرە کەوتووە

منداڵە شیر خۆرەکەی
لە تەنیشتیا
را کشاوە و لێی نوستووە !
نە خۆیان بە ئاگا دێن و
نە کەسێکیش جورئەت دەکا
لە گورمەی شیرین خەویان کا !

*   *   *

منداڵێکی پێنج شەش ساڵان
گوێی لە دەنگی فڕۆکەیە
وەکوو بەرگری خورسک
زۆر بە پەلە
لە ترسی بۆمبا رادەکا
نازانێ گازی کیمیایی
وا پێشبڕکێی لە گەڵ دەکا و
گوڵی ژیانی دەژاکێنێ
زۆر ئەسپایی

*   *   *

لە نیوەڕۆ
چەکدارەکان رەوە رەوە

وەکوو کوللە
وەکوو مشك
وەکوو شەوە
بە سەر سەری شماردا دەرژێن
بۆ بازنی زێڕ
دەستی بریندارەکان دەبڕن
بۆ دیناری
سکی مندالان هەلدەدڕن !
* * *
تاعوونە و دێ
لافاوە و دێ
لەرز و تا دێ
هەلەبجەمان
کیژۆلەیەکی ناسکەو
حەزی پیسی چەکدارەکان
دەورووژێنێ*
لە نیوەڕۆ خراپی دەکەن و
بە دیاریش
بۆ خەلکی دیکەی دەنێرن !

هەڵەبجەمان
ئافرەتێکی ئاوارەیە
برسی و رووتەو
ئابڕووی تکاوی ئێوەیە

* * *

ئەی هەڵەبجە
بە چ شوێنێکت بچوێنم
بە کامە گۆڕ و جێیەکت بشبهێنم ؟
چیت ناوێنێم

* * *

بە چ دەستێکی بڕاو و
سەری بڕاو
روومەتی شیوێنراوەوە
هەڵبلێم ؟
هەڵەبجەمان
خوێنی زینوە و
دەنگی سامناکی چیمەنە
قووڵ بوونەوەی
زامەکانی شێخ وەسان و
دەنگدانەوەی گیروینگایە !

هەڵەبجەمان
تفە لە رووی بورژوازی
نەنگ وعاری ئینسانیەت و
ریسوایی هەموو دنیایە !
هەڵەبجەمان ناکازاکی
هەڵەبجە هیرۆشیمایە
هەڵەبجەمان سوتیویە
دیریاسین و
هەڵەبجەمان هەڵەبجەیە
برینی قووڵ و تەشەنە بووی
ئەم گەلەیە !

* * *

بەلام چونکە
ژیانی ئەم خەڵکە بەدبەختە
هەموو خوێن و
راکردن و
سووتاندن و
قوربانی یە
کە چی ئەنجامیش دیار نی یە

بەڵام چونکە
ژیانی ئەم خەڵکە بەدبەختە
هەمووی ترس و
چاوەڕوانی و برسێتی یە
کە چی ڕێگاشیان دیار نی یە
بەڵام چونکە چارەنووسی
خەڵکی چەوساوە و بەدبەخت
دیار نی یە
تەنیا لە دوو هەنگاو زیاتر
لە مردنیش
بە دوور نی یە
پرسیار دەکەن
وەڵامیان لە ئێوە دەوێ
بەسە ئیتر بازی گەرمیان
چرنووك لە کۆترەکان بگرێ
بەسە ئیدی هەڵۆکانتان
هەڵۆ بەرزە فڕەکانتان
زگی منداڵان هەڵبدرێ

بەسە ئیتر سەوداکاری
بگەڕێنەوە سەرچاوەکان
شیری دایك
بۆ کوڕەکەی
لە هەموو شت حەڵاڵترە
هەڵۆش
لە هێلانەکەی خۆی
سەرفرازو ئازاد ترە !!

سەرەتای ئایاری - ١٩٨٨

* * *

م . مایی

## " سترانەك بۆ هەڵەبجە "

لۆلۆ مامۆ
منی بێ باڵ
لە دوور لە دوور
بەرێکەوتم بۆ شارەزوور
خۆرم بینی پێدەکەنی
کەرپیام لە گوند و گرد ودۆڵ
" نالی " م بینی لە " خاك و خۆڵ "
گۆڕەکەی خۆی هەڵدەکەنی
دەم بە هارە و ...
گڕی لە شێعری بەربووە
گوند شێعرە ، چیا شێعرە ، رووبار شێعرە
شارە زوور یش لە بەر دەم " نالی " شاعیردا
باخچەی شێعرە و
هەموو رۆژێ خونچەی شێعری پێدەکەنێ

* * *

لۆ لۆ مامۆ
لەجیهانی شێعر و بەهار وسروشت دا

بوومە شەیدا ، بووم دێوانە
لە سەرچاوی " ئاوی زەلم "
رەش بەڵەك ریز بەریزانە
لەوێ دیم " وەلی دێوانە "
شێعرێکی نوێ
بۆ بەهار و ئەم سەردەمە
بۆ سەیرانگای ئەم پەرچەمە
بە ئەشقی ئەم گوڵە " شەم "ە
دەکرد گۆرانی و ملوانە

* * *

لۆلۆ مامۆ
هەر لەوێ بوو
بیستم دەنگی چەمەی " سیروان "
هەر شەپۆلی ئاوازێکە
لە سەر ژێی کەمانچەی " کارزان "
بۆ من و بەهار و شێعر
هەر دەژەنێ هەر دەژەنێ
هەزار حەیرانۆك و ستران
لۆلۆ مامۆ

نم ... نم باران
لە بەر ئاسمان
لە بەینی دوو چیای بەرز بەرز
یەك هەورامان ، یەك شەمیران
تیشکی خۆریان دەرامیسان*
دەبوون بە پەلکە زێڕینە
بینیم پۆل پۆل منالەکان
شاریان لە باوەش گرتبوو
لە باوەشیان
هەڵەبجە بوو " بووکە باران "
من گوێم لێ بوو
بەرەو ئاسمان دەیانقیژاند
"هەیاران " " مەیاران " و تەیاران "
نەکەن تیشکی خۆر بکووژن
نەکەن توورە بکەن ئاسمان
نەکەن ... نەکەن
لێمان بکەن ئاگر باران !!

* * *

لۆلۆ مامۆ
خۆم لەوێ بووم
گەر دەپرسی چۆن دەزانی
پرس و هەواڵی همندەران
ڕۆژێ جارێ وەکوو جاران
بە سەرە دان
دەبووم میوانی کوردستان
ببنیم مامۆ
کاتێ لە کۆچکی میری پیر ، فەرمان درا
لە هەر لا ، شار داگیر کرا
خواوەندی " ئەبابەلیش"
ئاسمانی شاری داگیر کرد
مردنی ڕەش بە سەر مرۆڤ ، دابەش کرا
ئەتۆش مامۆ لەکۆچکی میر
موژدە ناسەت پێ مۆر کرا
موژدە گەلۆ …
واشارە کە ڕزگار کرا !!

* * *

لۆلۆ ماسۆ
چۆن دەتەوێ
من ناوی لێ نێم رزگاری !
ئەگەر زولال و گەش نەبێ ئەم ئاسمانە
ئەگەر ماسۆ هەموو رۆژێ
دەنگە ، رۆرۆیە ، گریانە
ئەگەر ئەمرۆش هاواری بێ
دیسان لە بانمان بارانە !
... نانا
ئەم بارانە ، نەبارانە
ئاگر و ئاسن بارانە !
چۆن ناوی لێ نیم رزگاری ؟
ئەگەر ماسۆ
لە ئاسمانا مردن باری
ئەگەر ژەهری ماری سەرشانی ئەژدەهاك
ئەمرۆش لە جەژن و نەورۆزدا
بۆ منداڵان بو و بە دیاری
چۆن ناوی لێ نێم رزگاری ؟
گەر ببینیم

شیری کوڕی "ئەبی وەققاس "
لە  هەڵەبجــە چۆن بوو بە داس
بەهاری کوشت
نەگۆڤەنـد و نە نەورۆز هێشت !
چۆن  ناوی لێ نێم رزگاری
گەر بینیـم
دۆینــێ میوانــی میرێـك بووی
ئەمڕۆش  مامۆ
شەیدای کۆشکی میرێکــی تر  ؟
چاك لە  بیرمە و لە بیرت دێ ؟
دۆینێ و لات
چ کارە سات بە سەرداهات
ئەمــڕۆش مامۆ
وادێ کارەساتێکــی تر
ئەگەر دۆینــێ
جەرگــی شارێکیان هەڵــدڕ ی
ئەمڕۆش " هەڵەبجە" ی سەر بــڕی
بەیانیــش  دێ
خاپووری کەن شارێکــی تر

تۆ پێم نالێی
بۆ هەناسەی شێعری دلّم
بۆ سەیرانگای" کانی زەڵم "
چۆن پەیدا کەم وارێکی* تر
تۆ پێم نالێی
لە کوێ بێنم شەنگە کوردستانێکی تر !
نە نە مامۆ
کە شاریان کوشت
جارێکی تر ، زامێکی تر
بەربوو لە ناو دلّی " نالی "
بۆیە " نالی" ی لە دڵ نالّی
سەر لە نوێ " وەلی دێوان "
سترانەکەی کۆنی جاران
ئەمجارەیان نە بۆ " شەم " ێ
بۆ هەڵەبجە
بۆ وێ خەمێ
کردی بە هۆزان و ستران
شەم دگری
ئەم دستری

بروانە  سیروان ئەگری بە چاوان
بڕوانە  سیروان ئەگری بە چاوان

ستۆکهۆلم

١٠/٦/٨٨ ـ م ٠ مایی

## عەبدوڵڵا تاهیر

### بۆ هەڵەبجەی شەهید

چ نانووسم لە سەر تەرمی هەڵەبجە چونکە نازانم
بە کام ناوی بلاوێنم ؟ زمان گیراوە ناتوانم

بلێم من بۆ هەڵەبجەی سوور وەیاخود سەر بڕاوم رۆ
وەیان خنکاو و یان خاپوور وە یان مێشک پڕاوم رۆ

لە ئاقار* هەستی ئاخ و ئۆف و ژانی ئەو مرۆڤەی وا
لە ئاخیر ساتی ژینایە و دەبرژێ (گاز) لەشی دەخوا

رەوانبێژانی دنیا هەر هەموویان دەستەوستانن
بەشێك لەو ژانە داڕێژن بە هیچ شێوازێ ناتوانن

کە سووتاندیان نەرگەی شێعر و شاری (بێکەس) و(تاهیر )
لە ناو گڕدا بە پشکۆ بووتەنی بێشکەی دەیان شاعیر

وڵاتی من کە شارێك بێ ، هەڵەبجە مزگەوت بوولێی
کە سووتاندیان ، پەڕی قورئان بڵێسە خواردی ئەلف و بێی

پەڕەی قورئانی داگیرساو فڕی بۆ بارەگای ئەڵڵا
چریکاندی لە سەددام کێ بە زاڵمتر لە رووی دنیا

## هێمن ئێراقی

## لەم رۆژانە لە کوردستان چ باسە ؟

لەم رۆژانا ...

لە وڵاتی پڕ دەردی سەریی کوردانا ...

لە نێو گەلێکی پڕ ئۆف و داخ و ژانا ...

چ دەنگێکی خەفە کراو...

بە گوێی تێکڕای چەوساوانا

بچرپێنین ... ؟

چ هەواڵێکی خنکێنراو...

دەربارەی کێشەی گوم کراو ...

راگەیەنین ... ؟ !

بە کام شاژانس ... ؟

لە کام رادیۆی بێ سانسۆردا

یاکوو بە کام هەواڵ نێردا ... ؟

جیهانی کرو کەپ کەوتوو

دەربارەی دۆخی کوردستان

بهەژێنین ... ؟

* * *

لە کام لاوە دەست پێ بکەین...؟
باسی نالە و گریە و زاریی
هەتیو کەوتوویی و خەمباریی
رۆلە باوك مردووەکانمان ...؟
باسی دێهاتی چۆڵ بوومان
یا مالە رووخاوەکانمان ...؟
باسی مزگەوتی وێران و
قورئانە سووتاوەکانمان ...؟
باسی خوێندنگای کاولمان
کتێبە پڕاوەکانمان ...؟
باسی هەوارگەی چۆڵ کرا و
شوان و رانی قەلاچۆ بوو
زەوی بە ناپالم کێلراو ...؟
باخ و دەغڵی
بە بۆمبی کیمیایی دوژمن
سەمپاش کرا و ...؟
باسی رەنگی سوور بووی کەژمان
یا دۆلە پڕ دەنگەکانمان ...؟
باسی ئاخ و ئۆخی گەرمی

باوکی هەژار ...؟
یا هەناسەی ساردی دایکی
مات و خەمبار ...؟
یاکوو باسی خەندە و شادیی
دوژمنانمان...
یا تەماشای بێ لایەنانی
بێ گیانی
دەور و بەرمان ...؟
یا بەر لە هەموو ئەمانە
باسی پیلانی سەرانی
ستەمکارانی جیهانی
بۆ پەرتەوازە کردنمان ...؟
یا لە شاری وێڵ کردنمان

* * *

باسی کام بکەین لەمانە
کە لە سەر زەوی گەلمانا
باسی ئاسایی ژیانە ...؟

* * *

بەڵام با دوژمنەکانمان
چاك بزانن ...
ئەمڕۆ ئاسۆی هوشیاری کورد
تین دەستێنێ ... ؟
مژدەی هەڵهاتنی خۆری ...
ئازادی و رزگاری دێنێ ...
ئەمڕۆ لە نێو کوردستانا ...
شەماڵی هەور و بێداری ...
نێرگسی چەندەها چاوی ...
زەرد و سیس بوو دەتروکێنێ ... !
خونچەی چەندین گوڵ نەمامی ...
باخچەی هیوا دەپشکوێنێ ...
وەنەوشەی لێواری چاوگی
جۆگەلەکان دەخەملێنێ ...
تك تك بارانی نەرم و نۆڵ ...
لە چەندەها رووی شارەقین ...
دەپرژێنێ ...
ئەمڕۆ خوێنی
بە ناهەق رێژراوی گەلێك ...

لەگەڵ ئارەقی ماندوویتی و
تلۆقی کیم و برینا ...
چەندین تابلۆی گۆیا و دەنگ دار
لە پێشانگای تێکۆشان و
هەوڵ و ژینا ...
بۆ چەوساوانی سەر زەوی
دەڕازێنی ...
ئەمڕۆ وژەی
زایەڵەی بانگەوازی (حق) ...
لە نێو گەلی ئەمی بەدوودا
تین دەستێنی ؟
نێرگسی
خەوتوو و گوێ ئاخنراو
بە هۆش دێنی ...
کۆشکی ستەمکارەکانیش
دەلەرێنی ...
با ئەمڕۆ دوژمنەکانمان
دڵنیابن ...
کە لە ژێر گشت بن بەردێکا ...

لــە هەمــوو دۆڵ و هەردێــکا ...
لـە گـەڵ زیاد بــوونی پێـلان و
هەر ئێـــش و داخ ودەردێــکا ...
لـــە دێهاتــا ... لــە نێـو شـــارا ...
لــە ســەر شـانــۆ .... لــە سەر کــارا ..
لە حــوجـرەدا ـ.. لــە مزگـــەوتــا ...
لــە پۆلـــی قوتابخــانــەدا ...
لـــە کارگـەدا .. یاکـوو لـە بەندیخانــەدا ـ..
لــە هــەر جێیــەکـی تریـشـــدا ...
چەندین کـۆرپــەی پـاك و گـۆش کـراو ...
بە قــورئــان دەم شیـریــن کــراو ...
بـە ســروودی ئیـسلامــەتـی گەورەکـراو ...
بە خــوێـن نـاو چـاو نەخشێنــدراو
خەنـــدەی دەمیــان دەجـریو ێنــێ ...
ئومێــد پێـیـــان ...
ئاسـۆی خـەبـات دەخەملێنـێ ...
با دوژمنـــانمــان بـزانــن
کــە ئەم نــەوە بــاس کـراوە
ـ لـە ئازموونگـەی خـەبـات و خەم و کۆششـــا

هەر دەم لە زاخاو دراوە
وا پێی ئەگەن ... چاك تێش ئەگەن ... !
گوێیش نادەنێ
بە هەنگاوی پرژان و خەم و خوێنەوە
هێدی هێدی هەنگاو دەنێن
تا دەگەنێ ...

گۆواری هەڵەبجە ـ ژمارە ٣ ـ لاپەڕە ٢٤ ـ ٢٥

## باوکی ش

### "بۆ کابرای شیت"

با سەدان جار
نیشتمانم کیمیاوی کەی
با سەدان جار
خنجیلەیی ولار و لەنجەی
گوندەکانی لای قەد پالی شاخەکانم
زالمانە
لە گەڵ ئاستی رووی دەریادا
تەخت بکەیت
لە کوردستان ، مەرجی ژیان
بۆ زیندەوەر بن بڕ بکەیت
هەوڵ بدەیت تا ئاژەڵ و پەلەوەریش
قات و قڕکەیت
سنوورەکان بە لیزەری تەلیسماوی
مین چین بکەیت
چەندین لاشەی
وەك هەڵەبجە و سیۆسینانم
لە سەر وەری بۆ لێژەکەیت

سەربەستانە
بێ شەرمانە
کارە ساتی قەلاوسیوکە و
شێخ وەسانان
بە پشکەشی بۆ رووسووری
ئاغا و گەورە دۆستان ببەیت
ئەگەر لەکەی
وەك (هەرەس) و (کۆچی سووریش)
تۆمار بکەیت
چاك بزانە
هەر دەمێنێ
چەند دەوەن و تاشە بەردێ
تالە پاڵیان
شانە هەنگی گوللەی بەرگری
پێشمەرگە
سەر دەربێنێ و
شاڵاوی تۆش
بە سەریەکدا
تێ بشکێنێ

تۆ ئەی گورگی هاری ئەمڕۆ
ئەی کردار و فەرهەنگ ترۆ
هەر چەند شاگردی هیتلەری.....
نوێنەر بۆرژوای سەردەمی
بۆ یەکەمیان ، هەر زۆر کەمیان
بۆ دووەمیان
ڕێگەی پێدان
بە هەزار حاڵ
بۆ کوردستان
هاوارێك بێتە سەر زمان
خۆت دەزانی
ئاینده دێ
کەس لە دەستی حوکمی مێژوو
دەرباز نابێ
بە شێرپەنجەی دەم و چاوی
خەڵکی دەبێ
بە تیشکی قین ، تۆڵەی خەڵك
بە خۆت و دەور و پشتەوە
وەك خۆڵە مێش ، رادەماڵێ

بەلام ئێستـــا

نەوەکانـــی عـــەرەب زمان

هاوار ئەکەن (رووی پەشیمـــان)

لـــە رەفتـــاری بەعســـی یەکـــان

نایانـــەوێ لەگەی مێـــژووت

بکەوێتـــە ئـەستۆی ئەوان

ئەوەی کـردت

لە مێـــژوودا رووی نەداوە

ئەرمـــەن قـــڕان

گـۆواری پێشـــەنـگ

ژمـــارەی ـ ١٦

لاپەڕەی ـ ٤١ ـ ٤٢

## مارف ئاغایی

### مانگی ئازار

هەموو جارێ
کە زامی نوێ
دەکەوتە گیانی نیشتمان
چەند دڵۆپ فرمێسک هەڵدەڕژا ،
چەند قەڵەمیش
بەرە و چیا تێ دەکشان

*   *   *

لە ڕۆژێکی مانگی ئازار
کە مژو تەم
چەشنی خۆرە
کەوتبوونە لەشی کەژو کێلو ،
بە تاو فرمێسک هەڵدەوەری
بە پۆل قەڵەم
بە قەدپاڵی کێوەکانا هەڵدەگەڕان

*   *   *

دڵی زەوی
بە چەشنی پشکۆی ئاگرێک

گـــڕی دەدا
فرمێسـکەکـــان
لە ســـەر زەوی دەهاتنـــە کـولْ
دەبـــوونـــە هـەڵـم و هـــەوری خـەم
دەڕۆیشتـــن بـــەرەو حـــەوا

* * *

ئێستا هـــەوری ئەسرینـــەکان
لە گشـــت لاوە
ئاسمانیان داپۆشیـــوە
پـۆلـــی قـەڵـەمـــی یاخـــی بـووش
کارەســـاتـــی دڵتـــەزێنـــی
دڵ ڕەشـــەکانـــی مێـــژوویـــان
لـــە ســـەر سینگـــی ســـاف و ســـاردی
بـــەردی کێـــوەکـــان نـــووسیـــوە

* * *

ســـەر دەمێکـــە کـــە هـــەورەکـــان
لە نێـــو چـــاوی ئاسمـــانێـــدا
قـــەتیـــس مـــاون
پێنـــووســـەکـــان

لە سێبەری بن بەردەکان
هەڵکورماون

* * *

ئیزنم بدەن
لاپەڕێکی مێژووی سبەی بخوێنمەوە:
لە سەر زەوی
تەمی کێوەکان لاچووە
لە ئاسمانا
شریخەی هەوری تووڕە دێ و
بارانێکی پڕ لە رەحمەت
هەموو ناوچەی داگرتووە
لە چوار دەوری شەو سنوورە
هەڵاتووە کوڵکە زێڕینە
لە پاشی شەو گەرمە شینە
کۆڕی شایی و هەڵپەڕینە

هاوینی ساڵی ١٣٦٨

پەرویز جیهانی

## تابلۆیەك د مویێدا

مژە بایە یان بۆرانە ؟
بارۆڤە یان ژی تۆفانە ؟
چی یە ؟ چ بوو ؟
کەس نزانە !
هەر دیارە
رەڤ و بەز و هەلاتنە
ژن و بچووك هەڤ دکەڤن
تەڤ درەڤن
کیڤە ، کودا
بۆ کوێ ؟
کەس نزانە !
دایکەك ، زارەك سەر ملایە
دەرگووشەك ساوا بەر دلایە
یەك ل پشتێ
یەك تەنشتێ
یەك ل ملە
یەك ل دلە ، دخنگلە

بارا دبە، مژ و مۆران ل هەر دەری بەلا دبە
چاڤێ دادی دسۆژینە
دلێ وی یا دلە رزینە
دایک بەر پێ خۆنابینە
زارەك دگری
یەك دنالە
یەك بەد حالە
دێ دکالە
چاڤێد بچووکا ڤەدمالە
بێهنا دایێ،
ئێدی نایێ
شەو چك دبە
گەل بچووکا
شەو دەڤەڕۆ
هەژتك و ژیك دبە
هەمیوو تەڤ هەڤ
بێ هەژورەڤ
دادکەڤن
دادێ بچووکێ خوەیی هوور

حمیێزکری ـ خاستی ئاشیتا بکە دوور ؟ !
بچووکا وەك جووجکێ ساوا
سەرێ خو بن باسکێ ویێرا
دبن قەرپالێ دادێدا
قەشارتنە ،
تو دبیژی ل تشتەکی ،
زوژ ترسیانە !
بالیێدخە ، پوژێ دادێ ،
ئالوز دکە ، دهەژینە ،
دهرشینە ،
سەر تەفەشا
وان ل ژیانێ بێ بەشا
وان مندالێن زوژ بێ گونە
لە شیێن ئیێدی گیان تێ چنە ،
بالیێددە ، پوژوپر چاتەڤ هەڤ دکە
لەڤ دالینە
دکە گیێرە !
خولی و ئاخێ لێ دڕەشینە
وان رووماتا بەرە بەرە

ب گەمیاریێ ڤەدشێرە
قەرتە لەکی پیر و برسی
سەر وان لەشا
پەرلیێددە
گەرلیێددە
هێدی هێدی سەر لێددە
دبە میڤانێ وێ خانێ
لێ نزانە شەوێ ژی هەر ب ڤێ خانێ
خاترێ خۆ بخازیتن ، ژ جهانێ !
گەلۆ چ بوو ؟
کێ وسا کر ؟
کێ ئەو باو باگەر راکر ؟
کێ توفان و مژ بەلا کر ؟
کەس نزانە ؟
چ بوو ؟ چ قەومی گەلۆ ؟
کەس نزانە ! کەس نزانە !
ئەمما حەموو ڤێکرا دبێن بۆمبارانە ، بۆ مبارانە !
بۆمبارانا کوردستانە !
بۆ مبارانا کوردستانە !

## مامۆستا مشەختی

سەد هەوار و ئاخ و کۆڤان ، کانێ میهر و دیـن و ڤین
داد دکەین و نینە فریا ، کانێ ئاسمان و زەمین

گاز دکەین عالەم هەوارە ، سازمانیێت کەرر و لال
وەحشییێت بەعسان بڕاندن ، سەد بڕینە ، سەر بڕین

وەی دلێ وان ب تانك و تۆپان ، هێن نەبوو ، سەم دانە کار
غازی ( خەردەل ) لمە رەشاندو ، تو بچاڤێ خۆ ببین

غاز ژ ئاسمانان دڕێژن ، تەرم و لاشە و کورشەنە
بوونە مشتا خەژن و مێر ، سەد هزاران نازنین

وەرنە پێش تەرمێت بەلاڤبوین ، ل دەشت و کێو و شار و گوند
دەست لگەردەن هەڤ کرینە ، شبتی لالەی چرمسین

کەس نیە تەرمان ڤەشێریت ، ئاخ شەهیدێت بێ شوار
هندی مایژی نیڤ گیانی ، تو سەرەنجامیان ببین

پەرت و بازێل دەربەدەر بوون چەند لمستشفان مرن
هند ژی ژارن ناڤ غەریبی دلکوزیر کو پڕرحە زین

داخدارم بۆ جوانان کۆر ببم بۆ کۆرپەیان
چاك و پیرولاندکە ساڤای ، بغازی خەردەل خەندقین

ئەو ج داخوازە چ ئازە ، ناڤ سەرێ ( عفلقیان ) ؟
ڤێت بمینن ئەو لمەیدان ، خۆش بکەن گەشت و کەنین

ژین و مانا مە چ سوودە ، پاش حەلەبجەی داخەکەم
تاقەکە ئاسمان هژاند و ، گارە و کێوی سەفین

داخدارم بۆ حەلەبچەی ، هیرۆشیمائێ دووەم
هەر لناڤ مێژووی دمینیت ، تاکوو رۆژا ئاخرین

داخدارم بۆ حەلەبجە ، زاخۆ ، ئامێدی ، دهۆك
باس نەکە سەر سنگ و سەر دەشت کش دزانین چین بچین

هەی هەوار رێیا رەڤێژی ، نادەنێ تورکێ مغۆل
داکو بمرن ژ تێن و برسا ، سەر سنووران سەنگرین

باز ددەن بۆ سەر سنووران ، وان نیە دالدە و پەناه
هەم هەواریان بێ جوابە ، وەك گورێ سەحرانشین

چار کنار لێ قەتلی عامە ، شەڤ جهانە دەنگ نەکر !!
چاڤ دگێڕن نینە فریاد ، ژ شەرق و غەرب و هند و چین

وار و هێلینمان خراپ کر ، باغ و راغ و شار و دار
نەمەل و بەستەزمان ـ مان ، نە شەراب و هنگڤین

چ بەرۆك و بەکرەبینە ، بەعسیان داپێشی خۆ
راست و بەرواری و نشیڤی ، حاجی عومران و سەفین

کوردستان سۆتانە ( رەشپۆش ) شبتی دەیکا دەربەهی
بۆ عەرووسی سەربزێڕو ، هەم ژ بۆ زاڤای گرین

بالە فرر کیمیا ڤرریدا ، سەر سەرێ کوردێ هەزار
ناڤبری باغێ بەهەشتێ و ، نازەنینیت دل رەڤین

کافران دل بۆ مە سۆت و بێجگەیی ( مصر و حجاز )
ئافەری و تەبریك هنارتن ، گۆتنە ( صدام ) ئافەرین

ترکێ مەترووك چەند بکەیفن ، وەختە بال بگرن ژ کەیف
کارێ بەعسانژی پەسند کر ، کەتنە چۆپی و هەلپەرین

ئەو مغۆلزادە چۆیە بەغداد ، بۆ وەرەی بۆ بەعسیان
هەمژی نێچیریان پیرۆز کەت ، پێکڤە ( ئارەق ) فرر کرین

وان بسەدان ( طنیت ) ژ غازی ، سەر سەرێ کوردان کرن
کورد وگەلدار و دیاری ، داتەمینن سەر زەمین

چەند زەمان ئازارمە دیتن ، کچکەتر بسەنگێ چیا
شاش نەبوین هەر ماین لسەر خۆ ، شبتی قەندیل و سەفین

ببەند و زیندانان نەچەمیاین ، سۆتن و شەنقو قنار
غازی خەردەل ژی مە چیژا ، دەست نەلگرت ژ ئۆل و ڤین

سۆز و پەیمان رۆژی ئەول ، دایە دای باب و ولات
یان دڤێت بەعسان لناڤبەین ، یان ـ دڤێت ئەم کورد نەبین

رت لبابێ سازمانان ، ( هیئة الاسود احم )
بێگەمی ژوان نا ژ بیر کەین ، تا کورۆژێ کورد هەبین

بەعس و ئۆزال و ئەتاتورك ، مە ژ بیر ناچن چ جار
بۆ هەمی وان دەست درێژان ، دێ پیڤازی هەلگرین

## مامۆستا مشەختی

### " هەر لزاخۆ تا هەلبجە "

ئەو چ تۆفانە ؟ چ تافە ؟ رەشە رۆژە تیر و تار
ئەوچ تاڤیژە ؟ زڤیرە ؟ مەرگ فرۆشیت رۆژگار !!
ئەو چ دەردە ؟ ئەو چ عەردە ؟ بوو بە دۆزەخ ئەو بهار !!
دیوێ مەلعوون گەل فرشتان ، کەفتە جەنگ و کینەدار
دوژمنێت مەخۆزی یەکیان ، شەرق و غەربە و چار کنار
ئەی خودایە تاکوو کەنگێ ژێر شکەنجە و پێن و پال !؟
ژێری بارێ مەرگ فرۆشان ، ژێری کیمیا شەم زوغال
کورد کوژی بو خو رەوا کر بەعسی بێتنە شیر حەلال
ئەو چ ژەهرە ؟ ئەو چ قەهرە ؟ ناڤبرن مندال و کال
خۆ نەمار و مشك و مێشین ، مە بکوژن نالە بار؟
وەی ژبۆ حالێ هەلەبجەی ، بەردوومان کریابەم
دەهزار ژێ کوشت و سۆتن ، خان و خیزان دێ چکەم
غازی خەردەل لێ پرەشاند ، وان بەعسیان بێ شەرم و گەم
سەد مخابن شارێ رەنگین ، گۆری وێ بن سەد (ئیرەم)
سەد مخابن گەنج و لاو چۆن هشکڤە بوون ئەو لالەزار

بەس نەبوو کورد ژێری بارو ، ژاری و دەر بەدەری

کورد کوژی مابوو شیمیا ، بسەر سەرێ مە وەر کری

روو رەشێت ئەڤ قەرنێ بیستێ ، ئەڤ کراسەی هەلبری

خۆ نە مووسایە ، نەر زەردەشت ، ئەڤ قرارەی دەربری

ئایا عیسا ، یان محەمەد (ص) فەرموویە ئەڤرەنگ قرار؟

ئایا قورئانە دبێژیت : کورد پەزێ کوشتار ببن ؟!

ئایا وجدانە دبێژیست : هەر شکەستی و ژار ببن ؟!

حەقێ ئینسانە دبێژیت : لازمە زرر بار ببن ؟!

یانێ سازمانە دبێژیت : بێ جەوت و بێ بار ببن ؟!

بەعسێ دەڤبانە دبێژیت : ڤێت لناڤبەم کوردەوار!!!

داخدارم بو هەلەبجە ، بەعسی یان وێران کری

شەو عەرووسێ هندی شاران ، بێ تەن و بێ جان کری

شێ کومایژی دەر بە دەر بوون ، رەبەنێ دێران کری

مال و دارایی بجێ مان ، بەعسی یان تالان کری

دل بکۆڤان کەتنە غوربەت ، دل برینداران هەزار

هەر ل زاخۆ تا هەلەبجە ، کوشت وکوشتارە و نەمان

ئاگری گەشتە سەنەندەج ، سەد هەوار بۆ بادینان

ئامودو سێرت و جزیری ، گەل هەکاری و شەمدینان

گورگێ هار کەفتە پەزێ مە ، بێ خودانە بێ شڤان

کورد کوژی مابوو ، بخەردەل وەك هەلەبجەی تازدار

هە بدراڤێ نەفتی خۆمان ، غازی خەردەل پێ کڕی
بۆمبی کیمیا لباتی نەورۆز ، بسەر سەرێ مە وەر کری
کورد کوژی هەب نەفتێ کورد ا خۆش خەیالە : رێ بەری
بۆ مە نەورۆز بۆ بە شین ، کال بەهار و گول پەری

ئاسمان سەم دباری ژ دەستی دیێوێ دین و هار ١١
کوردستان مەشکەلداره ، چی کەسێ هات و کیشا*
راکری بۆ خۆ نڤیشکی ، چەندی حەز کردو ڤیا
قورمە دۆیە کژی نەدا کورد ، تا بخێرا مردیا
گەر ببێژین کا نڤیشکم ، سەر مە باراند کیمیا

تیڤ سەعەت وان دەر هەلەبجە ،کوشت هزاران گول بهار
بەرهەم و خاکمان بیانی ، وێ دخۆن و توببین
قەسر و کاخ و بالە خانەی ، تو دبینی بێ نەهین
نەفت و بانزینژی ژ بۆوی، هەر وەکی دەریای شین
دەستگەیاندە عەرز و ناموس ، دانە بن پێ و هەلپەرین

بەعسێ خوون مژ بەعسی کورد کوژ ، ڤێت نەمینن کرردەوار
رۆژ و جەنگیز تینە سەرمان ، یان ئاتا تورکێ غرۆر
( قاسم و عارف ) مە دیتن ، جارژی شاهێ گۆڕ بە گۆڕ
هەر کی هات بەدتر ژ ئێدی ، دانە سەر پەردەو سنوور
بەعسی هات ( رەحمەت لکفندز ) کورد قررانە سۆر و سۆر

زۆلمم ژ حەد دەرکەفت وەهایە دەستدرێژی بێ ژمار

* ئەڤ مسرەعا ژشێعرا خودێ لێخۆشبوو
ماموستا مشەختی ـ ١٤٠٩/٦/٢٠ نالبەندهاتییە وەرگرتن

## سەید جەلال نیزامی

کوشتنە ،سۆتاندنە ، ویڕان کرن
لێ بنێڕە چ بسەرێ کوردان کرن
دووکەلەك ژارێ رەشاندن بێ مەفەر
ب هزاران بێگونەح بێکجی مرن
مێژەکە ساوا و لاویێت پاکدل
کۆم ب کۆم بێچان دخوونێ وەرکرن
ژن و مێر و پیر و کالان رێ نەما ن
کووچە و کۆلان ل مەیتێ وان پڕن
وان نەهێلا ژ رووییێ عەردێ رحبەرەك
طەیر لەعسمانا نەمانە بفڕن
هوور و کر کۆم کۆمە سەر یێك رح ددەن
تەرمێ پیرۆز بێ خودان و بێ سرن
دایك و باب زاروولبەر سینگان قەما ن
زێن بدەی هەر لایەکی هوور و کرن
داغدارم بۆ حەلەبچێ دلبرین
ب هزاران سۆتنە و ناڤ ئاگرن
هووری و شین و گرینە ئەی شەما ن
دارو بەرژی مانە حەیران و شڕن
میر غەزەب زۆرن دمێژوویێ بەلێ
بێ هەڤالن بەعسێ خوونڕێژ کافرن
کافران دیسا هەنە رەحم و وەفا
دلرەقن بێ بەخت و سۆز بێ باقرن

ئەو جنایەت هاتە جێ بێ ترس و پرس
بنگەهێت دونیایێ هێشت مات و کڕن
چون ل ئاقارێت جهانێ نینە دەنگ
بێ مەفانە و سەر خۆش و هێج و هڕن
خێنجی قەتل و گرتن و قەبڕاندنان
هەر جی یێ تالانە لێ ئەو حازرن
بوون بەلەنگاز و بەڕیدەی عالەمێ
هەر کەسێ کێشا نەفەس لێ دبڕن
رۆژ هەلات ئەولاگرێ مافێ بەشەر
فێلباز و بێ ئەمەکن کا هۆگرن؟
مێژوویا زولمێ درێژە و بێ حساب
گەر کو مافێ خو بخازی رووچڕن
نامریت ناڤێ حەلەبچێ ساخە هەر
دل حەبینێ وێ ل دەرڤە و هوندڕن
مللەتێ کورد مێژوودارن پڕ خەبات
قەت ب بۆمبان و قنساران دبڕن؟
هند نەمایە رۆژ بدەت رۆناهیێ
سەد مخابن لێک جودا و بڕبڕن

---

* **مێژەکە** : تەماشا بکە
* **زێن بدەی** : تەماشا بکەی
* **شڕن** : خەفەتبارن ، غەمگینی
* **بەڕیدە** : دەربدەر و ئاوارە
* **هوندڕ** : داخل ، زۆر
* **قنار** : زندان
* **دبرن** : مەحو ونابوود دەبن
* **بڕبڕ** : دەستە دەستە

## عیسمەت دلرەش

### " شینا حەلەبچە "

ل سەرمەدا باران باری ... زەر بارانەك ل ڤی واری
چ بارانەك ناز بوهاری ... ل حەلەبچێدا گوڕ گوڕ باری
ل كولانان گری و ... زاری ... ژەحر رەشاندن مینا ماری
خوێناڤ مە شین وەك رووباری ... نالین گەهشت عەرشێ باری
مافێ مرۆڤ رند مێزەكە ... سەرمەداهات شەڤا تاری

*   *   *

دۆتمام پسمام كەلۆ رابن ... تەڤ هەل گرین شەڤی باری
كەرمەتنە ئەڤینداری ... ژ سەرپا بەس یەك هەڤیاری
پرچڤینیین ڤی كەتخواری ... دابلند كین كوردەواری
دارزكار كین ئەڤی واری ... دا ئەم ژی بكین سیاری

*   *   *

## پەرویز جیهانی

" بۆ حەلەبچە "

* * *

دیسا شینە نە وەك ئەو شینا جارا ن
دیسا قیژینا کوردە ل گوند و شارا ن
دیسا کوردە کو بوویە بوٚمبە بارا ن
خوونا کوردە دکشە وەك رووبارا ن

* * *

چ شین شینا حەلەبچا کوردێ ژارە
کو تەڤ قر بوون بدەستێ دژ ، نەیارە
شینا هیروٚشیمایا بێ هەوارە
شینا کوردە کو وا بوویە شەوارە

* * *

دەستێ کەدخور لە پیٚسیرانە یەسارا ن
دەرکەوت و خوون رژاند خوونا هەزاران
خەزەل وەر بوون ل بەژن و بالا داران
کێ دیتی بە پاییز بێتن بلەهەاران

* * *

دەستێ زالم لە پێ خوونمژ چ شین کر
چەنگێ خوونرێژ ببینە چ ل زین کر
دلێ گەلێ ، مەیی هەژار برین کر
بنێڕ زۆر بێژ و فاشیستان چ خوین کر

* * *

زارۆك و داییکان تەڤ نالە نال بوون
زارو و بەرسینگێ داییکاندا چال بوون
گولێ سۆر و گەڤەز ناڤ خوونا ئال بوون
حەموو گیاندار دگەل مەرگێ هەڤال بوون

* * *

گوشتێ لەشێ ژن و زارا وەرانەدن
زندی زندی پیر و جان تەڤ کەلاندن
خوون و بەز و مەژی ، ڤێکرا حەلاندن
دەست و سەر و پێ و لەش تەڤ ئالاندن

* * *

ب بۆمبێ شیمیایی هولما خەردەل
تەڤ کوشتن قەت نەهشتن ژار ۆ ئەڤ گەل
لەشێ تیڤە سۆتاندی بوو تۆپ و تەل
حەلەبچە ب سیانووری بوو حەڤدەل

* * *

کوژاندن ، خوون رژاندن ، فەتساندن
قرِاندن ، رەهبراندن ، دل درِاندن
قەلاندن ،تەڤ حەلاندن وان کەلاندن
پیر و گەنج و لاو و ساوا مراندن

* * *

پشك درِاند و دل سۆتاند و پرژاند
کەزەب کون کر جەگەر ون کر جان ئێشاند
هناڤ و سپل و مێلاك تەڤ سمتاند
کەزی و زولف و توومچك ئاخ کزوزواند

* * *

بژانگ وەریان ، بروو رژیان نەمان چاڤ
لە بەر هەلما ژەعری کشیا خوون و ئاڤ
ل گیاندارو مرۆڤان قەت نەما ناڤ
ل بچووکا نەبوو خودان دێ و باڤ

* * *

پەردا بووك وزاڤان ل خوونێ سۆر کر
گەلەك پیر و جەوان ژ چاڤا کۆر کر
بێ چاڤ و دەست و سەر زالم چ زۆر کر
ئەڤا زولما دژی کوردا کەدخۆر کر

* * *

گەلەك زاروو مانە بێ باب و نێڤی
گەلەك دایێك ل ژینێ بوون بێ هێڤی
خوونا كوردا چ كشیاوەكی لێڤی
لەشێ نازك كەتە دەڤ گورگ و رێڤی

* * *

بزۆر وگەنگەش و لێپ و درۆڤان
دقەلینن ژ كوردا رەه و تۆڤان
كانێ ئەو تاگرێ مافێ مرۆڤان
چرا ناگرە پێشاییكا ڤا هۆڤان

* * *

مەگەر كۆرن كەرن یان گەوج و گێلن؟
شێڤرێ كو خودانێ ناڤێن درێژن؟
نابێژن بۆ خوونا كوردا درێژن؟
چما وان قەت ل حەلەبچێ نابێژن؟

* * *

گەلێ جهان دبێژی كەڕ و كۆرن
ل سەر دەنگێ هاوارانێدا دبهۆرن
قە نابێژن چما كوشتی وا زۆرن
چرا كوردی ل خوونێ داوا سۆرن

* * *

نەکر گەل شەرمەنی رەش ئالی ئۆسما ن
ئەوا سەدام دکەت دژی مە کوردا ن
سپی کردروویێ تۆپال و چەنگز خا ن
دیرۆك ڤەرگەڕیبا دوپات بوو دیسا ن

* * *

مرن بۆ زالمێن روویێ جهانێ
چ جار بیر ناچە کولا کوردستانێ
نابەزە گەل چ جار ب ڤێ پیلانێ
دخازیت هەرژبۆ کەدخۆر نەمانێ

سروەی ٢٥ - لاپەڕەی ٢٢ - ٢٣

# فەرهەنگۆك

**ئالا ئامێز:** وەك ئالا، بەرزوبڵێند و شۆخ.

**ئاقار:** ئاست

**بۆتکە:** رەگ وریشە. بن

**بارێژە:** دارێکە کە با بەری وەراندبێ.

**بەرزین:** خوارەوەی زین.

**بوودەڵە:** نابوودە، مردەلۆخە، ئەو کەسەی هیچ کارێکی لە دەست نایە.

**بووغە:** خۆرت، مالاتی بە کەیف و غللوور

**بەستارە:** شیوی بە چەوت وبەردەلان

**بۆرکان:** گڕکان. ئاتەش فشان.

**پوخ گڕکردن:** زەردکەدار، گوێ مشکە، چلۆی رەش، چوارقۆناخی گەشە کردنی گەڵای دێمەداران.

**پۆشماغ:** قۆز، شۆخ.

**پەترۆ:** توێژی تەنکی سەربرین. قەتماغە.

**پەمە:** پەمۆ، لۆکە، کەتان

**پێ پلیکە:** پلیکان، پلە.

**تەراش:** دەوەن

**جەربەزە:** شۆخ، بزێو

**چرووسکانەوە:** تریووسکانەوە، بریقە دان.

**چەکەرە:** چووقەرە، چەقەرە، چرۆ.

**چەقاوە سوو:** چەقە سرۆ، رووداماو.

**چەووچە توون:** بێ حەیا

**خورسك:** تەبیعی، سروشتی

**دەمامك:** ماسك

**دێمە دار:** ئەو دارانەی لە رەژەن(افو - سیل) ی بەروون، داربەروو، دارمازوو.

**دۆش دامان:** کزومات بوون.

**دەرامیسان:** دەراموو سان، یەکتریان ماچ کرد.

**رقە سوو:** رقە ستوور

**وەرزەرە:** زراو، زنچکاو.

**زەرنە قووتە:** مەلۆتکەی ساوا، بێچوی تووك لێ نەهاتووی باڵداران.

**سەربەدارۆ:** سەربە دەوار، سەربە هەش

**سۆرەپەك:** ئەوگە لایەیە کە هەربە پەلی

دارێکەوە وشک دەبێ وناوەڕێ.

**سەوڵ:** پاروو، بێڵێکە لۆتکەی پێ لێ دەخوڕن.

**شەوداو:** بەوداو دانانەوەیە دەکوترێ کە ڕاوکەر ئێوارێ دای دەنێتەوە و بنەکەو ئامادە دەکا وبەرەبەیانی ڕۆژی دوایی دەچێ کەوەکانی ڕاولە ناو بنەدا دادەنێ.

**شینکە:** سەوزە

**قۆشمە:** هەلە، قوت، سڵ

**قەیرە:** کەوی سێ ساڵی و بەرەو ژوور. تەمەنی کەوچوار قۆناخی هەیە: بارەکەو، باڕ، شاباڕ، قەیرە. کەوی ڕاو بەوشەی ڕاو ساڵەکانی تەمەنی دەژمێردرێن وەک:

یەک ڕاوی، دووڕاوی و......

**قەرەبرووت:** سەلکە بزووت، سووتاو.

**کولۆرە:** بۆشایی وکلۆری دار.

**کەوی:** پەڵە بەفری گەورە و دوورودرێژکە لە بەهار وهاوینانــدا دەمێنێتەوە.

**کۆرژن:** حیلە وچەپۆک هاویشتنی ئەسپ - هەراو هوریا.

**گولک:** برین، زام

**گازاندن:** نالاندن، گازندە کردن.

**لابۆر:** لابراتوار

**ملەزنجیر:** جۆرە ملوانکەیەکە

**نوغرۆبوون:** نوقم بوون لە زیان و زەرەردا.

**وەیشوومە:** سەرما وسۆڵ.

**وروووژاندن:** هاروووژاندن، وەخۆخستن.

**وار:** هەوار

**وەشت:** باران

**هەرەس:** ڕنوو

**هەڵپە:** هەڕەمە

**هُنا عِراق نَحنُ عَرَب:** ئێرە عێراقە وئێمە عەرەبین.

**هەمبانی بابا:** مەبەست لە هەمبانەکەی بابای عەییاری چیرۆکە ئەفسانەییە - کانە کە دەڵێن هەمبانێکی سێحری بووە هەرچی شتی تێ ئاخنیوە پڕ نەبووە.

HALABJA

MARCH 16. 1988